WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26 ی ڕێبەندانی 2714 (750) دینار

## عەتا سەراوی: وەکو داعشێک مامەڵە لەگەڵ مەلا کرێکار دەکەین



**ڕووداو - سلێمانی**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، کە برایەکی لە ڕووداوی خێڵی حەمە بە دەستی چەکدارانی ئەنسارولئیسلام شەهید کراوە، هۆشداری دەداتە ئەو حیزب و لایەنانەی کە دەڵێن پێشوازی لە گەڕانەوەی مەلا کرێکار دەکەن بۆ کوردستان.

عەتا سەراوی، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی لەبارەی گەڕانەوەی مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام بۆ کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ حزبێک جورئەتی ئەوە نەکات پێشوازی لێبکات، چونکە ئێمە دواتر وەک داعش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین، هەر کەسێک پیاوکوژێک بێنێتە ئەو وڵاتە، لێی بێدەنگ نابین، نەوەک یەکێتی و نەوەک کەسوکاری شەهیدان خێڵی حەمە".

دوای تەواوکردنی حوکمەکەی (2 ساڵ و 10 مانگ) لە زیندانی کۆنگسڤینەر لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، ڕۆژی 2014/1/25 مەلا کرێکار ئازاد کرا. بڕیاریشە لەم ڕۆژانە ڕاگەیەنراوێک بڵاوبکاتەوە کە ئایا لە نەرویج دەمێنێتەوە یان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

« 2

### بەزەبری چەک پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لەهەولێر رادەگرن

2

### مانگی داهاتوو ناوی بندیوارەکان رادەگەیەنرێ

4

### نیوەی دانیشتووانی گوندێکی کوردستان قاچی ڕاستیان نەماوە

10

بارزانی بۆ پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا:

# ڕێگە نەدەن حەشدی شەعبی لە کەرکووک و مووسڵ دروستبکرێ

« 3






ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26



## کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوارەکان دەبەسترێت

**ڕووداو- سلێمانی**

مەریوان نەقشبەندی لەبەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ڕۆژی 8ی شوبات لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵای شاری هەولێر کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بە بەشداری نزیکەی 500 کەسایەتی لەسەرتاسەری عێراق و وڵاتانی ئەورووپا دەبەسترێ، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ڕووداوانەی ساڵی ڕابردوو بەسەر مەسیحی و ئێزیدییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتوون. دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدی ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون و ژمارەکیشیان لەلایەن داعشەوە ڕفێندران و دواتر هەندێکیان گوللەباران کران.

# داوای دروستکردنی گۆڕستانێکی تایبەت بە داعش دەکرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پێشنیازی دروستکردنی گۆڕستانی تایبەت لە شارەکانی کوردستان بۆ کوژراوەکانی داعش مشتومڕی لێکەوتەوە، لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان و یەکێتی زانایان پشتگیری دەکەن، بەڵام فەرماندەیەکی سەربازی لە دژی دەوەستێتەوە.

ئەم پێشنیازە لەلایەن مەریوان نەقشبەندی لە بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پێشکەشی ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف کراوە کە مەبەست لێی پاراستنی لایەنی مێژوویی شەڕی ئێستای چەکدارانی داعشە لە دژی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە.

نەقشبەندی گوتی "ئێستا لەلایەن پێشمەرگەکانەوە تەرمی ئەو چەکدارانە لە ناوچە جیاوازەکان دەنێژرێن، بەڵام ئەگەر ئەو پێشنیازە جێبەجێ بکرێت ئەوا لە هەر شارێکی کوردستان شوێنێکی تایبەت دادەنرێت بۆ ناشتنی تەرمەکانی داعش و تێیدا ناوی کوژراوەکە و وڵاتەکەی لەسەر گۆڕەکەی دەنووسرێت، بێگومان ئەوەش لە ساڵانی داهاتوودا وەکو ڕووداوێکی مێژوویی دەمێنێتەوە".

تەرمی چەکدارانی داعش دوای کوژرانیان، بەشێکیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەخاک دەسپێردرێن و بەشێکی دیکەشیان دەکەونە سنووری نێوان داعش و هێزی پێشمەرگە کە لەو ناوچەیەشدا شوێنی تەرمەکان بزر دەبن، بەڵام بەشێکی دیکەشیان زۆرجار لەلایەن پێشمەرگەوە ڕادەستی عەشائیرە عەرەبەکان کراونەتەوە و دراونەتەوە دەستی داعش.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی پشتگیری ئەو پێشنیازە دەکات، بەڵام لەوەش گرنگتر پێیانباشە کە بەڵگەی ئەو تەرمانە بپارێزن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بزانرێت ئەو چەکدارانە شەڕیان بەکوردستان فرۆشتووە.

عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پشتگیری پێشنیازەکە دەکەن، بەڵام بەبۆچوونی ئەوان لەوەش گرنگتر پاراستنی بەڵگەنامەی تەرمی چەکدارەکانە کە خەڵکی چ وڵاتێکن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بۆ مێژوو بمێنێت کە ئەو چەکدارانە ویستوویانە هەرێمی کوردستان داگیر بکەن و پێشمەرگەش بەرگری کردووە.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بەپشبەستن بە یاسا نێودەوڵەیەتییەکان ئاماژە بەوە دەکات کە پێشنیازەکەیان پێ باشە، چونکە ئەو تەرمانە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە دەبێت بەشێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گوتی "ڕاستە داعش گەورەترین کاری نامرۆڤانەی بەرامبەر میللەتی کورد کردووە، بەڵام دەکرێت هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە مامەڵە لەگەڵا کوژراو و بریندارو دیلەکاندا بکات و کوژراوەکان بە ڕێوڕەسمێک بەخاک بسپێردرێن".

### شەرع ڕێگە نادات

هەرچەندە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە ئەو پێشنیازە قبوڵکراوە، بەڵام لەڕووی شەرعییەوە باس لەوە دەکرێت کە دەبێت هەر تەرمێک لە شوێنی کوژرانی بەخاک بسپێردرێت.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## فەرماندەیەکی سەربازی: دژی ئەو پێشنیازەم

د.محەمەد بامۆکی، بەرپرسی مەکتەبی زانایانی ئاینی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت لەڕووی شەرعەوە پێویستە هەر کەسێک کۆچی دوایی کرد یاخود کەسێک کوژرا، لەهەر شوێنێک بێت ئەوا لە نزیکترین گۆڕستان بنێژرێت و گوتی "ئەو شوێنانەی کە چەکدارانی داعشیش لێی دەکوژرێن لە سنووری کوردستانە و چ جیاوازییەک هەیە بهێنرێنەوە شارەکان".

### وەستا ڕەسوڵ: دژی ئەو پێشنیازەم

فەرماندە سەربازییەکانی میحوەرەکانی شەڕ بەو پێیەی لەهەموو کەس زیاتر ئازاریان بەدەست ئەو چەکدارانەوە چەشتووە، دژی ئەو پێشنیازەن و دژی ناشتنی تەرمی ئەو چەکدارانەن لەکوردستان.

وەستا ڕەسوڵا، بەرپرسی میحوەری باشووری کەرکووک دژایەتی خۆی بۆ پێشنیازەکە نیشانداو گوتی "ئەوانە دەیانەوێت کوردستان داگیر بکەن، بۆیە دوای کوژرانیشیان مافیان نییە لێرە بنێژرێن، پێویستە بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو گوند و شوێنانەی لێوەی هاتوون، یاخود هەر لەو شوێنەی کوژران بەخاک بسپێردرێن".

# بەزەبری چەک پرۆژەیەکی وەبەرهێنان ڕادەگرن



**عومەر شایان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی کۆمپانیایەک کە مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەی عەلوەی نوێی هەولێریان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، دەڵێن ماوەی ساڵێکە لەلایەن کۆمپانیایەکی دیکەوە پرۆژەکەیان بە زەبری چەک ڕاگیراوە.

پرۆژەی عەلوەی نوێی هاوچەرخ لە هەولێر کە دەکەوێتە سەر ڕێگای گوێڕ، لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە دراوەتە کۆمپانیایەک بەناوی ڕێدار، بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایەش دەڵێن "لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی و ناوخۆیی گرێبەستیان کردووە و یەکێک لەو کۆمپانیا ناوخۆییانە کۆمپانیای (ر)ە، کە خاوەنەکەی (م.ت) چوار گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای بریکار واژۆ کردووە و تاوەکو ئێستا ناوەڕۆکی هیچ گرێبەستێکی بە تەواوی جێبەجێ نەکردووە و ئێستاش بە زەبری کۆمەڵێک چەکدار زیاتر لە یەک ساڵە پرۆژەکەی ڕاگرتووە و ناهێڵێت تەواوی بکەین".

لە ڕاپۆرتێکی ئەو کۆمپانیایەدا کە وێنەیەکی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتووە، ئاماژە بە سەرهەڵدانی کێشەی ئەو پرۆژەیە دەکات. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014 هۆبەی ژمێریاری بریکاردارم لە پرۆژەی عەلوەی هاوچەرخ، ڕاپۆرتێکی بەرزکردەوە کەوا کۆمپانیای (ر) زیاتر لە موستەحەقاتی خۆی سلفەی وەرگرتووە و ئامادەی ئەنجامدانی ژمێریاری نییە". هەروەها دەڵێت "لەکاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک، (م.ت) سووکایەتی بە گشت ستافی کۆمپانیای ڕێدار کرد و کوڕەکەیشی بە ناوی (ب) دەمانچەی هەڵکێشا و هەڕەشەی کوشتنی لە ماهیر محەممەد سدیق بەڕێوەبەری گشتی ئیداری و دارایی کۆمپانیای ڕێدار کرد".

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، کۆمپانیای (ر) لە 2014/2/4 هۆشداری داوەتە کۆمپانیای ڕێدار و گوتوویەتی "تا ئەو کاتەی موستەحەقاتەکان خەرج دەکرێت کۆمپانیای (ر) دەست بەکارناکاتەوە و هۆشداریتان دەدەینێ لە دەستلێدان و چوونە سەر کارەکانی کە جێبەجێکراوە لەلایەن کۆمپانیاکەمان یان هەر ئیشێکی لەسەر بکرێت بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی کارکردن".

کۆمپانیای ڕێدار دواتر لە دادگای لێکۆڵینەوەی عەنکاوە سکاڵا لەسەر (م.ت)، (ف.ح)، (ح.ح)، (ئو.م)، (ک.م)، (ئو.ن) تۆمار دەکات و دواتر کۆمپانیای (ر) لەدادگای بەرایی هەولێر سکاڵا لەسەر کۆمپانیای (ڕێدار) تۆمار دەکات و بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای ڕێدار "بە هەڕەشەی هێزی چەکدار ئیش و کارەکانی لە ناو پرۆژەی عەلوە ڕاگرت".

کۆمپانیای ریدار لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بە دوو داوای کۆمپانیای (ر) لە دوو کاتی جیاواز دەکات کە لە سەریان تۆماری کردووە و لە هەرکامەیان داوای بڕێکی جیاوازی پارەیان کردووە، بۆ نموونە لە 2014/4/17 داوای 12 ملیۆن و 650 هەزار دۆلاریان کردووە وەک موستەحەقاتی خۆیان و لە 2014/7/20 داوای 7 ملیۆن و615 هەزار دۆلاریان وەک موستەحەقاتی خۆیان لە پرۆژەی عەلوە کردووە.

کۆمپانیاکە دەڵێت لە 2014/10/7 بڕی 2 ملیۆن دۆلاریان داوەتە کۆمپانیای (ر) وەک پێشینە بۆ کارکردن، بەڵام یەک دۆلاریشیان بۆ ئەوکارانەی گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە خەرج نەکردووە.

ئەوان لەو ڕاپۆرتەی کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێریان کردووە، دەڵێن "ئەو ڕەفتارەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ر) جگە لە ئاژاوەنانەوە لەناو پرۆژەی عەلوەی هاوچەرخ و پەکخستنی ئیش و کارەکان و هەڕەشە و تۆمارکردنی سکاڵای نایاسایی و ناشەرعی، زەرەر و زیانی زۆری بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندووە".

مستەفا سەید عەلی، پارێزەری کۆمپانیای ڕێدار بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "کۆمپانیای (ر) بە کۆمەڵێک چەکدارەوە کە خۆیان بە کۆمپانیای ئەمنی ناساندووە و گوتوویانە کە چەکداری (ح.ئە)ین، پرۆژەکەیان ڕاگرتووین، دوای ئەوەی سکاڵامان لە پۆلیسی تووڕەق تۆمار کرد ئەوان لە جیاتی ئەوەی بێن و لێکۆڵینەوە لەوە بکەن کە ئەم چەکدارانە کێن ڕێگری دەکەن لە کارکردن لەو پرۆژە گەورەیەدا، بەڵام ئەوان دەڵێن دەبێت بە یەکەوە ڕێکبکەون، نازانم ئەمان پۆلیسن یان ناوەندی کۆمەڵایەتی".

ناوبراو گوتیشی "لە مانگی 8ی ساڵی ڕابردوو داوامان لە دەستەی وەبەرهێنان کردووە لە هەولێر پشتگیرییەکمان بۆ بنێرن بۆ پارێزگای هەولێر کە ئەم پرۆژەیە سەر بە ئێمەیە و ئێمە خاوەنی ئەو پرۆژەیەین و ئێستا کۆمەڵێک چەکدار ڕێگری لە کارەکان دەکەن و داواکارین ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئێستا ئێمە داواکارین یان پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکەین کە زۆری نەماوە، یانیش ئەوەی کە ڕایبگەیەنین کۆمەڵێک چەکدار دەستیان بەسەر پرۆژەکەدا گرتووە و ناتوانین تەواوی بکەین".

مەلا کرێکار لەسەر پرۆژەی نوێی ڕاگەیەنراوێک بڵاودەکاتەوە

# عەتا سەراوی: وەکو داعشێک مامەڵە لەگەڵ مەلا کرێکار دەکەین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2014/1/25 پیاوێک بە جلوبەرگی کوردییەوە لە زیندانی کۆنگسڤینەر لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج هاتە دەرەوە و سوجدەی برد و بەپێکەنینەوە قسەی بۆ هەندێک لەو میدیاکارە نەرویجییانە کرد کە ماوەی 5 ساڵ بوو بایکۆتی کردبوون. پیاوە ئازاد کراوەکە دەیویست سادە ڕەفتار بکات و میدیاکارەکان زۆر بایەخیان پێدەدا. دواتر پێیگوتن "لەمەودوا بەردەوام دەبم لەگەڵتان". ئەو پیاوە نەجمەدین فەرەج بوو، کە لە کوردستان پێیدەگوترێ مەلا کرێکار.

ڕۆژی 27ی ئاداری 2013 دادگای ئۆسلۆ سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند، پاشتر دادگای تێهەڵچوونەوەی نەرویجی سزاکەی بۆ 2 ساڵ و 10 مانگ کەمکردەوە. بەڵام ئەوە 38 هەمین جاری دادگاییکردنی بوو لەسەر هەڵوێست و بیروڕاکانی کە هەمیشە توند و ڕاشکاوانە بۆچوونە ئاینییەکانی دەردەبڕێ. هێشتا مەلا کرێکار نەگەیشتبووە نێو ماڵەکەی خۆی، لە کوردستانەوە هەندێک بە خۆشی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و هەندێکیش بە دژ وەستانەوە و هەڕەشەی ڕێکاری یاسایی، هاتنە دەنگ.

ئایا نەجمەدین فەرەج دەگەڕێتەوە کوردستان؟ هەرچەندە هەر لە ئێستاوە کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی دەرگای بارەگاکانیان بۆ خستووەتە سەرپشت و فەرشی سووری بۆ ڕادەخەن، بەڵام ئایا کەسوکاری قوربانیانی خێڵی حەمە و پارتی و یەکێتی چی دەڵێن؟

ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "مشتومڕی یاسایی هەیە لەسەر گەڕانەوەی".

قادر وەتمان، هێما بۆ ئەو تۆمەتانە دەکات کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی کوردستانی جێهێشتووە، دراونەتە پاڵی "دەبێ لە کوردستان دادگایی بکرێت، دەبێ دادگا لە کوردستان ساخی بکاتەوە ئەو پیاوە تاوانبارە یان نا".

بەبڕوای ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان، نەجمەدین فەرەج یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەنسارولئیسلام و گرووپەکەشی تۆمەتبار کراوە بە زۆر تاوانی جیا جیا "پۆلێک پێشمەرگەیان شەهید کردووە و سووکایەتی زۆریان بە تەرمەکانیان کردووە، سکاڵای لەسەر تۆماردەکرێ لەلایەن خاوەنی قوربانییەکانەوە و دادگایی دەکرێ".

قادر وەتمان، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان هەروەها دەڵێ "بەپێی یاسای دژە تیرۆر دیسان دەتوانرێ مەلا کرێکار دەستگیربکرێت و دادگایی بکرێتەوە"، چونکە بەپێی ئەو یاسایە "هاندان و جوڵاندنی خەڵک بۆ ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، دەچێتە خانەی تیرۆرەوە".

ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانی کوردستان لە هەمان لیژنە دەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ دۆسیەی بۆ بکاتەوە و بەڵگەشی هەیە کە "خەڵکی هانداوە بۆ توندوتیژی و بڕوای بە تیرۆرکردن هەیە". ئەبو کاروان هەروەها دەڵێ لەلایەکی دیکەوە "ئەنسارولئیسلام بەشێکە لە قاعیدە و قاعیدەش ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە".

مەلا کرێکار، کە زیاتر نازناوە شیعرییەکەیەتی، ساڵی 1956 لە سلێمانی لەدایکبووە و 4 منداڵی هەیە و ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلامە کە لەساڵی 2002ەوە کوردستانی جێهێشتووە.

(ڕووداو) لە نەرویج پەیوەندی بە چەند کەسێکی نزیک لە مەلا کرێکارەوە کرد، بەڵام یەکێک لە نزیکەکانی دەڵێ هێشتا ئەو بڕیاری نەداوە قسە لەبارەی پرۆژەی نوێی، شێوازی کارکردنی بۆ داهاتوو بکات "لەم ڕۆژانەدا مامۆستا کرێکار ڕاگەیەندراوێک بڵاودەکاتەوە و بۆ هەموو لایەکی ڕادەگەیێنێ کە ئاخۆ چیدەکات و بەرنامەی چییە، بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە یان هەر لە نەرویج دەمێنێتەوە".

ئەو کەسە نزیکەی مەلا کرێکار هەروەها دەڵێ "بێگومان ئەو قۆناغێکی نوێی کارکردنی دەستپێدەکات، لەم کاتەدا هیچ شتێک ئاشکرا ناکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە خۆی ڕایدەگەیێنێ کە دەیەوێ چی بکات".

پێشتر سکرتێری وەزارەتی دادی نەرویجی یوڕان کالیمیر، لەبارەی گەڕاندنەوەی مەلا کرێکارەوە بۆ کوردستان یان عێراق، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوتبوو "ئێمە سەرقاڵین بەم کارەوە، بەڵام ئێستا حەزناکەم لەوبارەیەوە قسە بکەم".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی و برای یەکێک لەو فەرماندانەی یەکێتی کە لە گوندی خێڵی حەمە لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بوونەتە قوربانی، دەڵێ "کاتی خۆی سکاڵامان لە دژی تۆمارکردووە و ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوەیە، چونکە ئەوان هەمان ئەو گرووپەن کە فرانسۆ هەریریشیان شەهید کردووە، دواتر پێشمەرگەکانی خێڵی حەمەیان شەهید کرد". عەتا سەراوی، هەروەها دەڵێ "هیچ حیزبێک جورئەتی ئەوە نەکات پێشوازی لێبکات، چونکە ئێمە دواتر وەک داعش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین، هەر کەسێک پیاوکوژێک بێنێتە ئەو وڵاتە، لێی بێدەنگ نابین، نە وەک یەکێتی و نە وەک کەسوکاری شەهیدانی خێڵی حەمە".

عەتا سەراوی پێیوایە کە نابێت ڕێگە بە گەڕانەوەی مەلا کرێکار بدرێت و دەڵێ "خێزانی هەموو شەهیدانی خێڵی حەمە و هەموو قوربانیانی تر ئامادەن بۆ ئەوەی سکاڵای لەسەر تۆماربکەنەوە".



(فۆتۆ: AFP)

## نوجەیفی داوای لێکۆڵینەوە لەگەڵPKK دا دەکات



**رووداو – بەغدا**

نووسینگەی ئوسامە نوجەیفی، جێگری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئەمنی، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "زانیاریمان پێگەیشتووە کە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان هێرشێکی فراوانیان کردووەتە سەر ناوچەی نێوان شنگال و رەبیعە و گوندەکانی ئوم خوبارە و ئەم سەبایا و گوندێکی دیکە کە عەشیرەتی جوحێشی تێدا نیشتەجێن، بە مەبەست پێنج هاوڵاتی عەرەب کوژراون و بەدەیانی دیکە بریندار کراون". ئوسامە نوجەیفی، داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لێکۆڵینەوەیەکی بە پەلە بکات لەو رووداوە ئەنجامدەرانی دەستگیر بکات.

**بارزانی بۆ پەرلەمانتارانی کورد:**

# رێگە نەدەن حەشدی شەعبی لە کەرکووک و مووسڵ دروستبکرێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

حەیدەر عەبادی، داوای لە وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە کە ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێ چەندە بە بەڵگەی بۆی ئاشکرا بکات. سەرۆکی لێژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراقیش دەڵێ "سەردانی هەولێر دەکەین و دەبێ ئیدی چاودێری کارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین".

ئێستا پرۆژەی بودجەی گشتی 2015ی عێراق لە پەرلەمانە، بەڵام لەبەر ناکۆکیی سیاسی و دابەزینی نرخی نەوت، بودجەکە پێناچێ وا بەئاسانی تێپەڕێ.

ئاڵا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد کە "دەوڵەتی قانون دەیانەوێ کێشەیەکی گەورە لەبەردەم بودجە دروست بکەن، داوا دەکەن هەرچی نەوتی عێراقە بە نەوتی کوردستانیشەوە لەڕێگەی کۆمپانیای SOMO بفرۆشرێ".

تاڵەبانی ئەم داوایەی دەوڵەتی قانون بە "تەگەرە" لەبەردەم تێپەڕاندنی بودجە دەزانێ و دەڵێت "هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق رێککەوتوون کە کوردستان تەنیا 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی لەگەڵ 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەناردە بکات و لە بەندەری جیهان رادەستی خەزانەکانی عێراقی بکات. بەڵام دەوڵەتی قانون دەیەوێ کێشە بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە دروست بکات و ئێمەش وەکو کورد ئەو پێشنیازە رەتدەکەینەوە".

رۆژی 2014/12/2 حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبەغدا رێککەوتنێکیان ئیمزاکرد. رێککەوتنەکە کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان هەبوو لە بودجەی گشتیی عێراق. بەگوێرەی رێککەوتنەکە هەرێمی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی رادەستی عێراق دەکات، بەرامبەر ئەوە، بەغدا 17%ی پشکی کورد لە بودجەی عێراق و زیاتر لە ملیارێک دۆلاریش بۆ پێشمەرگە خەرج بکات.

بەڵام بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستان ئێستا رۆژانە 410 هەزار بەرمیل هەناردە دەکات. سەرۆک وەزیرانی عێراقیش لەسەر هەناردەکردنی نەوتی زیادەی کوردستان بەدەنگ هاتووە.

ئاڵا تاڵەبانی لەوبارەوە گوتی "عەبادی داوای لە وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە کە هەرێمی کوردستان رۆژانە چەندە نەوت دەفرۆشێ بە راپۆرت بۆی ئامادە بکەن و راپۆرتەکەش گەیشتووەتە دەستی".

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی کە ماوەی سێ خولە لە بەغدا سیاسەت دەکات، زانیاری زیاتر لەبارەی چۆنیەتی رادەستکردنی نەوتی کوردستان بۆ بەغدا دەخاتەڕوو "هەرێمی کوردستان لە بەندەری جیهانی تورکی خەزانی خۆی هەیە و نەوتەکەی تێکەڵ نابێ لەگەڵ خەزانی عێراق، هەرێمی کوردستان تەنیا 250 هەزار بەرمیل لە نەوتی خۆی رادەستی خەزانەکانی عێراق دەکات لەو بەندەرە".

عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق سەرباری بوونی رێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا، نایشارێتەوە کە کێشە هەیە لەسەر مەسەلەی نەوت "کێشە زۆرە قسەی لەسەر بکەم، بەڵام لەهەمانکاتدا شتی باشیش هەن".

عەبدولمەهدی کە کورد بە دۆستێکی نزیکی خۆی دەزانێ، دەڵێ لەگەڵ کورد مەسەلەی فرۆشتنی نەوتیان بڕاندووەتەوە کە هەرێمی کوردستان نەوتەکە چۆن دەفرۆشێ و لەسەر بودجەی گشتی عێراقیش رێککەوتنمان هەیە.

لێژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق بەنیازە چاودێری وردی کارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بکات. ئارێز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لێژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد "شەممەی داهاتوو سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەین و لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی چاودێری کارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکەین، هەروەها هەماهەنگیمان لە نێواندا هەبێت".

ئارێزعەبدوڵلاگەشبین نییە بە پەسەندکردنی بودجەی عێراق و دەڵێت "نرخی نەوت دابەزیوە، حکومەتی عێراقیش بودجەی 2015ی لەسەر 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک داناوە، کەچی ئێستا نەوت بە 44 دۆلارە، بۆیە پێدەچی پێداچوونەوە بکرێ".

بەڵام عادل عەبدولمەهدی پێیوایە نرخی نەوت هەر وا بە هەرزانی نامێنێتەوە "پلان وایە عێراق بە نەوتی کوردستانەوە لە رۆژێکدا سێ ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل هەناردە بکات، ئاماژەکانیش پێمان دەڵێن کە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرزدەبێتەوە".

حکومەتی عێراق پێشنیازی کردووە لە بودجەی 2015ی عێراقدا سێ ملیار دۆلار بۆ حەشدی شەعبی ببڕێتەوە، ئەم هێزە کە لە 42 کەتیبە پێکدێ، بەشێکی زۆریان راستەوخۆ لەلایەن قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی سەرپەرشتی دەکرێن.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق گوتی کە حکومەتی بەغدا داوای کردووە جگە لە خەرجکردنی سێ ملیار دۆلاری ئەمریکی، پارەی ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی سەربازیش بۆ ئەو هێزانە خەرج بکرێ، ئەمەش پارەیەکی ئێجگار زۆر دەبات، چونکە ژمارەیان 150 هەزار چەکدار دەبێ". ئاڵا تاڵەبانی دەڵێ "حکومەتی عێراق گوتی لەو 150 هەزار چەکدارە دەبێ 17% یان کورد بن و لە کەرکووک و مووسڵ جێگیر بکرێن".

بەڵام ئەم پێشنیارەی بەغدا بەتوندی لەلایەن کوردەوە رەتکرایەوە. تاڵەبانی دەڵێ "سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بۆ ئێمە ناردووە کە بەهیچ شێوەیەک قبووڵ نەکەن و رێگە نەدەن هێزی حەشدی شەعبی لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی وەکو کەرکووک و مووسڵ دروست بکرێ و لەنێو بودجەشدا جێگەی بۆ نەکرێتەوە". بۆیە وەک ئاڵا تاڵەبانی دەڵێ "بڕیارە سەرەتای هەفتەی داهاتوو نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەگەڵ کاک مەسعود کۆببینەوە".



**لە سەردانی جێگرانی تاڵەبانیدا بۆ لای بارزانی باسی چی کرا؟**

# "کاک کۆسرەت بە بارزانی گوت چیدی پشتگیری هێرۆخان نەکات"

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

"سەردانی هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ لای بارزانی لەچەند رۆژی رابردوودا لە بەرەکانی شەڕ، رەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستەکانی پارتی و بارزانیدا بهێنێ لە مەسەلەی پشتیوانییان لە باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد"، ئەمە قسەی بەرپرسێکی باڵای یەکێتییە کە ئاگاداری نێوەرۆکی کۆبوونەوەی بارزانی و هەردوو بەرپرسەکەی یەکێتی بووە.

لەنێو یەکێتی نیشتمانیدا هێشتا ئەو ململانێیە یەکلایی نەبووەتەوە کە پاش نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی کێ خاوەن و بڕیاردەرە. جەمسەرەکانی ئەو ململانێیە پەنا بۆ هاوپەیمانە کۆنەکەیان دەبەن، پارتی و بارزانی کە تاوەکو ئێستا زۆر مەسەلەی لە بەرژەوەندیی باڵی هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد یەکلایی کردووەتەوە.

رۆژی 2015/1/23 هەر یەک لە کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە لە ناوچەی زوممار لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. هەواڵی کۆبوونەوەکە لە ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوبووەوە کە بارزانی پێشوازی لە "شاندێکی باڵای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" کردووە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ سەردانی ئەو شاندە لەم کات و ساتەی کە یەکێتی بە کێشەی قووڵدا تێدەپەڕێ "دڵنیاین بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بارزانییە. چونکە باڵەکەی کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح لەگەڵ باڵی هێرۆخان گەیشتوونەتە بنبەست لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکێتی".



یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی نێوان شاندەکەی یەکێتی لەگەڵ بارزانی بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک کۆسرەت هەموو راستییەکانی نێو یەکێتی وەکو خۆی خستە بەردەم بارزانی بۆ ئەوەی بزانێ کێشەکان چۆنن". هەروەها گوتی "کاک کۆسرەت داوای لە کاک مەسعود کرد بێلایەن بێ و پاڵپشتی باڵی هێرۆخان نەکات". گوتیشی "کاک مەسعود بەڵێنی دا هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی بێت و بێلایەن بێت. بەڵام نەیشاردەوە کە لەدۆخی نێوخۆی یەکێتی نیگەرانە".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی پێیوایە پارتی و بارزانی "تەرەفگیرنەبوون لە کێشەکانی یەکێتی، بەڵکو پارتی هەوڵی داوە خۆی تێوەنەگلێنێ لە کێشەکانی یەکێتی".

یەکلاکردنەوەی هەڵوێستی پارتی و سەرخستنی باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەسەر باڵەکەی دیکەدا لە کاتی هەڵبژاردنی کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەڕوونی دەرکەوت، کاتێک زۆربەی پەرلەمانتارانی پارتی دەنگیان بە فوئاد مەعسوم دا بۆ کاندیدکردنی وەک سەرۆک کۆماری عێراق کە کاندیدی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە بەرامبەر بەرهەم ساڵح.

هەروەها کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ ئەوەبوون قادر حەمە جان ببێتە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام باڵی هێرۆخان لەگەڵ ئەوەبوون قوباد تاڵەبانی ئەو پۆستە وەربگرێ و پارتیش لایەنگری باڵی هێرۆخانی کرد.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "باڵەکەی هێرۆخان کە پارتی و کاک نێچیرڤان و خودی کاک مەسعود پاڵپشتییان دەکرد، ئەم باڵە لەو ماوەیەدا لە حکومەت و پەرلەمان زۆر ئەزیەتی پارتییان داوە". ئەو سەرکردەیەی یەکێتی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە و نزیکە لە کۆسرەت رەسوڵ، دەڵێ "پارتی بەڕوون و ئاشکرا گوتی هەڵەمانکرد پاڵپشتی باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدمان کردووە و ئەوە دووبارە ناکەینەوە".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی

**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**

**پارتی هەوڵی داوە تەدەخولی کێشەکانی یەکێتی نەکات**

دیموکراتی کوردستان رەتیدەکاتەوە کە حیزبەکەی تەرەفگیری بکات لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی یەکێتیدا. دڵشاد شەهاب دەڵێ "پەیوەندی پارتی لەگەڵ یەکێتی لەسەر بنەمای دابەشبوون و باڵ باڵێنی نێو یەکێتی نەبووە، بەڵکو لەگەڵ داوودەزگا فەرمییەکانی ئەو حیزبە بووە".

دڵشاد شەهاب بەدووری دەبینێ پارتی تاوەکو ماوەیەکی دیکەش لەنێو یەکێتیدا باڵێک بەسەر باڵێکی دیکەدا سەربخات و گوتی "پارتی تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی نهێنی و ئاشکرای لەپێناو قووڵکردنەوەی کێشەکانی نێو یەکێتی یان لایەنگیریکردنی تەرەفێک لەسەر تەرەفی دیکە نەناوە و ناشینێ و مەبەستیشی نەبووە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی نیگەرانی حیزبەکەی لە نەبوونی ناوەندی بڕیار لەنێو یەکێتیدا ناشارێتەوە "بۆ مامەڵەکردن لەسەر هەندێ لەو کێشانەی لە هەرێمی کوردستان دێنە پێش، زۆرجار بەڕاستی تووشی گرفت دەبین کە ناوەندی بڕیار لەنێو یەکێتیدا لە کوێیە".

بەڵام ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نزیکە لە کۆسرەت رەسوڵ، باسی پێشمەرگە دەکات لەنێو یەکێتیدا و دەڵێ "سەرەتا ئێران کە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەسەرخستنی باڵی هێرۆخاندا، ئێستا ئێرانیش تێگەیشتووە کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی هەمووی لەژێر فەرمانی هێرۆخاندا نییە وەک ئەوەی ئیدیعای دەکرد". گوتیشی "شەڕی جەلەولا هەموو شتێکی حەسمکرد کە هێزی پێشمەرگە زیاتر لەژێر کاریگەری کاک کۆسرەتدا بوون، ئەمە بە روونی بۆ ئێرانیش دیاربوو، بۆیە ئێستا ئێرانیش گوشاری زۆر لەسەر باڵی هێرۆخان دروست دەکات بۆ ئەوەی سازش بکات و دەسەڵاتی یەکێتی دابەشبکرێ".

ئەندامەکەی کۆبوونەوەی نێوان شاندی یەکێتی و بارزانیش دەڵێ "کاک کۆسرەت بە بارزانی گوت بۆ یەکخستنی پێشمەرگە لە هێزی 80ەوە دەستپێبکە (کە هێزی پارتییە و تاوەکو ئێستا نەبووەتە هێزی وەزارەتی پێشمەرگە) ببن بە پێشمەرگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئەوکات هیچ کەس و لایەنێک لەنێو یەکێتی کارت و بیانوویان بەدەستەوە نەبێ".

بەڵام فرید ئەسەسەرد وای نابینێ لەم کاتەدا بتوانرێ هێزی پێشمەرگە یەکبخرێ. ئەو گوتی "لە هەرێمی کوردستان تەنیا دوو حیزب هێزی چەکداریان هەیە. ئێستا کوردستان لەشەڕدایە و ئەستەمە یەکخستنی پێشمەرگە لە شەڕدا سەربگرێ".

ئەسەسەرد پارتی تۆمەتبار دەکات بەوەی کە نایەتە ژێر بار بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و گوتی "لەنێو یەکێتیدا پێیانوایە پارتی زۆر ئامادە نییە پێشمەرگە یەکبخاتەوە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

## پەرلەمان بۆ هەڵەبجە کۆدەبێتەوە



ڕووداو- سلێمانی

فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریانداوە ئەمڕۆ (دووشەممە) 2015/1/26 لەدانیشتنێکی نائاساییدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بکەن. سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ فریا دەکەون زوو پرۆژەکە پەسەند بکەن، ناوبراو گوتی "دەبێت پەلەی تێدا بکەین، بۆیە لەدانیشتنە نائاساییەکەی سبەینێدا ڕای پەرلەمانتاران وەردەگرین بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم و پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە ببرێتە قەزای هەڵەبجە".

### خانەنشینکراوان نیوەی فەرمانبەرانی حکومەتن

# مانگی داهاتوو ناوی بندیوارەکان ڕادەگەیەنرێ

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی کە دراوەتە لیژنەی دەستپاکی و دارایی پەرلەمانی کوردستان، 302 هەزار کەس لە باشووری کوردستان خانەنشینکراون و ژمارەیەکیشیان بە "خانەنشینی نایاسایی" دادەنرێن کە لە دەرەوەی ڕێنماییەکان خانەشینکراون. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ بەم نزیکانە وەزارەتی دارایی ئاماری دوو مووچە و سێ مووچە و بندیوارەکان ڕادەگەیێنێ و دەرفەتی خۆیەکلاکردنەوەیان پێدەدا.

سۆران عومەر، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ هەوڵێکیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی ژمارەی میلاکی ڕاستەقینەی وەزارەتەکان بەدەستبێنن "دواتر لە بودجەی 2015دا دەتوانین لەگەڵ ئەو ژمارانە بەراوردی بکەین کە لە بودجە و میلاکی وەزارەتەکاندایە، بۆمان دەردەکەوێ هەر وەزارەتێک چەند میلاکی ناڕاست یان مووچەخۆری بندیواری هەیە".

سۆران عومەر لە کاتێکدا هێما بۆ ئەو هەوڵەی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان دەکات کە وەزارەتی دارایی بۆخۆی سەرقاڵی داتابەیسی مووچەخۆر و فەرمانبەرانی حکومەتە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، پرۆسەکە تەواو ئاڵۆز و سەختە و دووریش نییە کاردانەوەی مووچەبڕکراوانی لێبکەوێتەوە.

### مانگی داهاتوو ئاشکرا دەکرێن

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەچڕی سەرقاڵی داتابەیسی ناوی مووچەخۆر و فەرمانبەرانی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی وەزارەتی داراییەوە دەستکەوتوون، هەموو بندیوارەکان لەو داتا بەیسەدا دەردەکەون، دوو مووچە و سێ مووچەکانیش بەهەمانشێوە.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتی کە پاشان وەزیری دارایی ژمارەی بندیوارەکان و دوو مووچە و سێ مووچەکان ڕادەگەیێنێ "لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا خۆیان لە دەوامکردنی فەرمانگەیەک و هەڵبژاردنی مووچەیەکدا یەکلایی بکەنەوە".

بەڵام عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "سیستمی ئاشکراکردنی دوو مووچە و سێ مووچە لە تەواوبووندایە و بندیوارەکانیش بەو داتا بەیسە چارەسەر دەکرێن". گوتیشی "قسەمان لەگەڵ وەزیری دارایی کردووە و لە مانگی شوباتی داهاتوودا ڕادەگەیەنرێ".

بەبڕوای پەرلەمانتاران، بەراورد بە بندیوار و خانەنشینی نایاسایی، کێشەی دوو مووچە و سێ مووچەکان ئاسانتر چارەسەر دەکرێن، لە هەمووی قورستر پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینە نایاساییەکان و دواتر بندیوارەکانە. عەلی حەمە ساڵح دەڵێ "حکومەت ئیرادەیەکی سیاسی زۆر بەهێزی پێویستە و هەروا ئاسان نییە، بەڵام هەر دەبێ ئەو ئیرادەیە هەبێت".

### "دەبێ پەنجەمۆر بگەڕێتەوە"

بەڵام قسەی دیکەش هەیە. ئایا ئەوە هەموو چارەسەرەکە دەبێت کاتێک وەزارەتی دارایی میلاکی هەموو وەزارەتەکان لێکدەداتەوە و دواتر ئاشکرایان دەکات؟ بەبڕوای هەندێک لە پەرلەمانتاران پێویستە ڕێوشوێنی توند و بەردەوام لەنێو فەرمانگەکانی حکومەتدا بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی فەرمانبەران ڕۆژانە ئامادەبوونی خۆیان لە دەوام بسەلمێنن.

عززەت سابیر، سەرۆکی لیژنەی دارایی پێیوایە ئەگەر نیەتی جددی هەبێت، پرۆسەکە زۆر لەوە کورتخایەنتر دەبێ کە وەزارەتی دارایی باسیدەکات، دەشڵێت "بە یەک نووسراوی سەرۆکی حکومەت کە داوا لە فەرمانگەکان بکات و بڵێ لەماوەی 60 ڕۆژدا ئەوەی پەیوەندی بە فەرمانگەکەیەوە نەکات، فەسڵ دەکرێت، کێشەکە چارەسەر دەبێت".

ئەو پێیوایە "ئەگەر هەر بەڕێوەبەرێکی فەرمانگەکان لای خۆیانەوە دەستپێبکەن و بندیوارەکان بکەنە لیستێک و بینێرن، بەماوەی هەفتەیەک چارەسەر دەبێت". گوتیشی دەبێ "هەموو حزبەکان لەسەری ڕێکبکەون".

سۆران عومەر، زانیاری زیاتر بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێ "دەبێ بندیوارەکان لە 2015/1/1ەوە دەوامیان کردبێت، هەیە سەر بە وەزارەتی داراییە و لە کۆمیتە و ناوچەکان دەوامی کردووە".

ئەو دەڵێت کاتێک چوونەتە وەزارەتی دارایی و میلاکاتی ڕاستەقینەی ئەو وەزارەتەیان وەرگرتووە، بۆیان دەرکەوتووە، 15 هەزار و 600 کەس مووچەخۆری ئەو وەزارەتەن، کەچی لە بودجەی 2013دا 31 هەزار میلاکی هەیە".

ناوبراو چارەسەرکە لەوەدا دەبینێتەوە کە سیستمی مووچەوەرگرتن بگۆڕدرێ "لە بانک مووچە وەربگیرێ، یان بەپێی ئیمزای دەوام مووچە بدرێ، بەڵام باشتر لە هەمووی ئەوەیە سیستمی پەنجەمۆر بگەڕێتەوە بۆ دەوامی فەرمانبەر و مووچە، چونکە ئەوە ساختە ناکرێ".

### 302 هەزار کەس خانەنشینن

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی کە (ڕووداو) بەشێکی زۆری زانیاریەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی دەستکەوتوون، ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان یەک ملیۆن و نیوی تێپەڕاندووە و 692 هەزاریان فەرمانبەری حکومەتن، بەڵام 302 هەزار کەس مووچەی خانەنشینی وەردەگرن. 432 کەس بەپێی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە خانەنشین کراون، بەڵام لە دەرەوەی یاسا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خانەنشینکراون.

ڕاپۆرتەکە لە 2014/12/2 لە دیوانی چاودێریی داراییەوە دراوەتە لیژنەی دارایی پەرلەمان. خانەنشینانی پێشمەرگە 92 هەزارن و خانەنشینکراوانی دیکە 210 هەزار کەسن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بەپلەی وەزیر خانەنشین کراون، هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێ کە ئەو کەسانە لە پۆستی وەزیریدا بوون. ئەوانەشی کە بەپلەی بریکاری وەزیر و ڕاوێژکار خانەنشینکراون، بەهەمانشێوەیە. هەروەها ڕاپۆرتەکە دەڵێ "لە ماوەی 8 ساڵدا بە یاسای خانەنشینیی پێشمەرگە تەنیا 432 کەس خانەنشینکراون کە 32یان ئەفسەر بوون و 400یشیان کارمەند بوون".

### خانەنشینەکان کاتی زۆرتری دەوێ

بەبڕوای فرسەت سۆفی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی دارایی کاتی زۆرتری پێویستە بۆ چارەسەرکردنی پرسی خانەنشینانی نایاسایی "چونکە مەسەلەیەکی ئێجگار سەختە". فرسەت سۆفی دەڵێ دوای ئەوەی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری داراییان بەدەستگەیشتووە، تێگەیشتوون لەوەی "ژمارەیان زۆر زۆرە و ئەمە کات و بەدواداچوونی زۆرتری دەوێ".

بەڵام د.عیززەت سابیر، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ناسینەوەی خانەنشینی نایاسایی بەوە دەبێ کە ئەو کەسە هیچ فایل و بەڵگەنامەی کارکردنی لەنێو فەرمانگەکاندا نییە.

وەزارەتی دارایی هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردووە و مووچەی چەند کەسێکی بڕیوە، دوای ئەوەی دەرکەوتبوو فەرمانبەری وەهمین، یان دوو مووچەیان هەبووە.

د. عزەت سابیر دەڵێ لە سلێمانی زۆر کەس پەیوەندییان پێوەکردووە کە مووچەیان بڕاوە "بەدواداچوون دەکەم بزانم ئەمە هەر لە سلێمانی کراوە یان لە هەولێر و دهۆکیش دەکرێ، ئەگەر وانەبێ بێدەنگ نابین".



مانگرتنی فەرمانبەران بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# نەخۆشخانەیەکی سەربازیی وەهمی لە بەغدا ئاشکرا دەبێ

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی ئەو گەندەڵییە زەبەلاحانەی لەسەردەمی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق کراون، فایلی نەخۆشخانەیەکی سەربازییان دۆزیوەتەوە کە بڕی یەک ملیار دۆلاری بۆ خەرجکراوە بەبێ ئەوەی بەردی بناغەی نەخۆشخانەکەش دیاربێت.

عادل نووری، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق دەڵێ لەساڵی 2014 توانیویانە 3200 دۆسیەی گەندەڵی یەکلایی بکەنەوە و ژمارەیەکی زۆریش هێشتا ماون یەکلایی ببنەوە. ئەو دەڵێت فەرمانگەکانی چاودێریی دارایی و دەستەی نەزاهە لە عێراق پڕ بوون لە دۆسیەی گەندەڵیی جۆراوجۆر، بەڵام دەڵێ "با تەنیا لەسەر دۆسیە قەبەکان قسە بکەین باشترە، چونکە ئێستا دزی ملیۆنی بووەتە گەندەڵیی بچووک".

عادل نووری هێما بۆ چەندین پەڕاوی یاسایی و دۆسیە و لیژنە دەکات و دەڵێ، ئێستا بەچەند دانەیەک لەوانە سەرقاڵین. گوتیشی "لیژنەی گرێبەستەکانی کڕینی چەک لە حکومەتەکەی مالیکیدا، چەند ملیار دۆلاری تێدا بێسەروشوێن کراوە بەبێ ئەوەی چەک دیار بێت، بۆمان دەرکەوتووە بەشێک لەو چەکانەی بەپارەی ئێجگار زۆر کڕدراون، یان ئێکسپایەرن یان ئەو چەکانەن کە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بەکارهاتوون، ئەوە جگە لە ساخبوونەوەی ملیۆنان دۆلار پارەی ڕەشوە و بەرتیل لەنێو بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریدا".

یەکێکی دیکە لەو دۆسیێیانەی لەبەردەستی ئەودایە، بودجەیەکی زەبەلاحی لە پارەی عێراق بۆ خەرج کراوە و ئەمڕۆ لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق ناویان ناوە "نەخۆشخانە هەواییەکەی حکومەتەکەی مالیکی"، چونکە وەک ئەو باسی دەکات، بەپێی نووسراوەکان پێکهاتووە لە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی زەبەلاحی سەربازی لە عێراق، کە مۆدێرن و پڕ خزمەتگوزاری و پێشکەوتووە و زیاتر لە یەک ملیار دۆلاری بۆ خەرجکراوە "بەڵام کاتێک بەدوایدا چووین و لێکۆڵینەوەمان کرد، بۆمان دەرکەوت ئەو نەخۆشخانەیە لە عێراقدا هێشتا نییە و تەنانەت بەردی بناغەکەشی نییە".

پێشتر لە بەیاننامەیەکدا دەستەی نەزاهەی عێراقی ڕایانگەیاند، ڕێگرییان کردووە لە هەوڵی بردنە دەرەوەی 580 ملیۆن دۆلار کە بەشێوەی قاچاخ ویستوویانە لە دەروازەی ترێبیلەوە ببرێتە دەرەوەی عێراق. هەروەها باسم جاسم، بەڕێوەبەری دەستەی نەزاهەی عێراق ڕایگەیاند، دەستەکەیان لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەتوانێ هەموو پارە دزراوەکانی عێراق بگێڕێتەوە.

بەڵام هەڵاتنی 6 وەزیر و 53 بەرپرسی پلە تایبەت لە حکومەتی پێشووی عێراق بەلای عادل نوورییەوە هەندێک دژواری تێدایە ئەگەر ئەو بەرپرسە تێوەگلاوانە لە گەندەڵی بە پارەی مۆڵەوە پەنایان بردبێتە بەر وڵاتێک کە واژۆی لەسەر ڕێککەوتننامەی کاری پۆلیسی ئینتەرپوڵ نەکردبێ.

ئەو چارەسەرەکە لەوەدا دەبینێ کە پەنایان بۆ د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق بردووە "پێمانگوت کاتێک بانگهێشتی وڵاتێک لەو وڵاتانە دەکرێی، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندی شەخسییەوە ئەو کەسانە بگێڕیتەوە بۆ عێراق".

عادل نووری، گەندەڵییەکی دیکەی سەردەمی مالیکی ئاشکرادەکات. گەندەڵییەک کە لەپشتییەوە ملیۆنان دۆلاری عێراق دەسووتێن، ئەویش ئەو فڕۆکانەن کە مالیکی ڕایگەیاند گوایە لە ڕووسیای کڕیون "بەڵام دەرکەوت ئەو فڕۆکانە هەمان ئەو فڕۆکە کۆنانەی عێراقن کە کاتی شەڕی ئەمریکا، ئێران ڕێگەی پێنەدان بنیشنەوە و دواتر چوونە ڕووسیا نیشتنەوە، حکومەتەکەی مالیکی چووە ئەو فڕۆکانەی هێناوەتەوە بۆ عێراق و دەڵێن گوایە ئەو هەموو پارەیەی پێدراوە".

وەک ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەران باسیدەکات، بەهۆی هەوڵەکانی ئەوان بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوەکانیان، 24 گەورە ئەفسەر و لیوا ڕوکن و عەمید و عەقیدی تێوەگلاو لەسەر گەندەڵی دەستبەسەرکراون و باسی شێوازێکی دیکەی "مرۆڤ فرۆشتن"دەکات لەنێو سەربازگەکانی ئەوکاتی حکومەتی عێراقدا و دەڵێ، بەرپرسە سەربازییەکان لە نێو سەربازگەکانیاندا زیندانیان دروستکردبوو، خەڵکیان دەستگیردەکرد و دواتر بە پارەی زۆر بە کەسوکاریان دەیانفرۆشتنەوە.

عێراق وەک تۆماری ڕووداوە سەیرەکانی لێهاتووە. جگە لە دەیان برینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی قووڵ کە بەدرێژایی مێژوو ئەو وڵاتە دۆخی لەوجۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە، کەچی دوای ڕووخانی سەددام حوسێن، خەڵک فریانەکەوتن ئازارەکانی دەستی ئەو ڕژێمە تەمەن 35 ساڵییە دپلۆسێنەرە بۆ یەکتری بگێڕنەوە، وڵاتەکەیان لەسایەی حکومەتەکانی دواتردا ئازاری گەورەتری بینی.

عادل نووری، دەڵێ بۆمان دەرکەوتووە حکومەتی پێشوو وەک دەریایەک لەگەندەڵی وایە و سنوورەکانی دەرناکەون. چیرۆکی ئەو ملیار و ملیۆنان دۆلارەی کە دەبوو ژیانی خەڵکی پێ باشتر بکرێ "لە دۆسیەیەکی تردا چەندین ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی سۆنەری پشکنینی بازگەکان نووسراون، بەڵام هیچ دیار نییە و ئەسڵەن هەرنەشهاتووەتە ئەم وڵاتە".

ئینجا باسی ئاشکرابوونی 16 بانکی ئەهلی دەکات کە بە وەسڵی ساختە پارەیان لە بانکی مەرکەزی ڕاکێشاوە. ئێستا ژمارەیەک فەرمانبەری ئەو بانکانە دەستگیرکراون. عادل نووری دەڵێ "بە ملیاران دۆلار لە بانکی مەرکەزییەوە براوەتە وڵاتێکی دراوسێی عێراق کە گەمارۆی ئابووری لەسەرە، بە خۆڕایی سەدان ملیار دۆلاری وڵاتەکەت ببەیتە وڵاتێکی دراوسێ کە ئەوە لە ڕیزی خیانەتی نیشتمانی ئەژمار دەکرێ، کۆمەڵێکی دیکەش لە بانکی مەرکەزی تێوە دەگلێن و دواتر سەرەداوی گەورەتریش ئاشکرا دەبن".

لەماوەی ڕابردوودا فڕۆکەیەکی چیکی بەبارێک چەکەوە ویستی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بنیشێتەوە و ڕێگەی پێنەدرا. دواتر لە فڕۆکەخانەی بەغدا نیشتەوە. ئەمەش دەنگدانەوە و پرسیاری زۆی بەدوای خۆیدا هێنا. عادل نووری لەبارەی ئەو فڕۆکەیەوە دەڵێ "بەداخەوە ئەو دوو لیژنەیەی بۆ فڕۆکەکە پێکهاتبوون، هەڵە و کەموکورتی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە"، هەروەها دەڵێ "لە لیژنەی ئەمن و بەرگری عێراقەوە ڕاپۆرتمان پێگەیشتووە، بەڵام دەرکەوتووە کەموکورتی لە هەردوو ڕاپۆرتەکەدا هەیە و دوورنییە فڕۆکەکە و فڕۆکەوانەکەش ئازاد کرابن".

لیژنەی نەزاهەی عێراق، جگە لە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە، لەڕێگەی ماڵپەڕ و ژمارە تەلەفۆنەوە کە بۆ هاووڵاتیانی داناوە، زانیاری لەبارەی گەندەڵی وەردەگرێ و بەدواداچوونی بۆدەکات.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەران گوتی کە مالیکی و هاوکارەکانی ئەوپەڕی کۆشش دەکەن بۆ شکستهێنان بە حکومەتی عەبادی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموو لیژنەیەی لەسەریان پێکهاتووە "چونکە دواتر بەشێکی زۆر لەوانەی دەستگیرکراون و ئەوانەش کە دواتر دەستگیر دەکرێن، دان دەنێن بەوەی بەفەرمانی مالیکی ئەو کارانەیان کردووە".

عادل نووری، پێیوایە ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێ ئەو هەموو پارە دزراوەی خۆی بدۆزێتەوە لە وڵاتانی دەرەوە و بیگێڕێتەوە، ئەوکات لە قەیرانە داراییەکەی ئێستا ڕزگاری دەبێت.

عادل نووری باسی کوڕە گەورەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، ئەحمەد نووری مالیکی دەکات و دەڵێ "ئێمە ئاشکرامان کرد کە لەو ماوەیە ملیارێک و 500 ملیۆن دۆلار پارەی ئەم وڵاتەی بردووەتە لوبنان".



پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا: ئێستا دزی ملیۆنی بووەتە گەندەڵیی بچووک

(فۆتۆ: ڕووداو)

ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# بەغدا تەنیا ڕێگە بەناردنی وردەواڵە چەک دەدات بۆ کوردستان

ئارام شێخ محەممەد، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) دەڵێت جگە لە ڕێگەدان بە تێپەڕینی هەندێک وردەواڵەی چەک، بەغدا ڕێگرە لە گەیشتنی یارمەتیی سەربازی بە پێشمەرگە.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی



- وەسیقەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی کەمی جێبەجێکراوە
- کورد ستراتیژی سیاسی بۆ بەغدا لاوازە
- سەرکردایەتی کورد وەکو (ڕووداو)ی پێ ناکرێت
- پەیوەندیمان لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە
- لایەنگرانی مالیکی کێشە بۆ عەبادی دروستدەکەن

**ڕووداو: کاری ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بارودۆخی پێش ڕووداوەکانی حوزەیران و هاتنی داعش قەیراناوی بوو، وەزیرەکانی کورد کشابوونەوە و مووچە و بودجەی کوردستان بڕابوو، جگە لەوەی کێشەی نەوت و پێشمەرگە لە نێوان هەولێر و بەغدادا هەبوو، کێشەی ئەمنی لە ئەنبار و دیالە، کێشەی سوننە کە وا هەستیان دەکرد لە پرۆسەی سیاسی پەراوێزخرابوون، پاشان ڕووداوەکانی مووسڵ هاتنە پێشەوە، بۆیە سازدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کارێکی ئاسان نەبوو. دروستکردنی حکومەتی عێراقیش کارێکی ئاسان نەبوو بەتایبەتی بۆ لایەنی کوردی کە بە مەرج و هەوڵی نێودەوڵەتی بەشداری ئەو حکومەتەی کرد لەسەر بنەمای وەسیقەیەکی سیاسی کە بەداخەوە تا ئێستا زۆری جێبەجێ نەکراوە، بڕگەیەکی کەمی جێبەجێکراوە.

لە ڕووی یاسادانانەوە جگە لە یاسای بودجەی ساڵی 2015 کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و مافەکانی کوردەوە هەبێت، نەهاتووەتە پەرلەمان، ئەمەش بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئەمنی و شەڕی داعش و قەیرانی دارایی.

**ڕووداو: بەشداری کورد لاوازە لە بەغدا، هەندێک وا لێکیدەدەنەوە کە ئەمە سەرەتای کۆتایی عێراقە و کوردیش زۆر گرنگی بە بەغدا نادات؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** پرسیارەکەی تۆ چەند لایەنێکی هەیە، سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە بەغدا، بە دڵنیاییەوە بەبێ کورد حوکمڕانی لە عێراق نابێت. بەڵام سەبارەت بە ڕۆڵی کورد و گرنگیدان بە بەغدا لە لایەن کوردەوە ئەمە پەیوەندی بە ستراتیژی سیاسەتی کوردەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئێمەی کورد ستراتیژیەکی سیاسی لاوازمان هەیە.

**ڕووداو: چۆن؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بە بەغدا نادات، دەبوو قووڵترو وردتر دیراسەی ڕۆڵی کورد لە بەغدا بکرابایە، چونکە ئێمە بەردەوام موبتەلای دەستی کێشەکانی بەغدا بووین. لە مووچە پشت بە بەغدا دەبەستین، تەنانەت لە حاڵەتی شەڕی داعشیش دەروازەیەکی نێودەوڵەتی بچووک لە هەرێمی کوردستان کراوەتەوە بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە، جگە لە هەندێک وردەواڵەی چەک و پێداویستی سەربازی، هیچ بە پێشمەرگە نەدراوە، لە کاتێکدا بەغدا هۆکاربووە لەوەی یارمەتی سەربازی نەدرێتە پێشمەرگە. وەکو نوێنەرانی کورد تا ڕادەیەک یەکگرتوویی و یەکڕیزیی خۆمان پاراستووە و لەیەک نزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوانماندا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە.

**ڕووداو: لە خولی ڕابردوودا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروستکرا، بەڵام لەم خولە کوتلە کوردستانییەکان لە ژوورەکەی تۆ کۆدەبنەوە، کێ لەوە بەرپرسە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** من بەرپرسیارێتی ناخەمە ئەستۆی هیچ کەس، بەڵام هەروەکو پێشتر باسمکرد کورد ستراتیژی سیاسی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و قەیرانەکان لە بەغدا، من ناڵێم کێ کۆمانبکاتەوە و کێ کۆمان ناکاتەوە، بەڵام سەیر بکە (ڕووداو) بەرنامەیەکی چوار قۆڵی هەیە کە چوار بەڕێز شرۆڤە و لێکدانەوە دەکەن، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کورد هاوشێوەی بەرنامەی چوار قۆڵی لێکدانەوە بۆ بارودۆخە سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکان ناکات، هەر لە شەڕی داعشەوە بگرە تا قەیرانە سیاسییەکان. دەبوو سەرکردایەتی کورد چەندین کۆبوونەوەی هاوشێوەی بۆ دیراسەکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان کردبایە، بەڵام نەیکرد.

**ڕووداو: لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندیت هەیە و ئاگاتان لە یەکە بۆ وەرگرتنی هەڵوێست و بڕیارە سیاسییەکان؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بەڵێ پەیوەندیمان هەیە، بەڵام زۆر لاوازە. یەکێک لە ڕەخنەکانی ئێمە پەیوەندی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کوردە لە بەغدا کە بە دامەزراوەیی نەکراوە، بڕیارە هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان دەست بە هەڵمەتێک بکەین بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی زیاتر لە نێوان نوێنەرانی کوردستان و سەرۆکایەتیەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو یاسایانەی لە بەغدا دەردەچن پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە.

**ڕووداو: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن و هەوڵێکی سیاسی توندی لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا و دژایەتی کورد بینرا، ئێوە چۆنی لێکدەدەنەوە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ئەم کارانەی دەوڵەتی یاسا کارێکی تازە نییە، بیرتان نەچێ دەوڵەتی یاسا حکومەت و حوکمڕان بوو، ئەوان پەیڕەوی سیاسەتی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانیان کرد، هەر ئەوان بوون دژایەتی سیاسەتی نەوتی کوردستانیان کرد، هەر ئەوان بوون نەیاندەهێشت هیچ پارچە چەکێک بگاتە کوردستان، تەنانەت لە خراپترین ڕۆژی شەڕەکانی داعش، دەوڵەتی یاسا بەبیانووی ڕێزگرتن لە سەروەریی ئاسمانی عێراق هەموو فڕۆکەکانیان دەهێنایەوە بەغدا و دەیانپشکنین.

**ڕووداو: بەڵام ئەوان هەر ماون لەناو حکومەت؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بەڵێ لە پەرلەمان ماون، دەوڵەتی یاسا ئەوانەی لایەنگری مالیکین کێشە بۆ حکومەت دروست دەکەن، دژایەتی عەبادی دەکەن و لەگەڵ ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و بەغدا نین. هەندێک لە پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا دژایەتی خۆیان بۆ کورد ناشارنەوە، هەندێک لەو پەرلەمانتارانە پێیانوایە کە کورد نەوتی عێراق دەدزێت و پێشمەرگە سیاسەتی پاکتاوی لە هەندێک ناوچە جێبەجێ دەکات.

**ڕووداو: ڕۆڵی مالیکی لە هاندان و پشتگری ئەو دەنگانە لە نێو پەرلەمان و جومگەکانی حوکمڕانی لە بەغدا چییە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی مالیکی لەو کێشەو قەیرانانە هەر ماوە، چونکە ئەو فراکسیۆنێکی گەورەی لە نێو پەرلەمان هەیە، لەنێو حکومەتیش خەڵکی خۆی ماوە، بۆیە ئێستا حەیدەر عەبادی لە بەردەمی دووڕیاندایە ئەویش ئەو چاکسازی و دروشمانەی هەڵیگرتووە چ لە ڕێککەوتن لەگەڵ سوننە و کورد تا چەند بەردەوام دەبێت لەم ڕێگەیە، ڕێگەی دووەمیش تا چەند بە بەڵێنەکانی خۆیەوە پابەند دەبێت. ئاراستەی سەرکردایەتی کوردیش ئەوەیە کە پشتگیری د.حەیدەر عەبادی بکرێت لە هەنگاو و کارەکانی.

**ڕووداو: بە حوکمی ئەوەی ماوەیەک عەبادی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بوو تۆش جێگری دووەم بووی، تا چەند کەسێکی ڕاستگۆ و جدییە لەو قسە و بەرنامەی خۆی؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ئەوەی من لە عەبادیم بینیوە پیاوێکی جدییە لە هەنگاونانی بۆ چاکسازی، بەڵام بەردەوامی ئەو لەو کار و هەنگاوانەی لەسەر بەرژەوەندییە سیاسییەکان و بارودۆخەکە دەوەستێ، بەتایبەتی لە عێراق بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ و ئەجێندای ناوخۆ یەکدی دەبڕن.

**ڕووداو: لەگەڵ سەلیم جبووری و شاندێکی پەرلەمانتارانی عێراق سەردانی تورکیاتان کرد، بەڵام تۆ ئامادە نەبووی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی ئەتاتورک دابنێی، بۆچی؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ئەو سەردانەی پەرلەمانی عێراق لە چوارچێوەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراقە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. ئێمە سەردانی تورکیامان کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە باسی پەیوەندی دوو قۆڵی و مەلەفی ئەمنی و کێشەی ئاوارەکان کرا، دیارە لایەنی تورکیا بەرنامەیەکیان ڕێکخستبوو بۆ سەردانی گۆڕی ئەتاتورک، جگە لە بەندە هەریەک لە بەڕێزان د.ڕێبوار لە فراکسیۆنی یەکێتی و د.موسەنا لە فراکسیۆنی یەکگرتوو و د.فارس لە فراکسیۆنی پارتی لە نێو شاندەکە بووین، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان من پێم باش نەبوو، جگە لەوە من گەڕامەوە بەغدا بۆ سەرۆکایەتیکردنی دانیشتنی پەرلەمان، بەس من نەبووم پەرلەمانتارە کوردەکانی دیکەش، بەشدارییان نەکرد.

**ڕووداو: ئەمە هەڵوێستێکی سیاسی و نەتەوەیی خۆت بوو لە کاتێکدا تۆ پۆستێکی سیادیت لە عێراقدا هەیە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بەڵێ پەیوەندی بە هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیی خۆمانەوە هەبوو، بەشبەحاڵی خۆم قەناعەتم بەوە نەبوو تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی ئەتاتورک دابنێم.

**ڕووداو: ئەی سەلیم جبووری و بەرپرسانی تورکیا هەڵوێستیان چ بوو؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** بە سەلیم جبووریم ڕاگەیاند کە من بەشداری بڕگەی سەردانی گۆڕی ئەتاتورک ناکەم، ئەویش پێی ئاسایی بوو.

**ڕووداو: ئەو ماوەی کە لە بەغدان جیاوازی لە نێوان کارەکانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان چییە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** نامەوێ کارەکانی هەردوو پەرلەمان بەسەر یەکدا فەزڵ بکەم، بەڵام ئەوەی من هەستم پێکردووە، وەڵامدانەوەی بەرپرسانی حکومی بۆ پەرلەمانی عێراق لە بەدەنگەوەهاتنی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان زیاترە، بە تایبەتی چوونە پەرلەمان و سەردانیکردنی لیژنەی پەرلەمانی، لێرە بەدەمەوە چوونەکە زیاترە، لێرە وەزیری نەوت زۆر بە ئاسانی دێتە لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمان، یاخود وەزیری دارایی زۆر بە ئاسانی دێتە لیژنەی دارایی پەرلەمان، بە حوکمی ئەوەی سەرۆکایەتی زۆر لیژنەی گرنگم کردووە، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشم بانگی لیژنە کردووە، بۆ نموونە وەزیری بەرگری پێشووی عێراق هاتووەتە پەرلەمان و حەیدەر عەبادی دووجار وەکو سەرۆکی حکومەت هاتووەتە پەرلەمان، هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەن و پارێزگارەکانی عێراق زۆر بە ئاسانی دێنە پەرلەمان. لە هەرێمی کوردستانیش وردە وەزیر و بەرپرسان دەچنە پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام ئەوە ئەرکی حکومەتە کە وەزیر و بەرپرسەکانی بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان.

جگە لەوە بانگهێشتی وەزیری بەرگری و ناوخۆی عێراق کراوە بڕیارە بێتە پەرلەمان، هەروەها بڕیاری لێپرسینەوە لە د.ساڵح موتڵەگ دراوە لەسەر دۆسیەی گەندەڵی کە جێگری سەرۆکوەزیرانە.

# ئەمریکا دەستیکرد بە ڕاهێنانی پێشمەرگە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

یەریڤان سەعید
ڕووداو – واشنتن

چوارەم کامپی سەربازیی ئەمریکا لە هەولێر دەستی بەکار کرد و بڕیارە 100 پێشمەرگە لەو کامپەدا مەشق و ڕاهێنانیان پێبکرێت. ئەمە بە گوتەی سکرتێری ڕۆژنامەوانیی پنتاگۆن.

ژەنەڕاڵ جۆن کێربی، گوتەبێژی پنتاگۆن بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "کامپی چوارەم کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو دەستبەکاربوو، لە هەولێرە، ئێستا نزیکەی 100 پێشمەرگە تێیدا دەستیان بە مەشق و ڕاهێنان کردووە".

ئەمریکا سێ کامپی دیکەی سەربازی لە عێراق کردووەتەوە، یەکێکیان کامپی عەین ئەلئەسەدە لە پارێزگای ئەنبار و هەروەها کامپی تاجی و بیسمایەش هەردووکیان لە نزیک بەغدا هەڵکەوتوون. لەو کامپانەدا شارەزا سەربازییە ئەمریکیەکان سەربازانی عێراق و چەکدارانی عەشیرەتە سوننەکان مەشق پێدەکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش ببنەوە.

ژەنەڕاڵ کێربی دەڵێت، کامپەکەی هەولێر کاری زۆرتری دەوێت "لەو کامپەدا هێشتا کاری بیناسازی زیاتر پێویستە" بە گوتەی ژەنەراڵەکەی پنتاگۆن.

دەربارەی ژمارەی ئەو سەربازە عێراقیانە و ئەو پێشمەرگانەی کە مەشقیان پێدەکرێت، کێربی ڕایگەیاند "ئێستا ئەگەر ئەو 100 پێشمەرگەیەی ئەمدواییەش حیساب بکەین، ئەوا 3600 سەرباز و پێشمەرگە مەشقیان پێدەکرێت".

هەروەها گوتی "نزیکەی 600 سەرباز لە کامپی ئەلئەسەد و 1600 لە کامپی تاجی و 1300 لە بیسمایادان و 100 پێشمەرگەش لە هەولێر، ئەمڕۆ دەستیان بە مەشقەکەیان کردووە".

ئەو کاربەدەستەی پنتاگۆن پێشبینی ئەوە دەکات کە هێزە هاوپەیمانەکانی دیکەش ڕاهێنەر بنێرن بۆ ئەوەی هاوکاری هێزە ئەمنیەکانی عێراق بکەن "چەندین ئاستی جیاوازی سوپای ئەمریکا لەم کامپانەدا هەن بۆ ئەوەی مەشق بە هێزەکانی عێراق بکەن. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە پێشبینی دەکەین هەندێک لایەنی دیکەی هاوپەیمانی هاوکاربن لە بواری مەشقدا، پێشتریش هەندێک لایەن دەستیان بە مەشق لەو کامپانەدا کردووە".

بەپێی گوتەی کێربی، 12 لیوای سەربازی عێراقی و هێزی پێشمەرگە مەشقیان پێدەکرێت و دەبنە هێزی کاریگەر. لە کاتێکدا کە سوپای عێراق لە پارێزگای ئەنبار شەڕی چەکدارانی داعش دەکات، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە لە دەوروبەری مووسڵ پاشەکشە بە چەکدارانی داعش بکەن.

هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی پێشمەرگە نزیکەی 450 کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە ڕۆژئاوای مووسڵ لە چنگی چەکدارانی داعش دەرهێنایەوە و نزیکەی 200 جیهادی سەر بەو ڕێکخراوەیان کوشت. پنتاگۆن دانی بە کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگەدا نا لەبەرامبەر چەکدارانی داعش.

کێربی گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەو دەستکەوتانە هەرچەندە کە بچووکن ئەگەر بەراوردی هەموو ئەو ناوچانە بکەیت کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدان، بەڵام ئەم دەستکەوتانە تەنیا لە ڕێگەی هێزێکی کاریگەری زەمینییەوە دەستەبەر دەبن. مەبەستم لە هێزی ناوخۆیی سەرزەمینە و بێگومان بە هاوکاری هێزی ئاسمانیی ئێمە. هەموو ئەمانە تەنیا بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە نەبووە، دەستکەوتەکان لە ڕێگەی تەنسیقی باش لەگەڵ هێزە زەمینییەکان، کە لەم کەیسەدا هێزە کوردییەکان بوون، بەدەست هاتوون".

ئەو هەروەها گوتی کە داعش پەنجاو پێنج هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە زەوی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام نزیکەی حەوت سەد کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ژێر چنگیان دەرهێنراوەتەوە و زۆربەی ئەو ناوچانەش لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە ڕزگارکراون.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

## زەینەب جەلالیان گوازرایەوە



**رووداو – کوردپا**

زەینەب جەلالیان ژنە زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری ماکۆ، لە زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشانەوە گوازراوەتەوە بۆ زیندانی شاری خۆی، ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو زیندانە بەندی زیندانیانی سیاسیی تێدا نییە. زەیبەب جەلالیان چەندینجار داوای کردبوو بگوازرێتەوە بۆ زیندانی شاری ماکۆ، بەڵام بە بڕیاری دەزگای قەزایی لە زیندانی کرماشانەوە گوازراوەتەوە بۆ زیندانی شاری خۆی. ئەو چالاکە سیاسییە، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانەوە تۆمەتی "دژایەتی خودا"ی درایە پاڵ و سزای لەسێدارەدرانی بۆ بڕایەوە، دواتر سزاکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا.

### سمایل ئاغای ئێلخانیزادە، وەزیری رێگاوبان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا:

# مەلا مستەفا بە قازی گوت باوەڕ بە بەڵێنەکانی تاران مەکە

تاکە وەزیری "دەوڵەتی جمهوری کوردستانە" کە لە ژیاندا مابێت. ئەو دەوڵەتەی لە 22/1/1946 لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد راگەیەنرا. حاجی سمایل ئاغای مەحمود ئاغای ئیلخانیزادە لە دەوڵەتەکەی پێشەوادا وەزیری رێگاوبان بووە. سمایل ئاغا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئاشنایەتی خۆی و قازی، دامەزراندنی کۆماری کوردستان و رووخاندنی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا دەکات.

هەڤپەیڤین: سالار سەنگاوی
رووداو- سلێمانی



### مەلا مستەفا زۆربەی کارەکانی پێشەوای دەکرد

### حکومەت نەیوێرا دەستگیرم بکات

### لەسەر داوای مەلا مستەفا بەشداریم لە کۆماری کوردستاندا کرد

**رووداو: پەیوەندی ئێوە و قازی محەممەد لە کەیەوە دەستپێکرد؟**

**سمایل ئاغا:** پەیوەندی ئێمە و قازی محەممەد پەیوەندییەکی کۆنە و زیاتر لە سەد ساڵ لە پێشتریش باپیرەی من و قازی عەلی باوکی قازی محەممەد پەیوەندی پتەویان هەبووە و دۆست بوون، لە دروستکردنی کۆماری کوردستانیشدا ئێمە لە هاوکارەکانی قازی محەممەد بووین و خودی قازیش پیاوێکی مرۆڤدۆست بوو، هەمیشە هاوکار بوو، بە تایبەت سەدری برای، ئێمە هەر کێشەیەکمان هەبووبێت لە سابڵاخدا ئەوان چارەسەریان دەکرد.

**رووداو: ئەی پەیوەندی تۆو کۆمەڵەی (ژێکاف) چۆن بوو؟**

**سمایل ئاغا:** پەیوەندییەکی پتەوم لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف هەبوو. لەگەڵ کەسەکانی ناو ژێکاف پەیوەندیەکەم زۆرتر کوردانە بوو هەتا حیزبیانە، لە گۆڤارەکانیشدا شتم بڵاودەکردەوە بەناوی خوازراوەوە، (پشتیوان) لە گۆڤاری نیشتمان ناوی منە، مامۆستا هەژاریش یەکێک بوو لە هاوکارەکانی کۆمەڵەی ژێکاف.

**رووداو: چۆن قازی محەممەد بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان؟**

**سمایل ئاغا:** دەوڵەتی رووسیا قازی محەممەدیان پێ باشترین کەس بوو بۆ ئەو کارە، لەبەر پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کە کەسێکی بە ناوبانگ بوو، کەسێکی خۆشەویست بوو، کەسێکی سیاسیش بوو.

**رووداو: چۆن تۆ بوویتە وەزیر لە کۆماری کوردستان؟**

**سمایل ئاغا:** مەلا مستەفا بارزانی هاتە لای مەحمود ئاغای باوکم کە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو گوتی "من پێمخۆشە ئێوەش بەشداری لە حکومەتدا بکەن و دوو کوڕی تۆ ببەم بۆ سابلاخ. باوکیشم پێیگوت ئەوەی تۆ پێت باش بێت، منیش پێمباشە، چووینە سابلاخ لەو کاتەی حکومەت تەشکیل کرا وەزارەتێکی دیکەیان بۆ من دانا، بەڵام من داوای وەزارەتی رێگاوبانم کرد، چونکە من نەخۆش بووم لەو کاتەدا و دکتۆر پێیگوتبووم دەبێت بگەڕێم، ئەو وەزارەتەش بۆ من زۆر باش بوو، چونکە دەبوو بەردەوام هاتوچۆ بکەم لە نێوان شار و گوندەکاندا.

**رووداو: لە ماوەی حکومەتەکەی کۆماری کوردستاندا وەزارەتەکەی تۆ چی کرد؟**

**سمایل ئاغا:** نەخشەی چەند رێگایەکمان دانا و بەردەوام چاودێری رێگاوبانەکانمان دەکرد، رۆژێک

### لەبەر نەخۆشی داوای وەزارەتی رێگەوبانم کرد

نووسراوێکم بۆ هات لەبارەی پردی سوورەوە گوایە درزی بردووە، منیش داوام لە قازی کرد کە رەزامەندی بدات ئەندازیارێک بنێرین، خودی قازی محەممەد گوتی با پێکەوە بچین تەماشای بکەین. کە چووینە ئەوێ بینیمان کێشەکەی وا نەبوو جێی مەترسی بێت، بەڵام ماوەی کورتی تەمەنی کۆمار رێگەی نەدا پلان و نەخشەکان جێبەجێ بکەین بە تەواوی.

**رووداو: رۆڵی مەلا مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستاندا چی بوو، چ کارێکیان دەکرد؟**

**سمایل ئاغا:** مەلا مستەفا چەندین رۆڵی هەبوو، بەڵام بەتایبەتی کاری سەربازی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناکۆکییەک هەبووایە مەلا مستەفا چارەسەری دەکرد، لە پاش قازی هەم وەزیری جەنگ بوو، هەم نخوست وەزیر بوو، کاری زۆری دەکرد و پیاوێکی زۆر بە توانا بوو، قازی محەممەدیش سەرپشکی کردبوو، چەندین کار هەبوو کە بە ناوی قازی محەممەدەوە بوو، بەڵام مەلا مستەفا دەیکردن.

**رووداو: وەفدەکانی کە دەهاتن بۆ کوردستان لە کوێ کۆدەبوونەوە؟**

**سمایل ئاغا:** لە مەهاباد کۆبوونەوەیان نەکردووە، جارێک قازی بۆ کۆبوونەوە چووبووە تەورێز، ئەندامانی حکومەت کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بزانین کە سبەینێ نەورۆز بوو، بیکەین بە پشوو وەک جەژن بیناسێنین یان نا، قازی بۆ شەوەکەی گەڕایەوە و گوتی نەورۆز جەژنی کوردانە و سبەینێ پشووە لە داوودەزگاکانی کۆماری کوردستان.

**رووداو: لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵێک عەشیرەت هەبوون کە دژی کۆمار بوون، یان لەگەڵ کۆمار و حکومەتی ئێرانیش بوون ئەو عەشیرەتانە کێ بوون؟**

**سمایل ئاغا:** عەشیرەتی مامش یەکێک بوو لەو عەشیرەتانە، بەشێکیان لەگەڵ دەوڵەت بوون و بەشێکیان لەگەڵ کۆمار بوون، ئەگەر بەزۆر نەبووایە ئەوە هاوکاری کۆماریان نەدەکرد، رۆژێکیان کۆبوونەوە بوو یەکێک لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە گوتی جەنابی پێشەوا ئێمە هەتا چەند عەشایرێک نەکوژین کاری ئێمە جێبەجێ نابێت، بەڵام پێشەوا رازی نەبوو گوتی عەشایرەکانیش کوردن و دۆستی ئێمەن.

**رووداو: کۆماری کوردستان چۆن رووخا و قازی چۆن دەستگیرکرا؟**

**سمایل ئاغا:** سوپای ئێران کە هاتنەوە بۆ کوردستان، قازی محەممەد و هاوکارەکانی بۆ پێشوازی سەرلەشکر هومایونی هەتا میاندواو هاتن، بۆ شەوەکەی چوونە گوندی حەمامیان لە ماڵی باوکم، بۆ شەوەکەی رادیۆی تاران گوتی کە قازی محەممەد تەسلیم بووە، لەو کاتەدا هاوکارەکانی قازی گوتیان ئێمە تەسلیم نەبووین، بەڵکو هاوکاری دەکەین.

**رووداو: چۆن بوو هیچ بەرگرییەک نەکرا بەرامبەر سوپای ئێران؟**

**سمایل ئاغا:** دەوڵەتی ئێران دڵنیایی دابوو بە قازی محەممەد کە زەرەری بۆی نەبێت و هیچ خراپەکارییەک نەکات، بەڵێنی تەواویان بە سەدری قازیش دابوو، دەوڵەت پێشەوای فریودا و ئەمیش باوەڕی کرد بەو بەڵێنانە.

**رووداو: ئەی مەلا مستەفا چۆن دەستگیرنەکرا و رۆیشت؟**

**سمایل ئاغا:** پێشتر مەلا مستەفا دەعوەت کرا بۆ تاران بۆ لای شای ئێران، لەوێ بەڵێنی ئەوەی پێدەدەن کە تۆ چەکەکانت دابنێ ژیانت پارێزراوە و کەس هەقی پێتەوە نابێت، بارزانیش گوتبووی بابچمەوە بۆ مهاباد وەڵامتان دەدەمەوە، بەڵام باوەڕی بە بەڵێنەکانی شا نەکرد و خۆی سازدا و رۆیشت.

**رووداو: مەلا مستەفا بەقازی محەممەدی نەگوت با بڕۆین؟**

**سمایل ئاغا:** بیستم کە بارزانی بە قازی محەممەدی گوتبوو من دنیام زیاتر بینیوە، بابڕۆین باوەڕ بە بەڵێنەکانیان مەکە، بەڵام قازی محەممەد لەوەدا بە قسەی مەلا مستەفای نەکرد، چونکە دەوڵەت فریوی دابوو، بەڵێنی پێدابوو.

**رووداو: کە قازی محەممەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لەسێدارە دران، خەڵکی کوردستان بۆچی هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو؟**

**سمایل ئاغا:** سوپا تەواوی ناوچە و شەقامەکانی گرتبوو، لە کاتێکیشدا لەسێدارەیاندان کەس ئاگای لێنەبوو، لە دڵەوە هەمووی پێی ناخۆش بوو، بەڵام چارەنەبوو، هیچ نەدەکرا.

**رووداو: لەدوای رووخانی کۆمار وەزیرەکان چییان بەسەر هات؟**

**سمایل ئاغا:** دەوڵەت هەموویانی گرتن و خستنیە زیندانەوە.

**رووداو: ئەی تۆ بۆ نەگیرایت؟**

**سمایل ئاغا:** من لە بنەماڵەیەکی گەورە بووم و دەوڵەت نەیویست بنەماڵەی ئێلخانی زادە بکاتە دوژمنی خۆی، بۆیە نەیگرتم، بەڵام وازیشیان لێنەهێنام و دووریانخستمەوە بۆ ناوچەی داموغان، دوای چەندین ساڵ گەڕامەوە بۆ بۆکان.



**حاجی سمایل ئاغا ئیلخانیزادە**

- ساڵی 1911 لە گوندی حەمامیانی شاری بۆکان لەدایکبووە
- مەحموود ئاغای باوکی سەرۆکی عەشیرەتی دیبوکری بووە.
- وەزیری رێگاو بانی کۆماری کوردستان بوو لە ساڵی 1946
- لە حوجرەدا خوێندویەتی هەتا پلەی میرزایەتی
- دوای رووخانی کۆماری کوردستان دوورخراوەتەوە بۆ شاری داموغان.
- دوای چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە بۆکان و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

# مامۆستایانی رۆژهەڵات هەڕەشەی مانگرتنی سەرانسەری دەکەن

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

مامۆستای قوتابخانەکانی بەشێک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر کەمیی مووچەیان دوو رۆژ نەچوونە هۆڵەکانی خوێندن و هۆشداریشیان دایە حکومەت ئەگەر مووچەیان زیاد نەکرێت دیسان مان دەگرنەوە.

دوای ئەو مانگرتنە سەندیکای پیشەیی مامۆستایانی ئێران و رێکخراوی مامۆستایانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا رایانگەیاند: ئەگەر داواکارییەکانی مامۆستایان تا 22ی مانگی داهاتوو جێبەجێ نەبێت، مامۆستایانی هەموو ئێران دیسان مان دەگرنەوە. ئەم بەیاننامەیە لەلایەن مامۆستا کوردەکانیشەوە پشتیوانی لێدەکرێ.

رۆژی چوارشەممەی هەفتەی پێشووش مامۆستا ناڕازییەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نوێنەرانی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری سنە گوتبوویان کە ئەگەر داواکاری مامۆستایان جێبەجێ نەکرێ رووداوی نەخوازراو روودەدات و ناڕەزایەتییەکان بە دوو رۆژ مانگرتن سنووردار نابێ و کۆتایی نایەت.



بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەرپرسانی پەروەردەی سنە لەڕێی ترساندن و هەڕەشەوە هەوڵیانداوە کۆتایی بە مانگرتنی مامۆستایان بێنن. ئەوان بە مامۆستاکانیان گوتووە ئەمجۆرە کارانە کەڵکی خراپی لێوەردەگیرێ.

بەڵام مامۆستاکان بە بەرپرسانی پەروەردەی سنەیان گوتبوو، داواکاریی ئەوان شتێکی سیاسی نییە، بەڵکو تەنیا شتێکی پیشەییە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسان بە مامۆستایان دەڵێن "ئێوە زەرەر و زیان لە خوێندنی قوتابیان دەدەن". مامۆستاکان لە وەڵامدا گوتبوویان کە بە زیادەوە وانەی دواخراوی قوتابیان قەرەبوو دەکەنەوە، بەڵام کێ لە بەرامبەر ژیانی هەزاران مامۆستا و بنەماڵەکانی ئەواندا بەرپرسیار دەبێت.

بەرپرسانی پەروەردەیی شاری سنە لە کۆتاییدا بەڵێنیان بە مامۆستایان دا کە ویست و داواکارییەکانیان بە بەرپرسانی سەرووتری خۆیان و لایەنی پەیوەندیدار بگەیەنن.

رۆژانی 20 و 21ی ئەم مانگە بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، کامیاران، روانسەر، کرماشان، پاوە و جوانڕۆ و لە چەندین شاری ئێرانیشدا نەچوونە هۆڵەکانی خوێندن.

لە شارەکانی مەریوان و جوانڕۆ سەدان مامۆستا لە بەردەم ئیدارەی پەروەردەی شارەکانیان کۆبوونەوە و خوازیاری جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان بوون. لە کرماشانیش بەشێک لە مامۆستایان چوونە بەردەم ئیدارەی پەروەردە و داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی پەروەردەی کرماشانیان کرد.

لە شاری سەقز قوتابییەکانیش پشتی مامۆستاکانیان گرت. ئەوان لەو دوو رۆژەدا رێکوپێکی پۆلەکانیان تێکنەدا و قەرەباڵغییان دروست نەکرد. پرسێک کە پێچەوانەی رۆژانی پێشتر بوو.

پێشتر زیاتر لە شەش هەزار مامۆستا لە سەرتاسەری ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە تۆمارێکدا بۆ حەسەن روحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، داواکارییەکانی خۆیان خستبووەڕوو.

داواکارییەکانی مامۆستایان بریتین لە: جیاوازیی لەنێوان مامۆستایان و فەرمانبەراندا نەکرێ، مووچەی مامۆستایان هاوکات لەگەڵ فەرمانبەران بدرێ، بیمەی تەواوکەری مامۆستایان خۆڕایی بێت، قەرزی کەم سوود بە مامۆستایان بدرێ و پاداشتی مامۆستا خانەنشینکراوەکان نەک بەش بەش بەڵکو هەمووی پێکەوە بدرێ.

دەنگۆی ئەوە هەیە مووچەی مامۆستایان لە ساڵی داهاتوودا 14% زیاد بکرێ. ئەمەش مامۆستایانی نیگەران کردووە. مامۆستایەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "زیادکردنی 14%ی مووچە کەمە و لەگەڵ خەرجییەکان هاوسەنگ نییە".

ئیسماعیل عەبدی، بەڕێوەبەری سەندیکا فەرهەنگییەکانی ئێران، هەوڵەکەی مامۆستایان بە سەرکەوتوو دەزانێ و دەڵێت " بە سەرنجدان بەوەی کە سەندیکایەک بۆ رێکخستنی مامۆستایان نییە، مانگرتنەکە لە ئاست چاوەڕوانیدا بوو. دەنگی مامۆستایان بە گوێی بەرپرسان گەیشتووە. مەبەستی ئەوانیش هەر ئەمە بوو".

بۆ ئەو مانگرتنە مامۆستا چالاکەکانی سەرتاسەری ئێران لەڕێی کورتەنامە، ڤاییەر و رێگاکانی دیکەی پەیوەندییەوە هاوکارەکانیان ئاگادار کردەوە. ئەو مامۆستایانە خۆشیان باس لەوە دەکەن کە بەڕێوەبردنی مانگرتنێکی سەرکەوتووتر پێویستی بە رێکخراوە و ناوەندێک هەیە تا مامۆستاکان رێکبخات.

یەکێک لەو مامۆستا چالاکانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "مانگرتنەکە زیاتر لەنێو مامۆستاکانی قۆناغی دواناوەندیدا بەڕێوەچووە. مامۆستاکانی قۆناغی ناوەندی زۆر بەکەمیی بەشدارییان کرد، مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی بەشدارییان نەکردووە. کە ئەمەش لە کاریگەریی ناڕەزایەتی مامۆستایانی کەم کردەوە". وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ئێران تا ئێستا وەڵامی داواکارییەکانی مامۆستایانی نەداوەتەوە، بۆیە پێدەچێت مانگرتنەکە سەرهەڵبداتەوە.

زاڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# ئەگەر میلیشیاکان ڕێکنەخرێن مەترسیان بۆ کوردستان دەبێت



دوای کاژێرێک و 20 خولەک وەرزشکردن، لە هۆڵێکی وەزرش لە شاری هەولێر، پیاوێک سڵاوی لێکردم و گوتی تۆ لە من ئازاتری لە وەرزشکردن، ئەو پیاوە باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق زاڵمای خەلیلزاد بوو. پرسیم چی دەکەیت لە هەولێر؟ گوتی "سەردانی هاوڕێکانم کرد. بارزانی و تاڵەبانی". بەڵام باسی ناوەڕۆکی سەردانەکەی نەکرد.
زاڵمای خەلیلزاد هەفتەیەک لە هەولێر مایەوە، پرسیاری لێکردم کە چی دەکەم؟ منیش گوتم لە شوێنێک کار دەکەم کە دەبێت ببیتە میوان لەوێ. ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی "تۆ هاروهاجی".
زاڵمای خەلیزاد بە میوانداریەکە رازی بوو، هەندێک زانیاری و بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی شەڕی دژە داعش بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "کورد پارەی ئەو چەکانە نادات کە دەگاتە دەستی". گوتیشی "بیرۆکەیەک هەیە کە سوپای عێراق بچووک بکرێتەوە". بەڵام لەهەمانکاتدا هۆشداری دا و گوتی "ئەگەر میلیشیاکانی عێراق ڕێکنەخرێن ئەوا مەترسییە بۆ سەر کوردستان".

هەڤپەیڤین: کوردستان حەسەن

**ڕووداو: ئەمەریکا توانی لە ماوەیەکی کورتدا ڕژێمی سەدام لەنێوببات. بۆچی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا سستە؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** داعش هەڕەشەیەکی سەربازیی جیدییە، نابێت بەکەم وەربگیرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە تا شکست بە داعش بێنێت، کوردستان و پێشمەرگە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشەیە، لەبەرئەوەیە کە ئەوان شیاوی پاڵپشتی و یارمەتین لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە . ئەم یارمەتییەش هەیە، بەڵام دەبێت فراوانتر بکرێت. چونکە ئەمریکا پابەندە بە پرچەککردنی سێ فیرقەی پێشمەرگە، ناچارە کەرەستەی زیاتری سەربازی دابین بکات. بەڵام پێموایە پێویست ناکات رابوەستێ تا ئەو سێ فیرقەیە دروستدەبێت، کەرەستە و چەکی سەربازی دەبێت ئێستا رەوانەی ئێرە بکرێن. هەروەها پێموایە ئەمریکا پێشانی داوە کە دەزانێت پێویستییەکانی هێزی پێشمەرگە چین، چونکە پێشمەرگە خەریکە قوربانییەکی زۆر دەدات، بۆ ئەوەی کە بتوانن باشتر شەڕی دوژمن بکەن و هەروەها خۆشیان باشتر بپارێزن.

**ڕووداو: ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا چۆن دەبینی؟ ئەگەر حکومەتەکەی عەبادی پابەند نەبوو بە پاکێجی ڕێککەوتنەکە هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** هەرچەندە قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر بووە، ئەمەش پێشکەوتنێکی بەرچاوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێویستییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان زیاترە لەو بڕە نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنێت و بە ڕێژەیەکی سنوورداریش دەیفرۆشێت، لەبەر ئەوەیە ناچار بووە قەرزێکی زۆر وەربگرێت. ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەرێنییە، بەڵام دەبێت چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بین، وردەکاری زۆر ماوە کە لەکاتی جێبەجێکردنیدا دەبێت چارەسەر بکرێت، بەڕێز عەبادی لەوەدەچێت سەرکردەیەکی باش بێت و نیازی وابێت لایەنەکانی دیکە بەشداری پێبکات، هەروەها دەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئەمەش هێمایەکی زۆر باشە، بەڵام پرسیار ئەوەیە دەتوانێت ئەو هەموو کێشەیەی لەبەردەمیەتی چارەسەریان بکات؟ من دەزانم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداربووە لە هاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ڕێککەوتنە، لەبەر ئەوە بڕوام وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵە بەو ڕێککەوتنەی کە بەدیهاتووە.

**ڕووداو: پێشمەرگە گلەیی ئەوە دەکەن کە هاوکارییە سەربازییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان لە ئاستی پێویستدا نین، داوای هاوکاریی زیاتری سەربازی و چەکی قورس دەکەن، ئێوە قسەتان چییە؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** سەبارەت بە یارمەتی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان، لەم ساتەدا سنووردار بووە بە پێدانی چەک و تەقەمەنی بەبێ پارە، کوردستان ناچار نییە پارەیەک لە جیاتی ئەو چەک و تەقەمەنیانە بدات کە دەگاتە دەست پێشمەرگە، بەڵام بۆ عێراق پێموایە دەبێت پارەی چەک و تەقەمەنییەکان بدات. کوردستان پێویست ناکات پارەی چەک و تەقەمەنی بدات، ئەو چەک و تەقەمەنییەی پێشیدەدرێت بەبێ بەرامبەر وەریدەگرێت، بەڵام ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە کوردستان شەڕی داعش دەکات لەجیاتی جیهان.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕی 1.6 ملیار دۆلاری تەرخانکردووە بۆ ڕاهێنان و پرچەککردنی چەندین هێز، بە سێ فیرقەی هێزی پێشمەرگەوە، من هیوادارم هەرچی زووترە ئەم بڕیارەی ئەمریکا جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی کە هەمە تا ئێستا هیچ یارمەتییەکی دارایی دوو لایەنە لە نێوانیاندا نەبووە، من نازانم ئایا کوردستان داوای یارمەتی دارایی لە ئەمریکا کردووە یان نا، بەڵام پێموانییە هیچ یارمەتییەکی دوو لایەنەی دارایی هەبووبێ.

**ڕووداو: لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان قسەت چییە؟**

## داعش هەڕەشەیەکی سەربازی جددییە

**زاڵمای خەلیلزاد:** کورد مافی خۆیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام ئەوان لە دەستووری عێراقدا بڕیانداوە بەشێوەیەکی ئازادانە بەشێک بن لە عێراق، من خۆشم لە کاتی دانانی دەستووری عێراق وەک باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چڕی بەشداربووم، هەردوو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند بە ڕوونی دەستنیشانکراون، هەندێک هەڵوێست هەبوون لەلایەن هەندێک سیاسەتوانی عێراقی کە دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکەنەوە . من پێموایە ئەگەر سیستمی فیدراڵی بۆ خەڵکی عێراق ئیش نەکات بەتایبەتی بۆ کورد، بژارەکانی دیکە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە لەبەرچاو دەگیرێن. بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەی کە هاتووەتە ئاراوە، هیوایەک هەیە سیستمی فیدراڵی بەهێز ببێت، نە تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی عێراقیش. بۆ نموونە داواکاری لە بەسرەوە بەرزبووەتەوە و هەروەها لە هەندێ ناوچەی سوننەنشینەوە، ئەوانیش نامەرکەزی زیاتریان دەوێت.

هەر کاتێک ئەو دەستوورە بە ئاراستەیەکدا بڕوات کە جێبەجێ نەکرێت، ئەو قسەوباسانەی کە لەبارەی سەربەخۆیی دەکرێن، گەرموگوڕ دەبنەوە . ئێستا لەگەڵ هەڕەشەی داعش و حکومەتەکەی عەبادی کە خوازیارە هەمەلایەن بێ و پەسەندی کردووە کە عێراق زیاتر نامەرکەزی بێ، دیسان فۆکۆسەکان لەسەر فیدراڵیزمە کە ئایا دەکرێت کاری پێبکرێت. بەڵام پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو کەسێک تێدەگات کە کوردستان دەیەوێت بە چ شوێنێک بگات. بەتایبەتی لەو کاتەی کە ڕێگە بە فیدراڵیزم نەدرێت کاربکات و هەوڵێک هەبێت بۆ ئەوەی دیسان دەسەڵات مۆنۆپۆل بکرێت و بە مەرکەزی بکرێت لە بەغدا. بەڵام هیوایەکی زۆر بە پابەندبوونی عەبادی هەیە، هەرچەندە ئێمە لە ئاستەنگەکان و کێشەکانی ئەو تێدەگەین. بەڵام ئەگەر وابڕوات، فیدراڵیزم دەتوانێت کاربکات و دەکرێ مۆدێلەکەش لە ناوەوەی عێراق بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە . تەنانەت مۆدێلی عێراق دەکرێت دووبارە بکرێتەوە لە وڵاتانی دیکەی وەک سووریا بەهۆی ئەو جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینییەی کە لەو وڵاتەدا هەیە .

## ئەگەر فیدراڵی بۆ خەڵکی عێراق ئیش نەکات، کورد بژارەی دیکەی دەبێت

**ڕووداو: دوای شەڕی داعش جارێکی دیکە مەسەلەی میلیشیا لە عێراق سەریهەڵدایەوە؟ بەرپرسانی ئەمریکا چۆن تەماشای میلیشیاکانی عێراق دەکەن؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** ئەوە ڕەنگە کێشەی لێبکەوێتەوە . بەڵام ئەوە بە چەند شتێکەوە پەیوەستە . هێزێکی بەرگری نیشتمانی لە ناوچە سوننەکان هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە خەڵکی ئەو ناوچانە بکات، بەڵام ئێستا میلیشای زۆر هەیە کە لە ناوچە شیعەکان چالاکن. ئەو میلیشیایانە قبووڵیان کردووە کە وەک هێزی پارێزەری ئەو ناوچانە کاربکەن. هەر ناوچەیەک هێزی بەرگریی خۆی هەبێت. هەروەها حکومەتی ناوەندی دەتوانێت سوود لەو هێزانە وەربگرێت و بیانکات بە هێزێکی نیشتیمانی پرۆفیشناڵ، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕووی نەدا و کاری نەکرد و میلیشیاکان بەردەوام بوون لەوەی کە بە میلیشیا بمێننەوەو لە پاڵ شەڕی داعش شەڕی یەکدی بکەن لەسەر پارە و دەسەڵات، لەم حاڵەتەدا ئەوە زۆر مەترسیدار دەبێت بۆ عێراق. بۆ هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە .

ئێستا بیرۆکە سەرەکییەکە دامەزراندنی هێزێکی بەرگری ناوچەییە بۆ هەر پارێزگایەک کە داعش لەو ناوچانە وەدەرنێن، ئەمە دەکرێت بیرۆکەیەکی باش بێت. هۆکاری زۆر هەیە بۆ ئەوەی کە نیگەران بین. مێژووی میلیشیاکان لە هەندێ ناوچەی وەک ئەفغانستان کە من بە باشی دەیناسم، ئەوە دەردەخەن. میلیشیاکان پاش ئەوەی کە دژی سۆڤیەت بەشەڕ هاتن، ناکۆکی کەوتە نێوانیان و دەستیان کرد بە شەڕکردن لەگەڵ یەک، کابولی پایتەختی ئەفغانستانیان وێران کرد. بەڵام هیوا هەیە کە میلیشیاکان ڕێکبخرێن، ئەوەش لە چوارچێوەی ئەوەی کە لە هەر پارێزگایەک وەک پاسەوانی نیشتمانی ئەو پارێزگایە بمێننەوە، بۆ نموونە لە پارێزگای بەسرەو شوێنەکانی دیکە. ئایا ئەمە کاردەکات، ئایە ئەمە ڕوودەدات یان بە پێچەوانەوە، ئەوە یەکێکە لە پرسیارە سەرەکییەکان کە لەبەردەم عێراقدایە. پێموایە هەموو عێراقییەکان دەبێت نیگەرانی ڕۆڵی میلیشیاکان بن لە داهاتوودا و ئەوەی کە چییان بەسەر دێت.

**ڕووداو: سوپای عێراق دوای هاتنی داعش چۆن ڕێکدەخرێتەوە؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەو سوپایە ڕێکبخرێتەوە بەپێی ئەزموونی پێشوو، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە کە سوپای عێراق بچووکتر بێت لەوەی پێشتر هەبوو، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندە بەوەی کە یارمەتی ئەو سوپایە بدات و ڕاهێنانیان پێبکات. ڕەنگە ڕوانگەی جیاواز هەبێت لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیباشە سوپا ڕێکبخرێتەوە، ڕەنگە

## کوردستان ناچار نییە پارەی چەکی پێشمەرگە بدات

## ئەمریکا پابەندە بە پرچەککردن و ڕاهێنان بە سێ فیرقەی پێشمەرگە

هەندێ وڵاتی دەوروبەر چارەسەری میلیشیاکانیان پێ گونجاو بێت بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ عێراق دابین بکەن. ئەو جیاوازییە لە ڕوانگەدا ئەگەری هەیە کێشەی زۆری لێبکەوێتەوە، دەتوانێت تەحەدای گەورە دروستبکات بۆ عێراق.

هەرێمی کوردستانیش پێویستە چاکسازی لە هێزە ئەمنییەکانیدا بکات و یەکیانبخات، هەروەها مۆدرێنی بکات. دەبێت وانەی زۆر لەوەی کە ساڵی ڕابردوو ڕوویدا وەربگیرێت. پێموایە وانەیەک کە من لەگەڵ خۆمی هەڵدەگرم ئەوەیە، پێشمەرگە بەپێچەوانەی سوپای عێراق وەستان و شەڕیان کرد لە مووسڵ. پێشمەرگە ڕاینەکرد و لەیەک دانەبڕان، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ڕوویدا، دەبێت وریابین لەوەی پێشمەرگە دەبێت یەکگرتوو بێت و بە پرۆفیشناڵ بکرێت و هەروەها مۆدرێن بکرێت. ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن کوردەوە دەبێت بدرێن ئەوەیە کە قەبارەی ئەو هێزی پێشمەرگەیەی پێویستیان پێیە چەندە، چەندە پێویستیان بە هێزی یەدەکی پێشمەرگە هەیە. چەند یەکەیان پێویستە، چەند فیرقەیان دەوێت. بەرپرسیارێتی هەر فیرقەیەک چی دەبێت، لە چ ناوچەیەکدا دەبێت ئەو فیرقانە چالاک بن. هەروەها ئەرکی ئەوان دەبێت نەتەنیا دابینکردنی ئاسایشی خاکی هەرێمی کوردستان بێت بۆ نموونە لە دەستی نەیارانی وەک داعش، بەڵکو ئەو هێزانە دەبێت پارێزەری موڵک و ماڵ و سامانی ئەو هەرێمە بن لە دەستی تیرۆریستان. لەبەر ئەوە سەرەڕای ئەو ئازایەتییەی کە پێشمەرگە پێشانی داوە، پرسیاری زۆر هەیە کە چۆن لە داهاتوو بڕوانین، دەبێت ئەو زیانە زۆرانە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا بەر پێشمەرگە کەوتووە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە شەڕ بەردەوامە، دەبێت چاکسازیش بکرێت. لە هەمانکاتدا دەبێت هەوڵی یەکگرتنەوەش بدرێت. تا سیاسەتی کەمتر لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەبێت، ئەو هێزە پرۆفیشناڵتر دەبێت.

**ڕووداو: هەندێ سەرکردەی ئێرانی گوتیان هەولێر لە کەوتندا بوو، میلیشیاکانی شیعە و هێزەکانی ئەوان پاراستیان، ئەمریکا ڕۆڵی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چۆن دەبینێ؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** من چەندین بەیاننامەم خوێندووەتەوە لەسەر ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا،

## پێشمەرگە شیاوی پاڵپشتی نێودەوڵەتییە

بەڵام پێموایە گرینگە ڕۆڵی ئەمریکا دەستنیشان بکرێت و ستایش بکرێت. پێموایە کورد و جیهانیش دەزانن ڕۆڵی ئەمریکا چی بوو ئەو کاتەی کە داعش هێرشەکانی بۆ سەر مەخموور و گوێر دەستپێکرد، بەڵام ئەمریکا یارمەتی کوردی دا بۆئەوەی هێزەکانی خۆیان ڕێکبخەنەوە و پاشەکشە بە داعش بکەن. هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر لەم شەڕەدا دەبینێت.

**ڕووداو: ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** ئەو قوربانییە گەورەیەی کە پێشمەرگە داویەتی و بە لیستکراوە و بریتییە لە شەهیدبوونی 800 پێشمەرگە و بریندابوونی 4000 پێشمەرگە، پێموایە جیهان

## عەبادی لەوەدەچێت سەرکردەیەکی باش بێت

قەرزداری پێشمەرگەیە و دەبێت ستایش و ڕێز لە قوربانییەکانی و ئەو بەرگرییە بگیرێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا پێشانی دەدەن. بەتایبەتی لەم کاتەی کە قەیرانێکی سەختی دارایی هەیە تەنانەت بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. چیرۆکی زۆرم بیستووە کە پێشمەرگە مووچەکانیان وەرنەگرتووە لەکاتێکدا خەریکی شەڕە. بیستوومە کە بۆ ماوەیەک شەڕ دەکەن و ئینجا کاتێکی دیکە تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی کارێکی دیکە بکەن تاوەکو خێزانەکانیان بژیێنن. قوربانیدانی زۆر هەیە کە جیهان لەبارەی پێشمەرگەوە نایزانن و هەروەها ئەو قوربانییەی کە کورد بە گشتی داویەتی، لەوانەش ئەو هەموو خەڵکەی کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریاوە هاتوون و کورد شوێنیان بۆ کردوونەتەوە، ئەوەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوانە مەسیحین یان ئێزدی و شیعە و سوننە.

**ڕووداو: پێتانوایە باشووری کوردستان دەتوانێ ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ؟**

**زاڵمای خەلیلزاد:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تەحەدا لە بەردەمیدا نییە و هیچ کێشەیەکی نابێت. کاتێک کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق بەراورد دەکەین، پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بڕوانە 10 – 12 ساڵ لەمەوبەر هیچ ژێرخانێکی وزە لێرە نەبوو. ئێستا کوردستان دەتوانێت 400 تا 450 هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بەرهەمبهێنێت. ئەوەش دەستکەوتێکی لەرادەبەدەرە. بایی ملیاران دۆلار وەبەرهێنان لەو کەرتەدا کراوە. کاتێک کە لە ساڵی 2002 بە فڕۆکەیەکی سەربازیی ئەمریکی سەردانی کوردستانم کرد. ناچاربووین فڕۆکەکە لە شوێنێک دابەزێنین کە وەک جووتسایدێک وابوو. ئێستا دەبینی فڕۆکەخانەی هەولێر هەیە، فڕۆکەخانەی سلێمانی هەیە و هەروەها پێشکەوتنێکی زۆریش لە ژێرخاندا بەدی هاتووە. ئەوکات بۆ کاژێرێکیش کارەبا نەبوو، ئێستا ڕەنگە کێشەی کارەبا هەر مابێت، بەڵام دابینکردنی 22 یان 21 کاژێر کارەبا دەستکەوتێکی گەورەیە. بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری زۆر هاتووەتە ئاراوە. بەڵام ئەمانە بەو مانایە نییە کە هیچ کێشەیەک نییە، هەروەها تەحەددای زۆر گەورەش هەن کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەتەوە. هەندێجار نەوت دەبێتە لەعنەت لە جیاتی ڕەحمەت. ئەوەش پەیوەستە بە چۆنیەتی یاسادانان و دروستکردنی ژێرخان.

رووداو
ئابووری
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

## کوردستان داهاتەکانی ناداتە بەغدا



**رووداو- هەولێر**

ئەحمەد حاجی رەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) رایگەیاند، کە لەدوا دانیشتنی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ئەوە جێگیرکراوە، کە ئیدی پارێزگاکان داهاتە نێوخۆییەکانیان ناگەڕێننەوە بۆ بەغدا "جگە لە داهاتی خاڵە گومرگییەکان و بەرهەمە نەوتییەکان کە بە (داهاتە ئیتیحادییەکان) ناسراوە، ئەوەش بۆ کورد شتێکی باشە و گرنگە". بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو) داهاتی ناوخۆی کوردستان مانگانە زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلارە.

## 172 بانک و لقی بانکی حکومی و ئەهلی لە کوردستان

# بانکەکان بوونەتە نووسینگەی ئاڵوگۆڕ و حەواڵەی دراو



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### بەڕێوەبەری بانکێک: بانکەکان کاریگەرییان لەسەر ژێرخانی ئابووریی کوردستان نییە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی دواکەوتنی مووچە و قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، زۆربەی بانکە ئەهلییەکان قەرز نادەنە هاووڵاتیان و وەبەرهێنەران. شارەزایەکی ئابووری دەڵێت "ئەرکی بانکی ناوەندی و وەزارەتی داراییە ناچاریان بکەن قەرز بدەن".

بەپێی ئاماری بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان، 88 بانکی حکومی و 84 بانک و لقی بانکی بیانی لە کوردستان هەن، پشکی شێری بانکە بیانییەکانیش بەر لوبنان و تورکیا دەکەوێت.

د.عیزەت سابیر، پسپۆڕی ئابووری و سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت بەر لەو قەیرانە، بانکە ئەهلییەکان لە ڕێگەی بەخشینی قەرزی بچووک و مامناوەند بەخەڵک و وەبەرهێنەکان تارادەیەک کاریگەرییان لەسەر جووڵەی بازاڕ و گەشەی ئابووری هەبوو، بەڵام دوای قەیرانەکە پێدانی قەرز لە بانکە ئەهلییەکان زۆر کەمبووەتەوە و مەرجەکانیشیان زۆر قورس کردووە.

گوتیشی "هەندێ لە بانکە ئەهلییەکان بەتەواوی قەرزیان ڕاگرتووە، هۆکارەکەشی بێ پارەیی نییە، بەڵکو متمانەیان بە بارودۆخەکە نییە، بۆیە ئەرکی بانکی ناوەندی و وەزارەتی داراییە دڵنیایان بکاتەوە و ناچاریان بکات قەرز ببەخشن".

دامەزراوە بانکییەکان پایەیەکی گرنگی گەشە و جووڵەی ئابوورین، چونکە لە ڕێگەی بەخشینی قەرزی درێژخایەن بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان بەشدار دەبن لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات.

د.عیزەت سابیر دەڵێت "هیچ بانکێکی ئەهلی لەکوردستان قەرزی درێژخایەن و گەورەی بەهیچ کەسێک نەداوە، چونکە وەبەرهێنەری ئێرە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی قەرزێکی درێژخایەن بەسوویی زۆر وەربگرێت، بانکە ئەهلییەکانیش ئامادەنین سەرمایەکانیان بخەنە قەرزی درێژخایەنەوە".

#### سوودیان زۆرە

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان نرخی سوودی قەرزەکان لەسەر بنەمای گەشەی ئابووری و هەڵاوسان و داکشانی ئابووری دیاری دەکرێت، بەڵام لەکوردستان بارەکە پێچەوانەیە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەمایانە، هەر بانکێک بەئارەزووی خۆی مەرج و سوود بۆ قەرزەکانی دیاری دەکات.

د.عیزەت دەڵێت "لە کوردستاندا ئەم بنەمایانە بۆ نرخی سوودەکان لەبەرچاوناگیرێت. هەر بۆیە بانکە ئەهلییەکان بەئارەزووی خۆیان سوود دەخەنە سەر قەرزەکانیان، تەنانەت بانکە حکومییەکانیش پەیڕەوی ئەم بنەمایە ناکەن، بۆ نموونە بانکێکی حکومی ئەگەر پارەی لێ دابنێی سوودی ساڵانەی 6%ە، بەڵام ئەگەر قەرزی لێبکەی سوودەکەی 11%یە، ئەگەر ئەمە فەلسەفەی کاری بانکی حکومی بێت، دەبێت چی لەبانکی ئەهلی چاوەڕوان بکرێت؟".

بانکی مەنسور بۆ وەبەرهێنان کە بانکێکی عێراقی و قەتەرییە، 7 لقی لە شارەکانی عێراق هەیە و ساڵی 2006 لقیان لە شاری هەولێر و سلێمانی کردەوە.

سەردار پیربال سەرسپی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی مەنسور بۆ وەبەرهێنان دەڵێت ئەوان قەرزی بچووک و مامناوەند و تەنانەت درێژخایەنیشیان بە وەبەرهێن داوە. گوتیشی "سەرەتا نرخی سوودی قەرزەکانمان دەگەیشتە 19%. بەڵام ساڵی رابردوو سوودەکەمان بۆ 10.5 کەم کردەوە، بۆ ئەو کەسانەشی کە پارە لە بانکەکەمان دادەنێن ساڵانە 5% سوودی پێدەدەین".

#### متمانەیان بەخەڵک نییە

بانکە ئەهلییەکان بۆ هەر بڕە قەرزێک، چەند بەرامبەری قەرزەکە دڵنیایی وەردەگرن، زۆتریش داوای تاپۆی خانوو و زەوی دەکەن.

سەردار پیربال لەوبارەیەوە دەڵێت "بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان، ناچارین لەڕێگەی دانانی دیواربەندی دڵنیایی وەک تاپۆی خانوو و زەوی، مەترسیی لەدەستدانی سەرمایەکانمان کەمبکەینەوە".

د.عیزەت دەڵێت "بانکە ئەهلییەکان متمانەیان بەخەڵک نییە، بۆیە لەکاتی پێدانی قەرز مەرجی زۆر قورس دادەنێن، تەنانەت بانک هەیە پێشوەختە سوودەکانیان لە خەڵک وەردەگرن کە ئەمە لە هیچ وڵاتێکی دونیادا نییە".

ئابووریناسان دەڵێن زۆر لە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان تایبەتمەندی بانکیان نییە، زۆرتر لە نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕ و حەواڵەی دراو دەچن. سەردار پیربال سەرسپی دەڵێت "راستە زۆر لە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان کاری دروستی خۆیان ناکەن". گوتیشی "زۆربەی بانکەکان کاریگەرییان لەسەر ژێرخانی ئابووریی کوردستان نییە، دەتوانم بڵێم 70%ی بانکە ئەهلییەکان لەو سێکتەرانە کاردەکەن کە قازانجی زەبەلاح و خێرایان دەستدەکەوێت، ئامادەنین سەرمایەکانیان بخەنە قەرزێکی درێژخایەنەوە".

بانکی ئاسیای تورکی کە لە ساڵی 2012 لقێکی لەشاری هەولێر کردەوە، لە شوباتی 2014 بەخشینی قەرزی بە وەبەرهێن و کۆمپانیاکان راگرت، دوای هاتنی (داعش)یش بەخشینی قەرزی بچووکیشی بەخەڵک راگرت.

خەیری کینچ، جێگری بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی ئاسیا لەو بارەیەوە گوتی "راگرتنی بەخشینی قەرزەکانمان بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و ناسەقامگیریی بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوەیە". گوتیشی "بەهۆی راگرتنی قەرز ساڵی رابردوو زەرەری زۆرمان کردووە و کارمان وەستاوە، بەڵام ئەو زیانەمان پێ باشترە لە بەخشینی قەرزێک کە دڵنیا نەبین لە گەڕاندنەوەی".

ئێستا پارەیەکی زۆری ئەو بانکە کەوتووەتە لای حکومەت. چونکە بەڵێندەرەکان نەیانتوانیوە قەرزی بانکەکە لە کاتی خۆیدا بگەڕێننەوە، بانکەکەش ناچار بووە ئەو چەکە بانکییەیان لێوەربگرێت کە حکومەت پێیداون.

ئەدهەم کەریم دەروێش، بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان لقی هەولێر، دەڵێت "بەپێی دەستوور مۆڵەتی کردنەوە و دامەزراندنی بانکی نوێ و دیاریکردنی سوود و چاودێریکردنی سەرمایەکانیان و دانانی 15%ی سەرمایەکانیان لە بانک لە دەسەڵاتی بانکی ناوەندی عێراقدایە، بۆیە ئێمە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی بانکە ئەهلیەکانمان نییە".

گوتیشی" بانکی ناوەندیی عێراق بۆ کێبڕکێی بانکەکان هیچ نرخێکی بۆ سوودی قەرزەکان دیاری نەکردووە، بۆیە ئێمە ناتوانین بانکە ئەهلییەکان پابەندی نرخێکی دیاریکراو بکەین".

سەبارەت بە وەرگرتنی قەزر لە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان، ئەدهەم کەریم گوتی "قەرزمان لێنەکردوون، بەڵام داوای ئەو پارانەیان نەکردووەتەوە کە پێشووتر وەک رەسید لای ئێمە هەیانبووە".

#### بانکێکی ئەهلی مایەپووچ بووە

بەپێی قسەی د.عیزەت سابیر، تاوەکو ئێستا تەنیا یەک بانکی ئەهلی مایەپووچبوونی خۆی راگەیاندووە، ئەمە لەکاتێکدایە بەسەدان هەزار دۆلاری خەڵکی لایە و بانکەکەش هێشتا لەکاردایە و بەبیانووی مایەپووچبوون پارەی خەڵک ناداتەوە.

گوتیشی "دەبووایە بانکی ناوەندیی عێراق لە یەدەگی ئەو بانکەی لەلایەتی بەشێک لەو قەرزەی هاووڵاتیان بداتەوە، بەڵام بە داخەوە لەکاتی ئیفلاسبوونی بانکەکان زەرەمەندی یەکەم هاووڵاتییە".

ئەدهەم کەریم دەڵێت "هیچ یاسایەک نییە بانکی ناوەندی ناچار بکات لەکاتی ئیفلاسی بانکە ئەهلییەکان پارەی خەڵک بداتەوە".

## ساڵی 2014

# مۆڵەتی بازرگانی زۆر بووە و جموجۆڵی بازرگانی کەم بوو

**محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

ساڵی رابردوو جموجوڵی بازرگانی لە سەرجەم خاڵە سنوورییەکان بە وشکانی و ئاسمانییەوە لە هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی بەرچاو دابەزی، بەڵام بە پێچەوانەوە پێدانی مۆڵەت بە بازرگانان بەراورد بە ساڵی 2013 زیادی کردبوو.

#### 4000 مۆڵەتی بازرگانی دراوە

بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو 4 هەزار و 96 مۆڵەتی بازرگانی دراوەتە ئەو بازرگانانەی هاوردە و هەناردەی کەلوپەل دەکەن لە خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکانەوە.

ئەم مۆڵەتانە بە بەراورد بە ساڵی 2013 زیادی کردووە، چونکە لەو ساڵەدا تەنیا 3 هەزار و 562 مۆڵەت دراوەتە ئەم بازرگانانە.

هەر بازرگانێک کە داوای مۆڵەتی هاوردە و هەناردەی کاڵا دەکات، دەبێ رەسیدێک دیاری بکات کە لە ماوەی ساڵێکدا بایی چەند کاڵا هاوردە دەکات. بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی، رەسیدی ئەو 4090 بازرگانە لە ساڵی رابردوو بایی 10 ترلیۆن و 584 ملیار و 150 ملیۆن دینار بووە، واتە ئەو بازرگانانە بۆیان هەبووە بە قەد ئەو رەسیدە بازرگانی بکەن. بەڵام ئەو رەسیدە لە ساڵی 2013دا کەمتر بووە و گەیشتووەتە 10 ترلیۆن و 3 ملیار و 153 ملیۆن دینار.

#### 62 هەزار ئۆتۆمبێل هاوردە کراوە

ساڵی رابردوو دەروازەی ئیبراهیم خەلیل زۆرترین مۆڵەتی بازرگانی تێدا وەرگیراوە کە 2 هەزار و 71 مۆڵەت بووە و بڕی رەسیدی ئەو مۆڵەتانەش 5 ترلیۆن و 793 ملیار دینار بووە.

هەروەها لە ساڵی رابردوودا 547 مۆڵەتی بازرگانی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە بازرگانان دراوە و ئەوانیش 62 هەزار و 784 ئۆتۆمبێلیان لە رێگای دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە هاوردە کردووە.

بەڵام لە ساڵی 2013دا ژمارەی مۆڵەتەکانی بازرگانی تایبەت بە بازرگانیی ئۆتۆمبێل 846 مۆڵەت بووە و 137 هەزار و 271 ئۆتۆمبێل هاوردەی باشووری کوردستان کراون.



#### دەروازەیەکی تازە بۆ بازرگانانی کوردستان

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ لە نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانیی عێراق گفتوگۆکرا، وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردووەوە رازی بوو بازرگانانی باشووری کوردستان بتوانن سوود لە خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکانی عێراق وەربگرن و بە پێچەوانەشەوە. هەروەها هەردوولا کار بە مۆڵەتە بازرگانییەکانی یەکدی بکەن. بەپێی ئەو رێککەوتنە نوێیە بازرگانان دەتوانن بۆ هەر ساڵێک یەک مۆڵەتی بازرگانی وەربگرن.

#### جموجۆڵی بازرگانی 50% کەمی کردووە

لە ساڵی 2014دا بازرگانەکانی باشووری کوردستان بەهۆی هێرشی چەکدارانی داعش چالاکییە بازرگانییەکانیان کەمکردەوە، بەهۆی ئەوەی رێگای گواستنەوەی بارەکانیان بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق گیرا و بەشێکی زۆری ئەو بارانە لە کۆگاکان و خاڵە سنوورییەکان دانران.

سیروان محەممەد سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ساڵی 2014 ساڵێکی ناخۆش بوو بۆ بازرگانان، چونکە جموجۆڵی بازرگانی لەو ساڵەدا نزیکەی 50% کەمی کرد بەراورد بە ساڵی 2013. گوتیشی "هێرشەکانی داعش و قەیرانی دارایی و نەناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی جموجۆڵی بازرگانی بوو".

#### شێوازی وەرگرتنی باج گۆڕاوە

پێشتر بازرگانانی کوردستان و عێراق هەر کاڵایەکیان هاوردەکردبا، رێژەی 5%ی نرخی کاڵەکەیان وەکو گومرگ لە خاڵە سنوورییەکان لێوەردەگیرا، بەڵام ئێستا سیستمی وەرگرتنی باج لە خاڵە سنوورییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بەڕێوبەری گشتی بازرگانی هەولێر ئاماژەی ئێستا حکومەتی عێراق شێوازی وەرگرتنی باجی گۆڕی بۆ ستانداردی نێودەوڵەتی و هەر ماددەیەک پێناسەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە بۆ وەرگرتنی باج، چونکە عێراق ئەندامە لە رێکخراوی بازرگانی جیهان، ئێستا هەوڵ دەدات ببێتە ئەندامی هەمیشەیی ئەو رێکخراوە. گوتیشی "ئەو بڕیارە دەروازە سنوورییەکانی باشووری کوردستانیش دەگرێتەوە و ئێستا سیستەمی وەرگرتنی باج بەو شێوەیە.

#### دوو پرۆژە یاسا کۆنترۆڵی بازار دەکەن

دەربارەی قۆرخکاری بازارەکان لەلایەن بەشێک لە بازرگانان و جیاوازی نرخەکان لە بازاڕەکانی باشووری کوردستان و پلانی وەزارەتی بازرگانی بۆ رێگریکردن لەو دیاردانە، عەزیز ئیبراهیم ئاماژەی بەوەشکرد کە دوو پرۆژە یاسای تایبەت پێشنیاز کراون بۆ پەرلەمانی کوردستان کە یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر و یاسای کێبڕکێکاری و رێگری کردن لە قۆرخکارییە.

ناوبراو گویتشی "ئەگەر ئەو دوو پرۆژە یاسایە پەسەند بکرێن، ئەوە مافی بەکاربەران زیاتر دەپارێزرێت و هیچ بازرگانێک ناتوانێت جیاوازی نرخ دروستبکات و لە خۆوە نرخ دابنێت، چونکە بەپێی ئەو پرۆژە یاسایانە دادگایەکی ئابووری دادەنرێت بۆ بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانی بەکاربەران و سزادانی بازرگانان لە کاتی قۆرخکاری و یان زیادکردنی نرخەی شتومەکەکان".

# کاکەیی فەوجی خۆیان دەوێ و ململانێی حیزبیش لەسەر فەرماندەکەیە


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**پەرلەمانتارێک:**
**نابێ هێزی سەربازی لەسەر ئەو بنەمایە دروستبکرێ**

**کاکەییەک:**
**ئەم دەشتەیان چۆڵکردووە بۆئەوەی داعش بێن بۆمان**

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەنێو پارچە زەوییە کشتوکاڵییەکەی خۆیانەوە، کە بەتەنیشت ئەو زەوییانەوەیە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەردا گرتووە، سەید تەحسین، خەریکی کاری کشتوکاڵە و نایەوێ دەستی لە تاکە داهات و سەرچاوەی بژێوی ژیانی ببێتەوە. ئەو یەکێکە لە قسەڕۆیشتووانی کاکەییەکانی ناوچەکە و دەڵێ "هەرکەسێک بێتە ئێرە و ببینێ من چ یارییەکی ترسناک بەژیانمەوە دەکەم، دەزانێ چەندە پێویستمان بەوەیە هێزێک بۆ کاکەییەکان دروستبکرێت و لەخۆمان بێت".

لەپڕ دەنگی تەقینەوەیەک دێت و بۆ ماوەیەک سەید تەحسین بێدەنگ دەبێ "بیستت؟ ئەوە هاوەنێکی داعش بوو لە نێو زەوییەکەم کەوتە خوارەوە، بەردەوام ئەوە حاڵی ئێمەیە. بۆیە داوامانکردووە هێزێکی کاکەییمان بۆ دروستبکرێت، تاوەکو بمانپارێزێت".

650 کەس لە گەنجانی کاکەیی بە ئامانجی دروستکردنی هێزێکی تایبەت بە خۆیان چوونە نێو مەشقێکی چەند مانگی، ئەمەش دوای ئەوەی پێکهاتە و دانیشتووانی ئەو ناوچانەی بە (ناوچەی کێشە لەسەر) ناسراون و دەکەونە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، هێزی تایبەت بە خۆیان بۆ دروستکرا، بەڵام ئەوەی کاکەییەکان کە دەبوو 3 فەوجیان بۆ دروستبکرێ، کێشەی سیاسی و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دانانی فەرماندەی فەوجەکە، دوایخست.

ئێستا هەموو قسەکان لەسەر دروستکردنی فەوجێک چڕبوونەتەوە و هەموو شتێک خراوەتە سەرپێ، بەڵام ئایا وەزیری پێشمەرگە کە سەر بە هیچ کام لە دوو لایەنە ناکۆکەکە نییە، ئەم یارییە چۆن یەکلایی دەکاتەوە؟

ڕەجەب عاسی کاکەیی، لێپرسراوی ناوەندی کەرکووکی کۆمەڵەی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی یارسان، دەڵێ "ئێمە لای خۆمانەوە کەسێکمان دەستنیشانکرد بۆ ئەوەی ببێتە فەرماندەی فەوجەکە و کۆک بووین لەسەری، بەڵام لایەنێکی سیاسی ڕەتیدەکاتەوە و دەیەوێ ئەو کەسە لە خۆی بێت". گوتیشی بەهۆی ئەو کێشەیەوە بابەتەکە گەیشتووەتە وەزارەتی پێشمەرگە و ئێستا وەزیر ڕایگرتووە.

سنوورێکی جوگرافی فراوان هەیە لە پارێزگای کەرکووک، بەشێکی دانیشتووانەکەی کاکەیین. ڕەجەب عاسی دەڵێ "گردێک یان شاخێک نییە گوندەکانی ئێمە لە ناوچەی داعش و عەرەبەکان جیابکاتەوە، بۆیە پێویستە ژمارەیەک پێشمەرگە لەوێ بن و خەڵکەکە بپارێزن، بەڵام ئەوە بە کاکەییەکان دەکرێ، خەڵکی ناوچەکەن و شارەزان، ڕووداوەکانی ئەو دواییەش دەریانخست خەڵک هاوسۆزی بۆ شوێنی خۆی زۆرترە".

عەلی سەرای، زەنقڕ، ئەلبومحەممەد، ئەلبونەجم و چەند گوندێکی دیکە کە کاکەییەکان دەیانەوێ نەکەونە دەستی داعش. ناوچەیەک کە بۆ کشتوکاڵکردن بەرهەمێکی باش دەستدەخەن و لە کۆنەوە کاکەییەکانی تێدا ژیاون. بەڵام ئێستا گوندەکانی ئەلبومحەممەد و ئەلبو نەجم لەژێر دەستی داعشن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەستیکەوتوون، ناکۆکی ئەوە لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، یەکێتی دەیەوێ کەسێکی یەکێتی بکاتە فەرماندەی فەوجەکە، چونکە ئەو کەسەی دەستنیشانکرابوو بۆ فەرماندەیی فەوجەکە پارتی بووە و پارتیش بەو هەوڵەی یەکێتی ڕازی نابێ. لەو نێوەندەدا وەزیری پێشمەرگە، بڕیاری داوە کەسێک بەناوی عادل کە پێشتر لە سوپای عێراقدا فەرماندەی لیوا بووە و کاکەییە، بکاتە سەرپەرشتیاری فەوجی کاکەییەکان بۆ ماوەی 2 مانگ، تاوەکو کەسێک وەک فەرماندەی فەوجەکە دیاری دەکرێت.

کاکەییەکان لە سنووری پارێزگای نەینەوا چەند گوندێکیان داگیرکران لەلایەن چەکدارانی داعشەوە و 5 شوێنی ئاینیشیان تەقێندرایەوە. بەڵام وەک ڕەجەب عاسی باسی دەکات، تاوەکو ئێستا هیچ هاووڵاتییەکی مەدەنی کاکەیی نەکەوتووەتە دەست چەکدارانی داعش "تەنیا 4 سەربازی کاکەیی بێسەروشوێنن لەوانەی کە لەنێو سوپای عێراق بوون لە تکریت".

سەید تەحسین دەترسێ چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێیان بکات "نێوانی ئێمە و چەکدارانی داعش زۆر کەمە و زەوییەکانمان بەیەکەوەن، کەچی پێشمەرگەکان لە دوامانەوەن و نایەنە پێشەوە". گوتیشی "بەشەو منداڵ و ئافرەتەکان عەلی سەرای چۆڵدەکەن و گەنجانی کاکەیی دەمێننەوە و تاوەکو بەیانی پاسەوانی دەکەن". ئەو دەڵێ "ئەو دەشتەیان چۆڵکردووە بۆ ئەوەی داعش بێن بۆمان".

بەڵام فەرماندەیەکی سەربازیی یەکێتی لە کەرکووک ڕەتیدەکاتەوە پێشمەرگە نەتوانێ ئەو ناوچەیە بپارێزێ "6 مانگە هێزی کاکەیی دروستنەکراوە و پارێزراویشن". وەستا ڕەسوڵ، هەروەها دەڵێ هیچ مەترسییان لەسەر نییە "گوندی ئەلبومحەممەد 130 ماڵە و تەنیا 12 ماڵی کوردی کاکەیین، ئەلبونەجمیش کەمترین ماڵی کوردی تێدایە و هەمووی عەرەبە". بەڵام ئەو فەرماندە سەربازییەی یەکێتی ڕەتیکردەوە ئاگای لە وردەکاریی ململانێی پارتی و یەکێتی بێت لەسەر فەرماندەی ئەو فەوجە.

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی 70 و 80 بچێتە پەرلەمان. سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمان دەڵێ لەو دانیشتنەدا باسی کێشەی ئەو فەوجەش دەکەین، بەڵام ئاری هەرسین، نیگەرانە لەوەی لە کاتێکدا باسی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و سوپایەکی نیشتمانی دەکرێت، هێزی دیکە بەو شێوەیە دروستبکرێ.

ئاری هەرسین گوتیشی "دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و مەزهەب و ئاینزاکانەوە یەکتری بپارێزن، ئێمە باسی یەکگرتنەوەی 70 و 80 لەگەڵ وەزیر دەکەین".

جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە، کە لە فراکسیۆنی یەکێتییە، ئەویش بەهەمانشێوەی ئاری هەرسین، ڕەخنە لە دروستکردنی هێزی لەو جۆرە لە کوردستان دەگرێت. دلێر ماوەتی دەڵێ لە عێراق میلیشیا و هێزی جۆراوجۆر دروستدەکرێ "دەبێ باسی هێزی پرۆفیشناڵی نیشتمانی بکرێ نەک هێزی لەو جۆرە".

# ئاوارەکانی جەلەولا لە ترسی حەشدی شەعبی ناگەڕێنەوە



**یەکێتی دەیەوێ بە ڕێککەوتن ئەوە چارەسەر بکات**

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

کەمپەکەی عەلیاوا لە خانەقین بووەتە عێراقێکی بچووککراوە، هەموو نەتەوەکان، بە مەزهەبە جیاوازەکانیشیانەوە لە ژێر خێمەکاندا هەڵتروشکاون و چاوەڕێی دوارۆژی خۆیان دەکەن کە بەندە بە دەنگوباسەکانی دوای شەڕەوە، بەڵام داهاتوو لە کەسەوە دیار نییە.

ئاوارەکانی جەلەولا و سەعدیە لە گەڕانەوە دەترسن. ئەو ترسە بەلای ماجد کەریم، هیچی کەمتر نییە لە ترسی ساڵانی پێش هاتنی داعش بۆ ناوچەکە "دەترسین حەشدی شەعبی تۆڵەمان لێبکەنەوە، ئەوانە هێزێکی حکومی و ڕێکخراو نین و ئاسان نییە بچیتەوە ئەوێ بەبێ ئەوەی بزانی هێزێک دەتپارێزێ".

لەوانەیە ماجد و ئاوارەکانی دیکەش، لەوەدا هاوبەش بن کە سەردەمێک نییە خۆزگە بە گەڕانەوەی بخوازن، چونکە ساڵانی دەسەڵاتداریتی سەددام حوسێن، بۆ خۆی کتێبی درێژی تراژیدیا و مەینەتی بوو، دواتریش گرووپە توندئاژۆکان بەناوی جیاوازەوە لەوێ گیرسانەوە و لەسەر ناسنامە کوردییەکەیان هەڕەشەی بەردەوامیان لێدەکردن. ئەوانە بە هاتنی داعش کۆتاییان هات، بەڵام قەڵەمڕەوی داعش وایلێکردن بێ سێ و دوو ناوچەکە جێبهێڵن و هەڵلەرزینی سەرمای ژێر خێمەکان بەبرسێتی قبوڵ بکەن نەک مانەوە. ئێستا ناوچەکەی ئەوان، کەس حاکمی نییە، بەڵام دەمامکدارەکان (حەشدی شەعبی) سێبەری خۆیان کێشاوە بەسەریاندا.

ماجد کەریم دەڵێ بەهۆی خراپی وەزعی ئاسایش جارێ ناوێرین بگەڕێینەوە، هەندێکجار تەواو بێزار دەبین و دەڵێین دەگەڕێینەوە "بەڵام ڕێگەمان پێنادەن و دەڵێن با ئەو ناوە پاک ببێتەوە".

لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا ماجد، لەگەڵ چەند کەسێک چوونەتە گوندێکی نزیک جەلەولا و لەوێ تەرمی پێشمەرگەیەکیان هێناوەتەوە، کە ماوەیەک پێش ئێستا لەوێ بەهۆی بۆردومانەوە بووەتە قوربانی، دەرفەتی ئەوەشی هەبووە سەرێک لە خانووەکەی بداتەوە "هەموویان سووتاندبوو، پێیانگوتم داعش سووتاندوویەتی، لەوێ حەشدی شەعبی هەبوو، بەڕاستی ئێمە لە حەشدی شەعبیش دەترسین، بۆیە تاوەکو ئەوان لەوێ بن ناگەڕێینەوە".

"ئەگەر پێشمەرگە لەگەڵمان بگەڕێتەوە زۆر باشە". بەبۆچوونی محەممەد حاجی کەریم، تاکە چارەسەر ئەوەیە ئاوارەکان و پێشمەرگە بەیەکەوە بچنەوە جەلەولا و سەعدیە و دەڵێ لەگەڵ هەر ئاوارەیەک قسەم کردبێ گوتویەتی "دەترسم". چوونی پێشمەرگە و جێگیر بوونی لەو ناوچانە، داواکارییەکی کۆنی خەڵکەکەیەتی و هێشتا داعش پێینەخستبووە عێراقەوە، ئەوان داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی 4ساڵ لەمەوبەری نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقی دەکرد لە پارێزگای دیالە، کاتێک پێشمەرگە کشانەوە و دواتر ئەوان باجەکەیان دا.

ڕۆژی 10/8/2014 هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا پاشەکشەی کرد و داعش بەتەواوی کۆنترۆڵی کرد. لەو کاتەوە بەردەوام چەکدارانی داعش بۆمبڕێژی دەکەن. ڕۆژی 23/11/2014 پێشمەرگە هێرشی بۆ سەر جەلەولا دەستپێکرد و دوای زیاتر لە 15 کاژێر شەڕکردن، کۆنترۆڵکرایەوە. لەو شەڕە درێژەدا جەلەولا و گوندەکانی بەتەواوی کۆنترۆڵکرانەوە، بەڵام بە خوێنی 144پێشمەرگە و برینداربوونی زیاتر لە 300 پێشمەرگەی دیکە.

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی، شێخ جەعفەر مستەفا دەڵێ تاڵانییەکی زۆر لەو ناوچەیە کراوە و خەڵک هەندێکیان تەنانەت خانووەکانیشیان سووتێنراوە، دووکان و بازاڕەکان هیچی تێدا نەماوە "لە سەعدیە حەشدی شەعبی بەتەواوی دەستی بەسەردا گرتووە و لەجەلەولاش هەن، کەچی یەک پێشمەرگە بۆی نییە بچێتە سەعدیە".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانی سەعدیە، کە بۆ خۆشی ئاوارەی خانەقینە دەڵێ سەعدیە لەدەست حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی دایە و نە کورد و نە عەرەب و نە تورکمان کەسی تێدا نەماوە جگە لە چەکدار و سوپا "حەشدی شەعبی ناهێڵن کەس بڕواتە ئەوێ مەگەر پۆلیس یان سوپای عێراقی بێت". ساڵح مەهدی دەڵێت "ماڵەکان سووتاون و وێرانەیە، کارەبا و ئاو و شارەوانی و هیچ خزمەتگوزارییەکی لێنەماوە، ئیدی خەڵک چۆن دەتوانێ بگەڕێتەوە".

نزیکەی 70 هەزار خێزان لە جەلەولا و سەعدیەوە ئاوارەی خانەقین بوون و لە نێو کەمپەکان و خانوی کرێدا نیشتەجێکراون. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی شارەوانی سەعدیە "دەڵێ زۆربەی ئاوارەکان هاتوونەتە خانەقین، بەڵام بەشێک لە عەرەبەکان چوونەتە بەعقوبە و کەرکووک و هەیە چووەتە هەولێر".

هەرچەندە پێشتر ڕێگری لەخەڵک دەکرا نەگەڕێنەوە بە پاساوی ئەوەی هێشتا شارۆچکەکە لە بۆمب و تەقەمەنی پاکنەکراوەتەوە، بەڵام ئێستا کێشەکە پاککردنەوەی بۆمب و تەقەمەنی نییە. بەڵکو کێشەکە بوونی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانە، کە بوونەتە تارماییەکی دیکەی ترس لە دڵی خەڵکدا.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە لەچەند سەرچاوەیەکەوە دەستی کەوتوون، یەکێتی لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ شیعەکان ڕێکبکەوێ بۆ ئەوەی ڕێگە بە گەڕانەوەی پێشمەرگە و جێگیرکردنی بدەن لە سەعدیە، بەڵام ئەوان داوایان کردووە، پێویستە چەند پێشمەرگە دەچێتە سەعدیە ئەوەندەش چەکداری حەشدی شەعبی بچێتە جەلەولا.

لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە خانەقین دەڵێ "ئێمە دەمانەوێ ئامادەیی ئەمنیمان هەبێ لەو ناوچانە، دەمانەوێ لە سەعدیە ئێمەش هەبین، وەک چۆن دەیانەوێ لە جەلەولا هەبن". شێرکۆ میروەیس، هەروەها دەڵێ ڕێگە نادەن دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش ئازادکردن عێراق "نابێ لەوێ گرووپەکان کورد شەهید بکەن". گوتیشی "لەگەڵ سوننەکان و شیعەکانیش لە گفتوگۆدایین، چونکە ئاوارەکان بەو شێوەیە ناگەڕێنەوە".

# نیوەی دانیشتووانی گوندێک قاچی راستیان لەدەستداوە



**ئەنوەر حەمەغەریب و ئارام شەمێرانی**
**رووداو- سلێمانی**

محەممەد حەمەئەمین، ئەنجوومەنی گوندێکی دوور لە خزمەتگوزاری بوو لە بناری چیای سوورێن لە سنووری ئێران. دواجار چیدی تاقەتی گلەیی خەڵک و نەهاتنی خزمەتگوزاری نەما و 3 ساڵ لەمەوبەر دەستی لە کارەکەی کێشایەوە "کاکە مۆرم نەبوو، پارەم بۆ خەرج نەدەکرا.. بە ماندووبوونیان نەدەزانین".

لە گوندی بۆڕیدەر، شوێندەستی حکومەت زۆر بەکەمی دەبینرێ. محەممەد، دەڵێ ئەو قسەی دڵی خەڵکەکە دەکات، رێگای هاتوچۆ، نەخۆشخانە، ئاو، کارەبا و مولیدەیان نییە "30 قوتابی و 4 مامۆستامان هەیە، بەڵام دوای تەواوکردنی پۆلی پێنج، قوتابیەکانمان ناچارن واز بهێنن".

بەڵام ئەوەی لەو گوندە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات، ئەوەیە کە نیوەی پیاوەکانی گوند خاوەنی تەنیا قاچێکن. مین و تەقەمەنییەکانی جەنگی 8 ساڵەی ئێران-عێراق، قاچی راستی نیوەی پیاوەکانی ئەو گوندەی بردووە. هەر بۆیە دانیشتووانەکەی دەڵێن زیاتر لە خەڵکی هەر گوند و شارێکی دیکە، مافی تووڕەبوونیان هەیە.

"کاروباری ئاوایی بە قەدپاڵی شاخێکەوە، زۆر زەحمەتە بە تەنیا قاچێکەوە بیگوزەرێنی" عومەر شاسوار ساڵح، کە دەیەوێ بڕواتە نێوباخەکەی، دەڵێ هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە قاچی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا هەست بە ئازاری دەکات. ئەو پیاوە تەمەن 46 ساڵە، دەبێ ژیانی 3 منداڵ دابین بکات.

گوندەکە دەکەوێتە بەرزییەکەوە و بەقەدپاڵی شاخێکەوەیە، دەوروبەری گوندەکە لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا مینڕێژ کراوە، خەڵکی گوندەکە دەڵێن هێشتا مین لەوێ ماون.

عومەر یەک لەدوای یەک ناوی ئەو پیاوانەی ئاواییەکەی دەهێنا کە مینی چێنراو قاچێکی لێسەندوونەتەوە، حەمەجان، عومەر، عەبدول، غەریب، ئەحمەد، ساڵح، عەبدولڕەحمان، سابیر، عەبدولی حەمە عەلی، دیاری و زۆری دیکەش. هەروەها گوڵبەهار و شلێر "ئەمانە کەمئەندامن و هەموویان قاچی راستیان نەماوە".

جگە لەمانەش عارف حەمەخان سەمین، حەمەڕەشید ئەحمەد مەجید، تایەر فەرەج و حەسەن محەممەد، بەهۆی تەقینەوەی مینەوە گیانیان لەدەستداوە.

هێشتا لە زۆربەی ئەو ناوچە سنووریانەی باشووری کوردستان و ئێران، مین و تەقەمەنییەکی زۆر ماون. هەر چەندە ساڵانێکی زۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی تیمەکانی هەڵگرتنەوەی مینەوە سەرقاڵی پووچەڵکردنەوە و لەنێوبردنیانە، بەڵام بەردەوام قوربانییەکانی زۆرتر دەبن.

گوڵبەهار کەریم دەڵێ ئاواتی ئەوە بوو بخوێنێ و ببێتە خاوەنی بڕوانامەیەک "بەڵام ئەوەتا دەمبینن". ئەو کچە لەوە نیگەران بوو کە مۆبایل ء ئینتەرنێت لەوێ کارناکەن "جگە لە هاموشۆی چەند هاوڕێیەکم هیچ شتێک نییە پێوەی سەرقاڵ بم".

گوندەکە لە 27 ماڵ پێکدێت و لە زۆربەی ماڵەکانیدا مین چیرۆکی خەمگینی جێهێشتووە. گەنجەگان بڕوایان وایە کە دەبێ هەتا زووە بڕۆن و لەشار بگیرسێنەوە نەبادا ئەوانیش بەدەردی کەسوکاریان بچن و ببنە قوربانیی مین.

عەبدول محەممەد، باسی باوکی دەکات کە لەساڵی 1962ەوە پێشمەرگەی پارتی بووە و لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە گیانی لەدەستداوە.

عەبدول دەڵێ مەڕ و ماڵاتی گوندەکەش ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی مینەوە لەناوچوون. ئەو پیاوە دەڵێت "دەترسێم گەنجەکان چیتر لێرە نەژین و گوندەکە جێبهێڵن".

# کرمێک زەوی بە جوتیارانی پشدەر و بیتوێن دەکێڵێتەوە

**عومەر چاوشین**
**رووداو- راپەڕین**

بەهۆی بارینی بارانێکی زۆرەوە، جوتیارانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن چاوەڕێ بوون ئەمساڵ ساڵێکی بە هەرمێن بێت، بەڵام بەهۆی پەیدابوونی کرمێکەوە، زۆربەی جوتیاران ناچار بوون دووبارە زەوییەکانیان بکێڵنەوە و دانەوێڵە بچێننەوە.

لە سنووری قەزای رانیە 60 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە و ساڵانە جوتیاران زەویەکانیان دادەچێنن، بەڵام ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو بەهۆی جێبەجێنەکردنی رێنمایی کشتوکاڵی، زۆربەی جوتیاران ناچار بەکێڵانەوەی زەویەکانیان بوونەوە، چونکە کرمێک زۆربەی ئەو دانەوێڵەیەی خواردووە کە جوتیاران لە وەرزی چاندنی دانەوێڵە چاندبوویان.

حاجی حەمەد قوڕەگۆیی، ئەمساڵ چاوەڕێی دەکرد 200 تۆن دانەوێڵە هەڵبگرێتەوە، بەڵام چاوەڕوانییەکەی لە جێی خۆیدا نەبوو، ئەویش بەهۆی پەیدابوونی جۆرە کرمێک لە نێو زەوییەکەیدا.

ئەو جوتیارە گوتی "ئەگەر حکومەت هاوکاری کردباین و کرم و ئافات لێگەڕابا، زیاتر لە دووسەد تۆن بەرهەمم دەبوو، ئەمساڵ حکومەت هیچ هاوکاری نەکردووین و کرمی زەویش زەرەرێکی زۆری لێداین. جوتیار هەبووە زەوییەکەی هەموو کێڵاوەتەوە، هەیە نیوەی زەویەکەی کێڵاوەتەوە، ئەو کرمە زۆر وێرانکەرە و بۆخۆم بەشێکی زۆرم کێڵاوەتەوە".

## 120 هەزار دۆلاری لەلای حکومەتە

ئەو جوتیارە هێشتا بەری رەنجی ساڵی رابردووی خۆی نەخواردووە، چونکە وەک خۆی گوتی حکومەت گەنمی لێوەرگرتوون، بەڵام هێشتا پارەکەی نەداون "لە مانگی پێنجی ساڵی رابردووەوە بایی 120 هەزار دۆلار گەنممان تەسلیمی سایلۆ کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەکەمان وەرنەگرتووە، بۆیە بۆ چاندنی دانەوێڵە ناچاربووم پارە قەرز بکەم و تراکتۆرەکەشم بفرۆشم".

پیرۆت محەممەد سلێمان، جوتیارێکی قەزای پشدەرە دەڵێت "جوتیارانی پشدەریش وەک جوتیارانی زۆر شوێنی دیکە بەهۆی ئەو کرمەوە زیانیان بەرکەوتووە". ئەو گوتی "لەوەتەی جوتیارم ئافاتی وا گەورەم نەدیوە، کرم دانەوێڵەی نەهێشتین، 25 دۆنم زەویم کێڵاوەتەوە".

ئەو گلەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ کارمەند و بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ لێی نەپرسیوین، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ قەرەبووی ئەو زیانانەمان بکاتەوە".

## پشوو بە زەوییەکانیان نادەن

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ پێیانوایە بەشێک لەو زیانانەی بەر جوتیاران دەکەوێت، هۆکارەکەی خودی جوتیارانن، چونکە پابەندی رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەزایانی بواری کشتوکاڵ نابن.

ساڵح حوسێن ساڵح، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی قەزای رانیە گوتی "جوتیاران بە بەردەوامی زەوییەکانیان دەکێڵن و هیچ ساڵێک پشوو بە زەوییەکانیان نادەن، واتە نایکەن بە بەیار، بۆیە کرمێک دروست دەکات".

ناوبراو باسی ئەو کرمە و چۆنیەتی گەشەکردنی کرد و گوتی "ئەو کرمە ناوی چەکەرەخۆرەی گەنمە، ئەو کرمە لە ژێر زەوی ژیانی لەسەر دانەوێڵەی داچێندراوە و دەیخوات. یان دەیمژێت تا وشکی دەکات". گوتیشی "پێنەدانی چارەسەری پێویست وادەکات ئەم کرمە ببێت بە قالۆچە و لە مانگی نیساندا دووبارە گەرا دادەنێتەوەو بۆ ساڵی ئایندە خۆی ئامادە دەکاتەوە".

هەروەها گوتیشی "ئەو کرمە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازیی هەیە. لەو سنوورەی ئێمە هەیە، بەڵام هیچ ئامارێکی راستەقینە لەبەردەست نییە لەسەر تووشبوونی زەویە کشتوکاڵیەکان، بەڵام جوتیار هەیە 5% تاوەکو 20%ی زەوییەکەی تووشبووە و جوتیارەکان زەویەکانیان کێڵاوەتەوە".

سەبارەت بە چۆنیەتی قڕکردنی ئەو کرمە، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی رانیە گوتی "چارەسەر و لەناوبردنی ئەم کرمە بە چەند رێگەیەک دەبێت، لەوانە: نابێت هەموو ساڵێک ئەو زەوییە بکرێت بە گەنم، پێویستە لە پێش چاندنی گەنمەکە سێ جار زەوییەکە بکێڵدرێت بۆ ئەوەی کرمەکە بێتە سەر زەوی و بەو جۆرە خواردنی لێدەبڕێت و لەناودەچێت، هەروەها پێویستە جوتیاران دەرمانی دژە کرم لە زەوییەکەیان بدەن بۆ لە ناوبردنی کرمە زیانبەخشەکان".

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا جوتیاران زەوییەکانیان لە رێگەی کۆمپانیاکانەوە بیمە دەکەن، بۆ ئەوەی لەکاتی تووشبوون بە کرمێکی لەو شێوەیە قەرەبوویان بکاتەوە، بەڵام جوتیارانی کوردستان پێیانوایە دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ قەرەبوویان بکاتەوە.

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی جوتیاران، ساڵح حوسێن ساڵح گوتی "حکومەت پلان دادەنێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کرمە، بەڵام نەزانراوە ئەو جوتیارانەی زەرەرمەندبوون، قەرەبوو دەکرێنەوە یان نا".



سلێمانی

# لە 6 تاوەکو 12ی شەو کاتی مردنە بە رووداوی هاتوچۆ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

لە سنووری پارێزگای سلێمانی، وەک لە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆدا دیارە، زۆرترین حاڵەتەکانی مردن بەهۆی رووداوەکانی ئۆتۆمبێل لە کاژێرەکانی 6ی ئێوارە تاوەکو 12ی شەون. زۆرترینی ئەو ئۆتۆمبێلانەشی تووشی رووداوی هاتوچۆ هاتوون، مۆدێلەکانی 2011 تاوەکو 2014 بوون.

ئامارەکانی ساڵی رابردووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو)، جگە لەژمارەی قوربانیان و برینداربووان ء زیادبوون یاخود کەمبوونەوەی رووداوەکان، چەندین حاڵەتی دیکەی ئاشکراکردووە کە هۆکاری ئەو رووداوانەن.



بەپێی ئامارەکە، ساڵی رابردوو 140 کەس بەهۆی رووداوی هاتوچۆ لە پارێزگای سلێمانی گیانیان لەدەستداوە. زۆرترینیان (55 کەس) لە کاژێر 6ی ئێوارە تاوەکو 12ی شەو تووشی ئەو رووداوانە هاتوون. هەروەها 46 کەس کە بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە، لە کاژێر 12ی نیوەڕۆ بۆ 6ی ئێوارە بووە. لە 6ی بەیانی بۆ 12ی نیوەڕۆ 27 کەس ء 12ی شەویش بۆ 6ی بەیانی 12 کەس بوونەتە قوربانی.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە 12ی نیوەڕۆ تاوەکو 6ی ئێوارە زۆرترین هاووڵاتی بریندار بوون.

ساڵی رابردوو 940 کەس بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل بریندار بوون کە بەمشێوەیە بووە: (12ی نیوەڕۆ تا 6ی ئێوارە 378 کەس بریندار بوون، 6ی ئێوارە تا 12ی شەو 254 کەس، 6ی بەیانی تا 12ی نیوەڕۆ 210 کەس، 12ی شەو تا 6ی بەیانی 100 کەس).

سەبارەت بەگیان لەدەستدانی نێوان 6ی ئێوارە تا 12ی شەو، مولازمی یەک، بەهمەن عەبدوڵڵا گوتەبێژی هاتوچۆی سلێمانی گوتی "ئەو ماوەیە لە وەرزەکانی پایز ء زستان ء تاڕادەیەکی کەم هاوینیش لەدوای 6ی ئێوارەوە دنیا تاریک دەبێت، هەندێجاریش لە وەرزی زستاندا بەهۆی بارینی بارانەوە رووداو روودەدات".

## زۆربەی قوربانیەکان گەنجن

هەر لەو ئامارەدا قوربانیەکان بەپێی تەمەن جیاکراونەتەوە کە ئەوانەی تەمەنیان (15 تا 49) ساڵی بووە 86 کەسن ء 50 ساڵ بەرەو سەرەوە 31 کەسن، هەروەها 6 تا 14 ساڵ 11 کەس بوون و یەک تاوەکو پێنج ساڵانیش 9 کەس بوون، 3 لە قوربانیەکانیش تەمەنیان لە ساڵێک کەمتر بووە.

## مۆدێل نوێیەکان مەترسیدارن

وەک لە ئامارەکەدا دیارە، ساڵی رابردوو (1605) ئۆتۆمبیل تووشی رووداوی هاتوچۆ هاتوون کە دابەش دەبن بۆ 333 مۆدێلی ئۆتۆمبیل. لەوانە: 142 ئۆتۆمبێل کە مۆدێلەکانیان لە 2011 تاوەکو 2014 بووە، 93 ئۆتۆمبێل مۆدێلیان لە نێوان 2006 تا 2010 بووە، 32 ئۆتۆمبێل مۆدێلیان لە نێوان 2001 تا 2007 بووە، 27 ئۆتۆمبێل مۆدێلیان لە نێوان 1991 تا 1995 بووە، 17 ئۆتۆمبێل مۆدێلیان لە نێوان 1996 تا 2000 بووە، هەروەها یەک ئۆتۆمبیلیش کە تووشی رووداوی هاتوچۆ بووە مۆدێلەکەی لەنێوان 1970 تا 1980 بووە.

گوتەبێژەکەی هاتوچۆ گوتی "زۆربەی ئەو ئۆتومبیلانەی ئەمڕۆ بەکاردێن مۆدێل 2010 بەرەو سەرەوەن، بۆیە زۆرترین رووداویش بەو ئۆتۆمبێلانە کراون. رەنگە بەشێکی زۆری شۆفێرەکانیش ئەزموونی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلیان کەم بێت".

## تاکسی کۆرۆلا "بەلایە"

جیاواز لە مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکان، ئامارەکە جۆری ئۆتۆمبێلەکانیشی ئاشکرا کردووە کە بوونەتە هۆی رووداوەکان، لەوانە (تاکسی کۆرۆلا 106 رووداو، نیسان پیکاپ 103 رووداو، تاکسی سەنی 91 رووداو، بی ئێم دەبلیو 81، ئۆپڵ 50 و تۆیۆتا 49 رووداو).

## زۆربەی قوربانیان کاسبکارن


هەر بەپێی ئامارەکەی هاتوچۆ زۆربەی ئەوانەی بە رووداوی ئۆتۆمبیل گیانیان لەدەستداوە کاسبکارن کە 73 کەسن، دوای ئەویش هەریەک لە (خوێندکاران، منداڵ ء ژنی ماڵ) دێن کە هەریەکەیان 15 کەسن. پاشان پیشەکانی دیکە کە 12 کەسن، هەروەها پێشمەرگە 6 کەس ء پۆلیسیش 4 کەس.

بەهمەن عەبدوڵڵا روونیکردەوە زۆربەی ئەوانەی دەبنە هۆی رووداوی هاتوچۆ کاسبکارن ء هەندێجاریش لە بنکەکانی پۆلیس وەک "کاسبکار" خۆیان دەناسێنن.

وەک لە ئامارەکەدا دەردەکەوێ، زۆرترین رووداوەکانی هاتوچۆ لە رۆژی پێنجشەممەدا بوونە و 27 حاڵەتی مردن لەو رۆژەدا تۆمارکراون. هەروەها 23 حاڵەتیش لە رۆژانی هەینی و 18 حاڵەت لە رۆژانی شەممە.

گوتەبێژەکەی پۆلیسی هاتوچۆ هۆکاری ئەمەی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە ئەو رۆژانە کۆتایی و سەرەتای هەفتەن و زۆرترین خەڵک دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان بەتایبەتیش بۆ قەزاء ناحیەکان.

## کورد لە یادی هۆلۆکۆست پەیامیان هەیە




**روودلو- لەندەن**

هاووڵاتییەکی کوردستان کە هەڵەبجەییە بەناوی گەلی کوردەوە بەشداری لە مەراسیمی جینۆسایدی هۆلۆکۆست دەکات و پەیامێک دەخوێنێتەوە. بڕیارە رۆژی 2014/1/27 ساڵرۆژی جینۆسایدی جولەکەکان بە هۆلۆکۆست ناسراوە لە لەندەنی پایبەتی بەریتانیا بەڕێوەبچێت. کامەران نەورۆز وەک کەسوکاری جینۆسایدی کورد، پەیامی کەسوکاری جینۆسایدکراوانی کورد دەگەیەنیتە مەراسیمی جینۆسایدی هۆلۆکۆست لە لەندەن. ئەم مەراسیمە لەلایەن کۆمسیۆنی هاووڵاتیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و کڵێسای ساینزتۆلۆگی لەندەن بەڕێوەدەچێ.

# کوردستان تۆچکە روو.. زمانحاڵی کورد لە رووسیا

**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو – مۆسکۆ**

ماڵپەڕی کوردستان تۆچکە روو (http://kurdistan.ru) تاکە ماڵپەڕی کوردییە بە زمانی رووسی کە ماوەی 15 ساڵە لە کارکردن نەوەستاوە. بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکە دەڵێن ماڵپەڕەکەیان جگە لەوەی دەنگی کوردی رووسیای لەخۆدا کۆکردووەتەوە، لە هەمانکاتدا سەرچاوەیەکی هەواڵە بۆ خەڵک و حکومەت لە رووسیا، بەڵام قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ئەو ماڵپەڕەش داناوە و ئێستا لەبەردەم ئەگەری داخستندایە.

زۆر لە چاودێران، رۆژنامەوانان و دیپلۆماتکار و سیاسییەکانی رووسیا و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، ئاژانسەکانی هەواڵی رووسیا، پەرلەمان و وەزارەتەکانی ئەو وڵاتە، سوود لە کوردستان تۆچکەروو دەبینن وەک سەرچاوەی هەواڵ و دەستخستنی زانیاری لەبارەی کوردەوە.

ئەم ماڵپەڕە پێشتر لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی کراوە، دواتر مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی هاوکاری کردوون، ئێستا ئەو مەکتەبە ئاگاداری کردوونەتەوە کە چیدی ناتوانن هاوکارییان بکەن، بۆیە بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکە دەڵێن لەوانەیە ناچار بن ماڵپەڕەکەیان دابخەن.

د.خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکە گوتی "کێشەی هەرە گەورەی رووسەکان نەبوونی زانیاری بوو لەسەر کوردستان، بۆیە هەر زوو بیرمان لە دامەزراندنی ئەو ماڵپەڕە بە زمانی رووسی کردەوە، جگە لەوەش زۆرجار رۆژنامەنووسمان لەسەر حیسابی خۆمان میوانداری کردووە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی کوردەوە بگەیەننە رووسیا".

بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردی لە سۆڤیەتی پێشوو و رووسیای نوێدا، بەردەوام لەگەشە و بەرەوپێشچووندا بووە، لە زۆر کاتدا کورد رۆژنامەی هەبووە بە زمانی رووسی، بەڵام دوای چەند ساڵێک داخراوە، لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، رۆژنامەیەکی کوردی بەزمانی رووسی بەناوی (کوردسکایا میسل- هزری کورد) لەدایک بوو، تەمەنی ئەم رۆژنامەیە 3 ساڵ بوو.

خۆشەوی دەڵێت "رۆژنامەکەمان لەسەرجەم ناوەندە حکومی و ناحکومییەکان بڵادەکردەوە، تەنانەت بۆ دەرەوەی رووسیاشمان دەنارد، بەڵام زۆرجاریش لەلایەن کۆمارەکانی دیکەی وەکو کازاخستان، ئۆزبەکستان و تورکمەنستان و ئازەربایجانەوە رێگا لە بڵاوکردنەوەی گیراوە و رێگا نەدەدرا بە ئاشکرا دابەشبکرێت، بۆیە دواتر ئەم ماڵپەڕەمان دامەزراند".

خۆشەوی مەلا برایم ئاماژەی بەوەدا کە ماڵپەڕەکەیان هەمیشە سەرچاوەی هەواڵە بۆ میدیاکانی رووسیا، چونکە ئەوان رۆژانە ماڵپەڕەکەیان ئەپدەیت دەکەنەوە و نوێترین هەواڵ لەبارەی هەرچوار پارچەی کوردستان دادەبەزێنن، ئێستاش زۆرتر تەرکیزیان لەسەر باشووری کوردستانە، ئەویش بەهۆی شەڕی داعشەوە. خۆشەوی گوتی "ئەو هەواڵانەی لە میدیاکانی رووسیاوە بڵاودەکرێنەوە لەبارەی شەڕی داعش و پێشمەرگە، سەرچاوەکەی کوردستان تۆچکە رووە". گوتیشی "بەپێی ئامارەکان لە زیاتر لە 47 وڵات خەڵک دەیخوێننەوە، بووەتە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بۆ زۆر لە ناوەندە زانستییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە".

سەبارەت بەناوی وێب ماڵپەڕەکەشیان، کە چۆن ناوی کوردستانیان هەڵبژاد، د.خۆشەوی گوتی "چونکە سەرجەم سەفارەتەکان بەناوی وڵاتی خۆیانەوە ماڵپەڕیان هەیە، هەر بۆیەش گرنگ بوو ئێمەش وەکو کوردستان بەو ناوەوە ئەو ماڵپەڕەمان هەبێت".

بەبڕوای د.خۆشەوی، ئەو ماڵپەڕە بووەتە هۆکارێکیش بۆ کۆکردنەوە و پێدانی زانیاری بە رەوەندی کوردی لە رووسیا. ئەو دەڵێت "رەوەندی کوردی لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو توانای خوێندنەوەیان بەزمانی کوردی نییە، زۆربەیان بە زمانی رووسی خوێندوویانە، بۆیە بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی کوردستان سەردانی ماڵپەڕەکەی ئێمە دەکەن".

### تورک هاکی دەکەن

ماڵپەڕەکە هەواڵی هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاودەکاتەوە، ئەمەش زۆرجار کێشەی بۆ دروستکردوون. د.خۆشەوی دەڵێت "چەند جارێک لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە نامەی هەڕەشەمان بۆ هاتووە، زیاتر لە 4 جار لەلایەن تورکەکانەوە ماڵپەڕەکەمان هاککراوە، هیچ ماڵپەڕێک بەقەد ماڵپەڕەکەی ئێمە لە ژێر هەڕەشەی هاککردندا نەبووە".

وەک خۆشەوی باسیکرد ئەوان هەوڵیان داوە ماڵپەڕەکەیان بکەنە رێنیشاندەرێک بۆ وەبەرهێنەرانی رووسی تاوەکو وەبەرهێنان لە کوردستان بکەن. لەوبارەوە گوتی "ماڵپەڕەکەمان بە بەردەوامی هەواڵی ئابووری لەبارەی کوردستان بڵاودەکاتەوە، هەروەها یاسای وەبەرهێنانیشمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی و لە ماڵپەڕەکە بڵاومان کردووەتەوە".




د.خۆشەوی سەبارەت بە گرنگیی ماڵپەڕەکەیان گوتی کە ماڵپەڕەکەیان بۆ قوتابیانی کوردیش گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەت ئەو قوتابیانەی تازە دێنە رووسیا بۆ درێژەدان بەخوێندن، بەهۆی ئەوەی ئەوان سەرەتا زمان نازانن، دەیانەوێ کورد و کوردستان بناسێنن، بۆیە زۆربەیان ناونیشانی ئەو ماڵپەڕە دەدەن بە مامۆستا و هاوڕێکانیان، بۆ ئەوەی رووسەکان و بیانیەکان لە رێگای کوردستان تۆچکە روو، زانیاری بەدەستبخەن "بۆیە دەتوانم بڵێم ماڵپەڕەکەمان بووەتە ناوەندێکی ناساندن لە نێوان کوردستان و رووسیا". د.خۆشەوی وایگوت.

### کوردستان چینی ناوێت

د.خۆشەوی ئاشکرای کرد کە چەند مانگێک پێش ماڵپەڕێکی چینی پەیوەندی پێوەکردوون و پێشنیازیان بۆ کردوون کە هاوشێوەی کوردستان تۆچکە روو ماڵپەڕێک بەناوی کوردستان بە زمانی چینی بکەنەوە.

بەڵام دەڵێت "پێشنیازی چینییەکانمان گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسانی کوردستان، کەچی هەموو وەڵامیان ئەوەبوو کە پێویستیان پێ نییە و ئێستا پێویستییان بە زمانی رووسیش نییە".

د.خۆشەوی گلەیی دەکات و دەڵێت "لەبەرپرسانی کورد وایە کە هەموو دونیا کوردی دەزانێت ئێمە خۆمان کوردی باش نازانین، کوردی رووسیا ئەو کوردییەی ئێمە قسەی پێدەکەین هەر لێی تێناگەن". گوتیشی "من لەو باوەڕەدا بووم ئەو ماڵپەڕە گرنگە، دەبێتە جێگای بایەخی کاربەدەستانی راگەیاندنی کوردستان و پاڵپشتی و هاوکاری زیاترمان دەکەن بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بەم ماڵپەڕە بدەین و پێشیبخەین و بەشی ڤیدیۆی ئینتەرنێتی بۆ دەکرێتەوە و لەم رووەوە پشتگیریمان دەکەن".

وەک د.خۆشەوی باسی کرد، بەپێی ئەو پەیوەندیانەی پێیانەوە کراوە، کوردستان تۆچکە روو، ژمارەیەکی زۆر خوێنەری لە ناوەندە حکومی و ناحکومیەکاندا هەیە، جالیەی کوردی هەر کە بەیانیان لەخەو هەڵدەستن یەکەم شت سەیری ئەم ماڵپەڕە دەکەن، کۆمپانیایەکی وەکو گازپرۆم و کونسوڵخانەی رووسیاش لە هەولێر بەردەوام سەیری وێب ماڵپەڕەکەیان دەکەن و وەکو سەرچاوەیەک بەکاری دەهێنن "بەڵام بەداخەوە کاربەدەستانی راگەیاندن لە باشووری کوردستان، هیچ ئاگایان لەو شتانە نییە و بەلای ئەوانەوە هەر هیچ گرنگ نییە".

# کوردی ئەڵمانیا ئیرەیی بە جولەکە دەبەن

**ئالا شالی**
**رووداو- بەرلین**

سبەی سێشەممە جولەکەکان یادی کارەساتبارترین رووداویان لە مێژوودا دەکەنەوە، ئەویش جینۆسایدی جووە لەسەردەمی نازیەکاندا کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە. (رووداو) ئەو مۆزەخانە و مۆنۆمێنتانە بەسەردەکاتەوە کە بۆ قوربانیانی هۆلۆکوست لە ئەڵمانیا دروستکراون.

داخاو، بەنێوبانگترین مۆزەخانەیە لە ئەڵمانیا کە هیتلەر وەکو زیندانێکی جولەکە بەکاری هێناوە، سێ هەفتە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی هیتلەر، ئەو زیندانە دروستکراوە و لەسەر دەستی هیتلەر 41 هەزار و 500 جولەکەی تێدا کوژراوە.

ئەم مۆزەخانەیە لەساڵی 1965، لەلایەن ئەو کەسانەی لە دەستی هیتلەر لەو شوێنە رزگاریان بووە، بنیاتنراوە بۆ ئەوەی خەڵکی دونیا بزانن هیتلەر چ تاوانێکی بەرامبەر جولەکە کردووە.

رۆژی 1/27ی هەموو ساڵێک وەکو یادکردنەوەی جینۆسایدی هۆلۆکۆست دانراوە. بیرۆکەی یادکردنەوەی هۆلۆکۆست لەم رۆژەدا، لەلایەن سەرۆکی ئەڵمانیا رۆمان هێرسۆگ دانراوە، چونکە لەم رۆژەدا لە ساڵی 1945 چەندین کەس لەلایەن سوپای سووری سۆڤیەتەوە لەو کەمپانە لە مردن رزگارکران.

رۆمان هێرسۆگ، سەرۆکی ئەڵمانیا دەڵێ "یادکرنەوەی ئەم کارەساتە کۆتایی نایەت، لە داهاتووشدا بەردەوامی دەبێت تاوەکو لە رێگایەوە نەوەکان هۆشیاربکرێنەوە، بۆیە گرنگە بەشێوازێک بیریان بێنینەوە، تاوەکو بتوانن رەمزی ماتەمینی و ئازار و ئەشکەنجە و قوربانیدان لە بیریاندا هەمیشە ئامادەگی هەبێ".

رۆژی یادکرنەوەی ئەو کارەساتە و بیرکردنەوە لە قوربانیان، لە سەرانسەری ئەڵمانیا ئالای ماتەمینی هەڵدەکرێت و لە پەرلەمانیشدا ساتێک بۆ گیانی قوربانیانی هۆلۆکۆست بە بێدەنگی رادەوەستن.

دوای رووخاندنی هیتلەر و رژێمەکەی، وڵاتە براوەکانی جەنگ، یاسای قەرەبوویان بۆ 6 ملیۆن جولەکەی ئەوروپا بەسەر حکومەتی ئەڵمانیای دوای هیتلەردا سەپاند، بەپێی ئەو یاسایە دەبوو هەموو موڵکەکانیشیان بۆ بگەڕێنرێنەوە.

لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا، ئەڵمانیا ملیاران دۆلار بۆ قوربانیانی جولەکە خەرج دەکات، جگە لەوەش لە سەرانسەری ئەڵمانیادا، مۆنۆمێنت و مۆزەخانە و فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر قوربانییەکان دروست دەکرێن.

سێنتای هایزە، جولەکەیە و بەڕێوەبەری گەورەترین سیناگۆی جولەکەیە لە شاری دۆسلدۆرف، دایکی یەکێک لە رزگاربووەکانە، بەڵام خاڵ و مام و پورەکانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هیتلەرەوە سووتێنراون.

سێنتای هایزە دەڵێت "بۆ ئێمە یادکرنەوەی کارەساتی هۆلۆکۆست لە دوو روانگەوە گرنگە، یەکەم لە روانگەی ئاینیی خۆمانەوە. بۆ ئێمە ناوی کەسەکە گرنگە لە شوێنێک ناوی بنووسرێت و یادی بکەینەوە. دووەم لە روانگەی سیاسییەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە لە هیچ شوێنێکی جیهان دووبارە نەبێتەوە".

دایکی سێنتای یەکێکە لەوانەی لە زیندانی ئاوشڤیتس رزگاری بوو. هایزە دەڵێت "من ساڵەهای ساڵ نەمخواست بچم سەردانی ئەو کەمپە بکەم، بەڵام دواجار رۆیشتم، بۆ من هەنگاوێکی زۆر قورس بوو بچمە ئەو شوێنەی کە 97%ی خزمەکانمی لێ کوژراون، بۆیە هەتاوەکو ئەمرۆش کە سەردانی ئەو شوێنە دەکەم، وا هەست دەکەم جەهەنەمی سەر رووی زەمینە".

جگە لە داخاو، گەورەترین مۆنۆمێنتی جولەکە مۆنۆمێنتی بەرلینە کە لە نێوەڕاستی بەرلین لە ساڵی 2003 دروستکراوە، 2711 گۆڕی چوارگۆشە و لاکێشەیە، پایەکان لەسەر زەمینێکی نەرمی ناڕێک و چاڵ راوەستاون کە رووبەرەکەی 19.000 مەتری چوارگۆشەیە. وەکو بیرەوەرییەک بۆ 6 ملیۆن قوربانی جولەکە لە ئەوروپا، هەروەها رەنگی مۆنۆمێنتەکە رەساسییە، وەکو نیشانەیەک بۆ خۆڵەمێشی قوربانیانی هۆلۆکۆست.









مۆنۆمێنتەکە لەلایەن بەناوبانگترین ئەندازیاری بیناسازی پێتەر ئایزنمان دیزاینکراوە و لەژێریدا سێنتڕوومێکی زانیاری لەسەر شێوازی پێشانگا دروستکراوە، کە باسی جینۆسایدی هۆلۆکۆست دەکات. لە نێو سێنتڕوومەکە 6 وێنەی گەنج و پیر و منداڵ و ژن و پیاو، وەکو نوێنەری ئەو 6 ملیۆن قوربانییە، لەسەر شێوەی پۆرترێت دانراون.

گەورەترین سێنتڕوومی دۆکۆمێنتی نازییەکان لەساڵی 1979 لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانی کوێڵن، لەو شارە دروستکراوە کە لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، ژووری زیندانەکانە کە نووسینەکان و یادەوەریی قوربانیانی تێدایە و ناوی هەموو قوربانییەکان نووسراوە، بەشی دووەم وەکو قوتابخانە دروستکراوە، قوتابییەکان دەهێنرێن تاوەکو زانیارییان لەسەر جینۆسایدی نازییەکان پێبگەیەنرێت. لە دوابەشیشدا، بەشی لێکۆڵینەوەو پاراستنی وێنە و داتاکانە، ئەم سەنتەرە بە گەورەترین سەنتەری پاراستنی دۆکیۆمێنت دادەنرێت لە سەرانسەری ئەڵمانیادا.

دکتۆر ڤێرنە یونگ، بەڕێوەبەری ئەو سێنتڕوومە دەڵێت "ئەم زیندانە بە نووسینی جولەکەکانەوە لەناو زیندان، بە دەیان ساڵ لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، وەکو وێرانەیەک پشتگوێ خرابوو، ژوورەکان وەک ژووری کەلوپەلی کۆن بەکارهێنراون، زۆری خایاند تاوەکو کرا بە مۆزەخانە لە ساڵی 1979دا، چونکە پێش ساڵی 1979 کۆمەڵگەی ئەڵمانی باری شانی زۆر قورس بوو بەهۆی مێژووی نازییەکانەوە، زۆربەیان بەشداربوون لەو تاوانە. نەیاندەویست ئاشکرا بن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە داوایان دەکرد شاری کوێلن مێژووی خۆی لەبیر نەکات، کەم بوو. تاوەکو بوو بە مۆزەخانە زۆری پێچوو. بەڵام ئێستا تاکە مۆزەخانەیە کە بە بەندیخانە ئۆرگیناڵەکانیەوە کاتێک دەیبینیت زۆر کاریگەری هەیە، چونکە دەتباتەوە ئەو کاتەی تاوانەکان لەناو جەرگەی شارەکەمان روویانداوە".

لە ئەڵمانیا پرۆژەی هەڵکۆڵینی ناوی قوربانییەکان لە 500 شوێن لەسەر بەرد جێبەجێکراوە، بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن هونەرمەند گۆنتە دۆمێنکە دانراوە، ئەو کاتەی خەڵک بەم شوێنانەدا رەتدەبن، سڵاو بۆ گیانی ئەو قوربانیانە دەنێرن و دەزانن لەم شوێنە چی روویداوە.

وەکو باسدەکرێت لەسەر دەستی هیتلەر، رەگەزنامەی 5 ملیۆن جولەکەی کوژراو لەناوبراون، بە سەدان هەزاریش سووتێنراون و خاوەنی گۆڕی خۆیان نین، دوای چەندین ساڵ توانراوە ناوی هەندێکیان بدۆزرێتەوە.

جینۆسایدکردنی کورد لە باشووری کوردستانیش لەسەر دەستی رژێمی بەعس، هیچی کەمتر نییە لە جینۆسایدی جولەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا میراتگری ئەو رژێمە، قەرەبووی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفالکراوانی نەکردووەتەوە.

هەڵمەت کۆیی، کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا دەڵێت "جولەکە و کورد لە جینۆسایدکردندا هاوشێوەی یەکدین، بەڵام لە قەرەبووکردنەوەدا، جولەکە زۆریان بۆ کراوە، ئەوەتا جولەکەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا کورد بە مافەکانی خۆی نەگەیشتووە، لەکاتێکدا لە نێوەڕاستی 2014 شەڕی گرووپێک دەکات کە جیهان وەک مەترسیدارترین گرووپی تیرۆریستی دەیناسن".

## هەژار و ساکینە دوێت دەکەن



**رووداو- هەولێر**

لە نوێترین کاریدا، دەفژەنی کورد هەژار زەهاوی کلیپێکی بەناوی "بێریڤان" بە هاوبەشی لەگەڵ ساکینە بڵاوکردەوە. هەژار زەهاوی بە (رووداو)ی گوت نوێترین بەرهەمی من لە چەند رۆژی رابردوو بڵاوکراوەیە کە من ئامادەکاری کاری میوزیکم بۆ ئەنجام داوە و وەک کارێکی دوێت بڵاومان کردووەتەوە. هەژار گوتی دوێت تەنیا بۆ گۆرانیبێژ نییە بەڵکو بۆ میوزیکژەنیش دەبێت، چونکە من بە ئامێری دەف و ئەویش بە دەنگ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە هونەر رۆژ بە رۆژ لە فراوانبووندایە.



### ئینسا کچە گۆرانیبێژی ئەلبانی بۆ (رووداو):

# کوڕی کورد لە جوانترینەکانی جیهانن



ئەگەرچی تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام خاوەن جەماوەرێکی یەکجار زۆرە و کلیپەکانی ملیۆنان بینەریان هەیە، روێنسا حەجیای ئەلبانی ناسراو بە ئینسا، ساڵی 1995 لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا لەدایکبووە و ساڵی 2012 یەکەمین کلیپی خۆی بەناوی The Best Of بڵاوکردووەتەوە.

ئەم ئەستێرە لاوە هەوادارێکی زۆری لە جیهاندا هەیە، بەتایبەتی لە کوردستان خەڵکێکی زۆر دەیناسن و هەندێک بە "ئەنجا" یان "ئەنکا" و "ئینکا" ناوی دەهێنن، چەندین لاپەڕە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەناوەکانی هەوادارانی ئینکا یاخود خۆشەویستانی ئەنجا، یان ئینسا دروستکراون.

ئینسا زیاتر کەوتە نێو دڵی کچ و کوڕانی کورد، دوای ئەوەی پارچە ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە بە کوردی قسە دەکات و دەڵێت کوردستانی خۆشدەوێت. لەبەرئەوەش (رووداو) لە رێگەی ئیمەیلەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ئینسا کردووە.

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: دەستپێکی کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە**

**ئینسا:** ساڵی 2012 کە ئەوکاتە تەمەنم تەنیا 16 ساڵ بوو، یەکەمین کلیپی گۆرانیم بڵاوکردەوە بەناوی The Best Of، ئەم کلیپە هاوکار نەبوو بۆ ئەوەی ناوبانگێکی زۆر پەیدا بکەم، بەڵام سەرەتایەکی زۆرباش بوو، شانازی پێوە دەکەم.

**رووداو: ئەی چۆن ناوبانگت پەیدا کرد؟**

**ئینسا:** من بە کلیپی یەکەم توانیم خۆم لە ئەلبانیا و چەند وڵاتێک بناسێنم، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا جیهانی نەبوو. دواتر لە ساڵی 2014دا گۆرانی "Do" A po t'pëlqen (you like it)"حەزت لەمەیە؟" ناوبانگی منی لە زۆر وڵات بڵاوکردەوەو ملیۆنان کەس سەیری کلیپەکەیان کرد، ئەمە بۆ من زۆرباش بوو، چانسێکی زۆر گەورە بوو.

**رووداو: لە کوردستان ناوبانگێکی زۆرت هەیە و هەوادارت زۆرن، ئەوە دەزانی؟**

**ئینسا:** بەڵێ دەزانم، زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێک بینیم خەڵکی کوردستان زۆر منیان خۆشدەوێت و بەردەوام لە لاپەڕەکانم لە فەیسبووک و تۆڕەکانی دیکە پشتگیریم دەکەن و خۆشەویستی خۆیان پیشان دەدەن، منیش زۆرم خۆشدەوێن.

**رووداو: هیچ هاوڕێیەکی کوردت هەیە؟**

**ئینسا:** بەڵێ، هاوڕێی کوردم هەیە و زۆریش نێزیکن لێمەوە، پەیوەندی زۆر باشم لەگەڵ شلۆڤان هەیە. ڤاینی زۆرخۆش لەسەر کوردستان دروست دەکات و زۆربەیانم بینیوە.

**رووداو: زۆرجار دەڵێن تۆ بەهۆی جوانییەکەتەوە ناوبانگت پەیدا کردووە، بۆ ئەمە چی دەڵێی؟**

**ئینسا:** ئاساییە، لە هەموو دونیا ئەوەی رووخساری جوان بێت چانسی بەهێزتری دەبێت بۆ بەناوبانگبوون، بەڵام بێگومان من گۆرانییەکانیشم خۆشن و خەڵکی حەزیان لێدەکەن.

**رووداو: زۆربەی هەوادارانی تۆ لە کوردستان کوڕن، ئەوان بەردەوام خۆشەویستی خۆیان بۆ تۆ پیشان دەدەن و دەڵێن ئینسا زۆر جوانە، تۆ چییان پێ دەڵێی؟**

**ئینسا:** منیش زۆرم خۆشدەوێن، کوڕانی کوردستانیش یەکێکن لە جوانترین کوڕانی جیهان.

**رووداو: لە یەکێک لە ڤیدیۆکانتدا کە لە ئینستاگرام بڵاوتکردەوە بە کوردی قسەت کرد، مەبەستت چی بوو؟**

**ئینسا:** کە زانیم لە کوردستان هەواداری زۆرم هەیە حەزم کرد منیش خۆشەویستی خۆمیان بۆ دەربڕم، هاوڕێ کوردەکانم پێیانگوتم کە خەڵکی کوردستان زۆر دڵیان خۆش دەبێت ئەگەر کەسێکی بیانی بە کوردی قسە بکات، بۆیە منیش ویستم دڵیان خۆش بکەم.

**رووداو: بڕیارت نەداوە سەردانی کوردستان بکەی؟**

**ئینسا:** بەڵێ زۆر حەز دەکەم، ئەگەر پرۆژەیەکی هونەری هەبێت ئەوا زۆر باشتر دەبێت، ئەگەر نەشبێت ئەوا زۆر حەز دەکەم کوردستان ببینم و خۆشم بۆی ئامادە کردووە.

**رووداو: هیچ هونەرمەندێکی کورد دەناسیت؟ گوێت لە گۆرانی کوردی گرتووە؟**

**ئینسا:** وەکو ناسین و هاوڕێیەتی هیچ کام لە هونەرمەندە کوردەکان ناناسم، بەڵام زۆرجار لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانم گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرین، ئێستا ناتوانم ناوی هیچ کام لە هونەرمەندەکان بڵێم چونکە بیرم نەماوە، بەڵام هەموو کات دەپرسم کە ئەم گۆرانییە هی کێیە و ئەو هونەرمەندە ناوی چییە؟

**رووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە گۆرانی کوردی بڵێی؟ یاخود لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد بەیەکەوە گۆرانی بڵێن؟**

**ئینسا:** بەڕاستی بۆ گۆرانیگوتن بە کوردی نەخێر، تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی گۆرانی لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد بڵێم، ئەگەر پرۆژەیەکی باش و گونجاو بێتە پێشەوە بۆ نا، بەدڵنیاییەوە و بێ دوودڵی گۆرانی لەگەڵ دەڵێم.

**رووداو: ئێستا کوردستان جەنگی دژی تیرۆر دەکات، چ پەیامێکت هەیە؟**

**ئینسا:** راست دەکەیت، زۆر خەمبار و دڵگرانم بۆ ئەوە، هیوای سەرکەوتن بۆ کوردستان دەخوازم و پشتگیرییان دەکەم.

**رووداو: دەزانی لەگەڵ کێ ئەم شەڕە دەکات؟ زانیاریت هەیە؟**

**ئینسا:** بێگومان، ئێستا ئەم بابەتە بابەتێکی جیهانییە نەک تەنیا بابەتێک بێت لە کوردستان، جەنگی داعشی تیرۆریست و تۆقێنەر دەکات.

**رووداو: ئامادەی شوو بە کوڕێکی کورد بکەیت؟**

**ئینسا:** ئەم بابەتی خۆشەویستییە بۆ داهاتوو، چونکە ئێستا هیچ پلانێکی هاوسەرگیریم نییە و تەمەنم بۆ ئەوە زۆری ماوە.

**رووداو: ئەی لە داهاتوودا ئەگەر کوڕێکی کورد بێتە پێشەوە؟**

**ئینسا:** (بەپێکەنینەوە) هەر کەسێکم خۆشبوێت و کاتی هاوسەرگیری بێت هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم.

**رووداو: ئەگەر کوردیش بێت؟**

**ئینسا:** زۆر حەز دەکەن ئەو وەڵامە وەربگرن؟ بێگومان ئەگەر کوردیش بێت و خۆشمبوێت شووی پێدەکەم.

- زۆر حەز دەکەم کوردستان ببینم و خۆشم بۆی ئامادەکردووە

- ئامادەم شوو بە کوڕە کوردێک بکەم بەڵام بە مەرج
- بە زمانی کوردی قسەم کرد بۆ ئەوەی دڵی کورد خۆش بکەم

### دارین زانیار، ئەستێرەی جیهانیی بە رەچەڵەک کورد بۆ (رووداو):

# حەزدەکەم هاوسەرەکەم کورد بێت



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

دارین زانیار وەکو هونەرمەندێکی جیهانی ناسراوە و بەرهەمەکانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاودەکرێنەوە، بەڵام رەچەڵەکی خۆی لەیاد نەکردووە و دەڵێت "من کوردم و گۆرانی بۆ هەموو جیهان دەڵێم، لەوانەیە لە داهاتوودا بە کوردیش گۆرانی بڵێم".

کاتێک لەرێی بەڕێوەبەری کارەکانیەوە پەیوەندی پێوە کرا بۆ ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ (رووداو)، یەکسەر قبوڵی کرد و کاتێکی دیاری کرد بۆ گفتوگۆکە. دارین هەرچەندە لە دایک و باوکێکی کورد لە سوێد لەدایکبووە، بەڵام کوردییەکەی بەشی ئەوە ناکات قسەی پێبکات، بۆیە بە ئینگلیزی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دارین زانیار، ساڵی 1987 لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد لەدایکبووە. وەک خۆی باسی کرد، بە منداڵی زۆر حەزی لە گۆرانییەکانی مایکڵ جاکسن بووە.

ئەم ئەستێرە کوردییە ساڵی 2004 دەستی بە گەشانەوە کرد، کاتێک بەشداری لە پرۆگرامێکی پێشبڕکێی دەنگخۆشی کرد و بەرێژەی 78% توانی پلەی دووەم بەدەستبهێنێ. لەو بەرنامەیەدا دانییل لێندستروم پلەی یەکەمی هێنا".

بەڵام ئێستا دارین ناوبانگی زۆر زیاترە لەو کوڕەی کە لەو پرۆگرامەدا پلەی یەکەمی هێنا.

بەرهەمەکانی لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانی جیهان وەکو سۆنی موزیک و یونیڤێرسان و ئی ئێم ئی بڵاودەکرێنەوە.

دارین خاوەنی 6 ئەلبوومی گۆرانییە و چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە، دواترین ئەلبوومی بەناوی Exit کە لەساڵی 2013دا بڵاویکردەوە، ملیۆنان دانەی لە سەرانسەری جیهاندا لێ فرۆشرا.

### لە کوردستان کەس نەیدەناسی

دارین دوای ئەوەی لە سوێد زۆر ناسرا، ساڵی 2006 سەردانی کوردستانی کرد، بەڵام دەڵێت ئەوکات زۆر بە کەمی ئەویان دەناسی، ئێستا زۆر خۆشحاڵە کە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان ناوی ئەویان بیستووە، بەڵام زۆر کەسیش گلەیی ئەوەی لێدەکەن کە بە کوردی گۆرانی ناڵێت.

دارین لەوبارەیەوە گوتی "من لە سوێد گۆرانی تۆمار دەکەم و ستاف و باندەکەم هەمووی خەڵکی ئەو وڵاتەن، لێرە کەس گوێ لە گۆرانی کوردی ناگرێت، بۆیە بە ئینگلیزی گۆرانی دەڵێم، من گۆرانی بۆ هەموو جیهان دەڵێم". گوتیشی "من گۆرانی بۆ کوردستانیش دەڵێم و گوتوومە، گۆرانییەکانی من بۆ هەموو جیهانە، بۆ کوردە و بۆ سوێدییە، گۆرانی بۆ هەموو خەڵک دەڵێم. لەوانەیە لە داهاتووشدا گۆرانی کوردی بڵێم".

### بە 10 هەزار دۆلار دێتە کوردستان

دارین کۆنسێرتی گەورە لە سوێد ساز دەکات و خەڵکێکی زۆریش بۆ کۆنسێرتەکانی کۆدەبنەوە. ئەو حەز دەکات رۆژێک ئەو جۆرە کۆنسێرتانە لە نێو گەلەکەی خۆی ساز بکات "زۆرم پێخۆشە بێمەوە و کۆنسێرتێکی گۆرانی لە کوردستان سازبکەم، چەند جارێکیش لەگەڵ باندەکەم باسم کردووە، چەندین کۆمپانیاش پەیوەندییان کردووە بۆ ئەوەی لە کوردستان کۆنسێرت بکەم، بەڵام نەگەیشتووینەتە رێککەوتن".

لە بارەی ئەو دەنگۆیانەی کە دەگوترێت دارین داوای پارەیەکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی بێتە کوردستان و کۆنسێرت بکات، دارین گوتی "ئەم شتە راست نییە، من داوای پارەی زۆرم نەکردووە، من مەبەستم ئەوەیە بێم لە کوردستان کۆنسێرت بکەم، هیچ پارەیەکی قازانجم ناوێت بۆ خۆم".

سەبارەت بە بڕی ئەو پارەیەی داوای دەکات بۆ سازدانی کۆنسێرت لە کوردستان، دارین گوتی "داوای 10 هەزار دۆلار دەکەم، ئەمەش تەنیا پارەی هاتنی خۆم و ستافەکەمە بۆ کوردستان لەگەڵ مانەوە لە هۆتێل".

50 هەزار دۆلاری بۆ ئاوارەکان کۆکردووەتەوە

دارین وەکو هونەرمەندێکی جیهانی، نیگەرانە لەو شەڕەی یەخەی کوردستانی گرتووە. ئەو دەڵێت ئاگاداری سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەیە، بەڵام ئەو زۆر خەمبارە بۆ رەوشی ئاوارەکان.

لەوبارەوە گوتی "زۆر خەمبارم بۆ بارودۆخی ئاوارەکان، شانازیش بە ئازایەتی پێشمەرگە دەکەم کە لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە، بۆ ئاوارەکانیش لەگەڵ هونەرمەندێکی سوێدی کەمپینمان راگەیاند و توانیمان بڕی 400 هەزار کرۆنی سوێدی وەک هاوکاری بۆ ئاوارەکان کۆبکەینەوە کە دەکاتە 50 هەزار دۆلاری ئەمەریکی، بەردەوامیش دەبم لەو هاوکارییانە".

دارین بە تەنیا یارمەتی ئاوارەکانی کوردستان نادات، بەڵکو یارمەتی هەموو هەژارانی جیهان دەدات و دەڵێت "لەگەڵ کۆمپانیایەک گرێبەستی رێکلامم هەیە، داهاتی ئەو گرێبەستەش پێشکەشی هەژارانی هەموو دونیا دەکەم".

### سەرسامە بە هۆمەر دزەیی

هەرچەندە گۆرانی کوردی ناڵێت، ناتوانێ بە کوردییەکی رەوانیش قسە بکات، بەڵام دارین دەڵێت گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرێت "گوێ لە گۆرانییەکانی هۆمەر دزەیی دەگرم، گۆرانی زۆر خۆشن، کارەکانی دەشنێ مورادم زۆر پێ جوانە، گۆرانییەکەی هێڵی لەڤیشم بینی زۆرم بەدڵ بوو".

### ئێستا بێ کەپڵە

خەڵکی بەگشتی حەز دەکەن لەبارەی ژیانی تایبەتی ئەستێرەکان بزانن، بە تایبەتی ژیانی ئەڤینداریيان. (رووداو) لە دارینی پرسی کە ئایا خۆشەویستی هەیە؟ ئەو بە پێکەنینەوە گوتی "ئێستا خۆشەویستم نییە".

ئایا دارین ئامادەیە ژیانی خێزانی لەگەڵ کچێکی کورد پێکبهێنێ؟ ئەو دەڵێت هیچ پێشمەرجێکی نییە لەسەر رەچەڵەکی ئەو کەسەی ژیانی خێزانی لەگەڵ پێکدێنێ، بەڵام گوتی "زۆر خۆشتر دەبێت ئەگەر هاوسەری داهاتووم کورد بێت و هەردووکمان بەکوردی قسە بکەین، بەڵام زیاتر کەسایەتی ئەو کەسە لای من گرنگە".

### سەیری (رووداو) دەکات

دارینیش وەکو زۆر کوردی تاراوگەنشین، رەوشی ئەمڕۆی کوردستان بەشێکی زۆر لە هۆش و خەیاڵی داگیرکردووە و حەز دەکات بزانێت هەواڵی تازە چییە.

ئەو دەڵێت "بۆ زانینی هەواڵ و ئاگاداربوون لە بارودۆخی ئێستای کوردستان سەیری هەواڵەکان دەکەم لە تەلەفزیۆن، بۆ من گرنگە ئاگادار بم کە لە کوردستان چی روودەدات، بۆیە سەیری تەلەڤزیۆنی رووداو دەکەم".

- بۆ زانینی هەواڵەکانی کوردستان سەیری رووداو دەکەم
- شانازی دەکەم بەئازایەتی پێشمەرگە و دەنگدانەوەی لە جیهاندا
- 50 هەزار دۆلارم بۆ ئاوارەکانی کوردستان کۆکردەوە
- گوێ لە هۆمەر دزەیی دەگرم
- من بۆ هەموو جیهان گۆرانی دەڵێم، بۆیە گۆرانی کوردیم نەگوتووە


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
نیو ئیسکـــان پێی نایـە قۆناغی کۆتایـــی و بـەرە و داهاتووەکی گەش و کۆمەڵگایەکی ئارامـمان دەبات.
پڕۆژەی ئیسکانی نوێ کەوتۆتـە بەنرخترین شوێن و ناوەڕاستـی سەنتەری شاری هەولێر.
لە یەکەکانی نیو ئیسکان گرنگی دراوە بـە هـەمـوو خزمـەت گوزارییەکانی ئێستا.
لە هاوینی ئەمساڵ ژیـانی تێـدا دەبێت بۆیە پەلە بکەن لەکرینی کۆتا شوقەکان.
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

ڕووداو
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

## کچێک خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- کەلار**

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو کچە خوێندکارێکی دانیشتووی قەزای کەلار گوللەیەکی نا بە سەری خۆی و دوای دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. ئەو کچە کە ناوی (ر.م.ر)ە و تەمەنی 17 ساڵە خوێندکاری ئامادەییە، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە قەزای کەلار گوللەیەکی ناوە بەسەری خۆیدا، دوای دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی لەدەستداوە، ئێستا پۆلیس دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە. بەپێی قسەی بەرپرسانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ناوچەکەدا، ئەمە یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنی ئافرەتانە ئەمساڵ لەو ناوچەیەدا تۆمار بکرێت.

### مێردەکەی دەڵێ خەتای داعش بوو

# ژنێکی 24 ساڵان خۆی دەسووتێنێ و دەمرێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

ژنێکی دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەران لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕاپەڕین، ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و دەمرێ. مێردەکەی دەڵێت نەخۆشیی دەروونیی هەبووە و دوای ئەوەی سەیری دیمەنی سەربڕینەکانی چەکدارانی داعشی کردووە نەخۆشییەکەی زیادی کردووە.

ڕۆژی 2015/1/17 ژنێکی تەمەن 24 ساڵان بە ناوی (ئامینە ع.م) لە ناحیەی حاجیاوا، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئامینە دوای خۆسووتاندنی بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی ڕۆژێک دواتر گیانی لەدەستدا.

سلێمان حەمەد کە ئامینە ژنی دووەمیەتی، سەری سوڕماوە لە خۆسووتاندنی ژنەکەی و ڕەتیکردەوە هیچ کێشەی لەگەڵی هەبووبێت.

سلێمان گوتی "هاوسەرگیرییەکەمان بە خۆشەویستی بوو، خزمێکی خۆمم نارده داوای، ئەویش بەو مەرجە ڕازی بوو کە ماڵی جیای بۆ دابنێم، چوار ساڵ بە یەکەوە بووین هیچ کێشەمان نەبوو".

بەرهەمی هاوسەرگیریی ئەو ژن و پیاوە کچێکە بە ناوی (ژیان). سلێمان دەڵێت "هەستم دەکرد لە ڕووی دەروونییەوە کێشەی هەیە، لەلای من چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی کرد و دەیگوت دڵم توند دەبێ، بردمە لای مەلا عەلی کەڵەک هەندێک چارەسەری بۆ نووسی، بەڵام دواتر وەکو خۆی لێهاتەوە".

سلێمان باسی خۆسووتاندنی ژنەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ئەو ڕۆژە کە هاتمەوە ئامینە گوتی وەرە بۆ حەمام کارم پێتە، بەڵام نەمزانی مەبەستی چییە، ئەو لە پێش مندا بە خێرایی ڕۆیشت، ئامادەکاری تەواوی کردبوو، نەوتی بەخۆیدا کردبوو، ویستی ئاگر لەخۆی بربدات، بەڵام فریای کەوتم و چەرخەکەم لێسەند و دڵم دایەوە".

بەڵام ئامینە سووردەبێت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەی "نەمزانی خەیاڵی هەر لەلای خۆسووتاندنە، نەوت هەر بە جلەکانییەوە مابوو، چووە چێشتخانە و بە ئاگری تەباخەکە خۆی سووتاند، منیش ڕامکرد بۆ لای و بە هەر شێوەیەک بوو ئاگرەم کوژاندەوە، دواتر بردم بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، پاشانیش بۆ سلێمانی".

سلێمان دەڵێ لە ژنەکەی پرسیوە کە بۆچی وای بەسەرخۆی هێنا، بەڵام گوتوویەتی "دەمێک بوو ئەو بیرۆکە هەڵەیەم بە مێشکدا دەهات، زۆر پەشیمانم".

سلێمان دەڵێت برای ئامینەش لێی پرسیوە کە بۆچی خۆی سووتاندووە؟ "بەویشی گوت کەس هۆکار نییە و تەنیا بڕیارێکی شەیتانەی خۆم بوو، داواشی کرد هیچ ژنێک ئەو هەڵەیەی ئەو دووبارە نەکاتەوە".

سلێمان تەنیا دوو هۆ شک دەبات کە پاڵنەربووبن بۆ خۆسووتاندنی ژنەکەی و دەڵێت "دوومانگ لەمەوبەر منداڵی بووبوو، زوو زوو هەڵدەچوو، چووەوە ماڵی باوکی لە هەولێر، بەنیازبوو 10 ڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام دوای 3 ڕۆژ هاتەوە".

سلێمان باسی هۆی دووەمی کرد و گوتی "ئامینە لە ماڵی باوکی سەیری دیمەن و ڤیدیۆی کوشتن و سەربڕینەکانی چەتەکانی داعشی کردبوو، کاریگەری زۆری لەسەر دروست کردبوو، کە هاتەوە زۆر باسی دەکردن و دەیگوت وا دەزانم ماڵەوەمان هەمووی داعشە و بۆمان دێن سەرماندەبڕن، پێم وابێت ئەوانە هەمووی هۆکاری زیادبوونی نەخۆشییەکەی بوون و بەرەو مردنیان برد".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند کە ئەمساڵ ئەوە یەکەمین حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنانە لە دەڤەرەکەیان. بەڵام گوتی تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە نەزانراوە".

### (ڕووداو) ئاماری نهێنی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی بڵاودەکاتەوە

# 300 کچ لە ساڵێکدا پشکنینی پەردەیان بۆ کراوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانی کە پەیمانگەکە بە "ئاماری نهێنی" بۆ گروپی زیندووەکان ناوی هێناوە، ساڵی ڕابردوو 4430 کەس پشکنینیان بۆ کراوە. بە سەدان کچ پشکنینی پەردەی کچێنییان بۆ کراوە کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان (1 ساڵ تاوەکو 10 ساڵ بووە). هەروەها چەندین پشکنینی "پێشبازی" و "پاشبازی" بۆ کچان و کوڕان کراوە.

| ژ | جۆری پشکنین | تەمەن: 1 تا 10 سال | 11 تا 17 سال | 18 سال زیاتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەردەی کچێنی | 120 | 81 | 99 | 300 |
| 2 | پێشبازی | 0 | 38 | 40 | 78 |
| 3 | پاشبازی (مێ) | 2 | 43 | 46 | 91 |
| 4 | پاشبازی (نێر) | 5 | 16 | 31 | 52 |
| 5 | فحص الإجهاض | 0 | 1 | 5 | 6 |
| 6 | آثار البدني | 0 | 0 | 22 | 22 |
| 7 | فحص العنة | 0 | 0 | 3 | 3 |
| 8 | فحص DNA | 5 | 4 | 143 | 152 |
| 9 | سەنگاندنی تەمەن | 15 | 25 | 3290 | 3330 |
| 10 | هەڵسەنگاندنی تواناى جەستەيی | 0 | 0 | 396 | 396 |
| | کۆی گشتی | 147 | 208 | 4075 | 4430 |

### 300 کچ پشکنینی پەردەیان بۆ کراوە

بەپێی ئامارەکە کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو 300 کچ پشکنینی پەردەی کچێنییان بۆ کراوە. زۆربەی ئەوانەشی ئەو پشکنینەیان بۆ کراوە کە 120 کەسن، تەمەنیان لە یەک ڕۆژ تاوەکو 10 ساڵ بووە، هەروەها 81 یان تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 17 ساڵاندا بووە و 99شیان تەمەنیان لە 18 ساڵ بەسەرەوە بووە.

دکتۆر بارزان محەممەد پزیشکی پسپۆڕی دادوەری هۆکاری ئەو پشکنینانەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "95%ی پشکنینەکان بەهۆی کەوتن لەسەر پەیژە، یان شوێنی بەرز، یان هەڵگرتنی جێی خەوتن و خلیسکان لەکاتی پاککردنەوەی نێو ماڵ بووە، ئەوەی دیکەشی پەیوەندی بەکێشەی کۆمەڵایەتییەوەیە.

ناوبراو ئاشکرای کرد کە سەرجەم پشکنینەکانیش لەسەر داوای دادوەری لێکۆڵینەوە و بەپێی نووسراوی دادوەر دەکەن و لەلایەن تیمێکی پزیشکی ئافرەتانەوە لە پەیمانگە پشکنینەکە دەکرێت.

دەربارەی ئەوەی چەند کچ لەو 300 کچە لەکاتی پشکنیندا دەرکەوتووە پەردەی کچێنییان لەدەستداوە، دکتۆر بارزان گوتی "پێنج کچ پەردەیان لەدەستدابوو کە دووانیان بەهۆی کەوتنەوە بووە، سیانەکەی دیکەش بەهۆی پەیوەندی سێکسی بووە".

هەر لە ئامارەکەدا دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەوانەی پشکنینیان بۆ کراوە تەمەنیان لە نێوان یەک ساڵ تاوەکو 10 ساڵانە. دکتۆر بارزان ئەوەشی بەحاڵەتێکی "ئاسایی" ناوبرد، بەتایبەتی منداڵ لەدوای شەش ساڵی کە دەکەون یاخود دەخلیسکێن و گوتی "100%ی ئەو حاڵەتانە بەهۆی کەوتنە خوارەوەیە، هەموو پشکنینەکانیش لەسەر داوای دادوەر دەکرێن".

### 78 کچ و ژن پشکنینی زێیان بۆ کراوە

هەر لەو ئامارەدا دەرکەوتووە کە ساڵی ڕابردوو 78 کچ و ژن پشکنینی کۆئەنداومی زاوزێیان بۆ کراوە، 38یان تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 17 ساڵاندا بووە، 40 لەوانەش تەمەنیان لە 18 ساڵ بەسەرەوەیە.

دکتۆر بارزان گوتی "ئەو پشکنینانە بەهۆی سکاڵای هاوسەرەکانیان بووە، بەهۆی ئەوەی توانای جووتبوونیان نەبووە، یاخود بەپێچەوانەشەوە، چونکە بەپێی یاسا ئەگەر پیاوەکە توانای سێکسی نەبێت، ئەوا ژنەکە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات".

### 143 ژن و پیاو پشکنینی کۆمیان بۆ کراوە

بەپێی ئامارەکەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی، ساڵی ڕابردوو 91 ژن پشکنینی دەرچەی کۆم (پاشبازی)یان بۆ کراوە کە دوو لەوانە تەمەنیان لە نێوان یەک ساڵ تاوەکو 10 ساڵاندا بووە. هەروەها 43 ژن و کچ کە ئەو پشکنینەیان بۆ کراوە تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 17 ساڵاندا بووە، 46 کچ و ژنیش تەمەنیان لە 18 ساڵ بەسەرەوە بووە.

لە ئامارەکەی پەیمانگەی دادپزیشکیدا دەردەکەوێت کە ساڵی ڕابردوو 6 ژن پشکنینی لەبارچوونی منداڵیان بۆ کراوە. هەروەها 42 ژنیش پشکنینی سکپڕییان بۆ کراوە.

### 29 پیاو پشکنینی نێربازییان بۆ کراوە

هەر بەپێی ئەو ئامارە 52 کەس لە ڕەگەزی نێر پشکنینی دەرچەی کۆم (پاشبازی)یان بۆ کراوە کە 5 لەوانە تەمەنیان لە یەک ساڵ تاوەکو 10 ساڵان بووە، 16 لەوانە تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 17 ساڵان بووە، 46 لەوانیش تەمەنیان لە 18 ساڵ بەسەرەوە بووە. بەپێی ئەو ئامارە هەر لەساڵی ڕابردوودا 29 پیاو پشکنینی "نێربازی"یان بۆ کراوە.

### پشکنینی تۆوی پیاوان

پەیمانگەی پزیشکی دادوەری ساڵی ڕابردوو چەند پشکنینێکی دیکەی کردووە کە پەیوەندییان بە مەسەلەی سێکسکردنەوە هەیە، لەوانەش پشکنینی تۆو و پەڵەی تۆو.

بەپێی ئامارەکە ساڵی ڕابردوو 10 کەس پشکنینی تۆویان بۆ کراوە. هەروەها پشکنین بۆ 448 پەڵەی بەجێماوی تۆو لەسەر جەستە و جلوبەرگ کراوە.

لەو بارەیەشەوە د.بارزان ڕوونیکردەوە کە "ئەو پشکنینەش بۆ هەندێک تاوانی سێکسییە، ڕەنگە ئەو لێکۆڵەرە گومانی لە کەسێک هەبێت کە ئەو تاوانەی کردبێت، یاخود ئەو تۆوە هی چ کەسێکە".

### 3330 کەس تەمەنیان هەڵسەنگێندراوە

یەکێکی دیکە لەو پشکنینانەی ساڵی ڕابردوو بۆ هاووڵاتیانی شاری سلێمانی کراوە، پشکنینی هەڵسەنگاندنی تەمەن بووە کە 3330 کەس ئەو جۆرە پشکنینەیان بۆ کراوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی تەمەنیش، دکتۆر بارزان باسی لەوەکرد کە هەڵسەنگاندنی تەمەن "زۆر زۆر"ە و بۆ چەند مەبەستێکە، یەکێکیان بۆ ئەو منداڵانەیە کە لە دەرەوەی وڵات لەدایکبوون، ئێستا دەیانەوێت ناسنامەی عێراقی دەربکەن، بۆیە دادگا دەیاننێرێت بۆ ئەوەی بە تیشک تەمەنیان دیاری بکرێت، هەروەها خەڵکانێک هەن تەمەنیان هەڵەیە و دادوەر دەیاننێرێت بۆ ڕاستکردنەوەی تەمەنیان.

# کچانی سلێمانی فێری پیشەی گەشتیاری دەکرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

شەهێن فاروق، 38 ساڵ، بە ئومێدەوە بەشداری کردووە لە خولی فێربوونی گەشتیاری و بەنیازیشە لەئایندەدا لە فەرمانگەکەی خۆی کاری زیاتر لە بواری گەشتیاریدا بکات.

شەهێن فاروق، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە و فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی، دەڵێت "مەبەستمە دوای تەواوبوونی خولەکە، هەر لە فەرمانگەکەی خۆم و لە بواری گەشتیاریدا کار بکەم".

ئەم خولە لەژێر ناونیشانی "پرۆژەی گەشەپێدانی بارودۆخی پیشەیی ژنان" لەلایەن ڕابیتەی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆییەکان، بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ 60 کچی شاری سلێمانی کراوەتەوە، خولەکەش ماوەی شەش مانگ بەردەوام دەبێت و لەکۆتاییشدا بڕوانامەی دیبلۆم لەبواری گەشتیاریدا دەبەخشرێتە بەشداربووان.

هەندێک لەو ئافرەتانەی وەکو (شەهێن) بەشدارییان کردووە، حەز و خولیایان بۆ بوارەکە هەیە، بەڵام بەشێکی دیکەیان کە تازە دەرچووی زانکۆن لەبەر "بێ ئیشی" بەشداربوون و بەنیاز نین لەداهاتوودا لەبواری گەشتیاریدا کار بکەن.

گوڵاڵە محەممەد، 25 ساڵ، کچێکی باڵاپۆشە و دەرچووی بەشی شارستانی کۆلێجی ئەندازیارییە و بەگوتەی خۆی "لەبەر بێ ئیشی" و بۆ وەرگرتنی "زانیاری گشتی" بەشداری کردووە و گوتی "بواری پسپۆڕییەکەی خۆم و ئەم خولە دوو شتی جیاوازن، بۆیە هاتووم تەنیا بۆ وەرگرتنی زانیاری گشتی سوودی لێوەربگرم، نەک بۆ داهاتوو ئیشی تێدا بکەم".

لەنێوان شەهێن و گوڵاڵەدا ئەڤین ئەحمەدی تەمەن 23 ساڵیش هەیە کە تەواوکەری بۆچوونەکانی ئەوانە، چونکە لەلایەک دەرچووی بەشی جیۆلۆجییە و لەلایەکی دیکەشەوە بەلایەوە ئاساییە لەداهاتوودا لەبواری گەشتیاریدا کار بکات.

ئەڤین دوای تەواوکردنی زانکۆ و لەبەر بێ ئیشی پەنای بۆ بەشداریکردن لەو خولە بردووە، بەڵام ئێستا دەیەوێت بەو بەشداریکردنەی کە بۆ پەرەپێدانی تواناکانیانە لە بواری گەشتیاریدا، لەداهاتووشدا لەبواری گەشتیاریدا کار بکات.

مامۆستای ئەم خولە کە خەڵکی ئوردنە، گەشبینە بەداهاتووی ئەو ئافرەتانە بۆ پێگەیاندنیان لەبواری گەشتیاریدا.

حاتم ئەلبیستونی ڕێکخەری خولەکە بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوان مەبەستیانە لەم خولەدا پەرە بەتواناکانی ئافرەتان لە بواری گەشتیاریدا بدەن، چونکە ئافرەت هەیە پێی شەرمە لەهوتێلدا کار بکات، بەڵام ئەوان وردە وردە ڕاهێنانیان پێدەکەن بۆ ئەوەی کارەکەیان بەلاوە ئاسایی بێت.


کردنەوەی ئەو خولە بۆ ئافرەتان لە بواری گەشتیاریدا لەکاتێکدایە کە ساڵی ڕابردوو، شاری هەولێر پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی بوو، ئەمە سەرەڕای کردنەوەی چەندان هوتێلی براند لە شارەکانی کوردستان، بۆیە زۆربەی شارەزایانی بواری گەشتیاری لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردستان پێویستی بە کادری گەشتیارییە.

دوای تەواوبوونی وانەی تیۆری بەو ئافرەتانە، پاشان دەنێردرێنە بەشە جیاوازەکانی هوتێلە براندەکان بۆ ئەوەی بەشێوەی پراکتیکیش کار بکەن.

یاسین فەقی سەعید، بەڕێوەبەری گشتی گەشت و گوزاری سلێمانی لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت ڕایگەیاند ماوەی شەش هەفتە وانەی تیۆری بەو ئافرەتانە دەگوترێتەوە و ماوەی 90 ڕۆژیش دەیاننێرنە هوتێلەکان بۆ وانەی پراکتیکی و پاشانیش ڕای خاوەنکارەکانیان لەسەر وەردەگیرێ پاشان بڕوانامەی دیبلۆمیان پێدەدرێت.

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

## باکوورییەک لە هەولێر خۆی دەخنکێنێت



**رووداو- هەولێر**

کوردێکی باکووری کوردستان کە لە شاری هەولێر نیشتەجێبووە لە نێو خانوویێکدا خۆی هەڵدەواسێت و خۆی دەخنکێنێت. رائید کاروان عەبدولکەریم، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە کاژێر 8:30ی بەیانی رۆژی 2015/1/25 پۆلیس ئاگادار کراوەتەوە لە بوونی رووداوێکی خۆخنکاندن لە گەڕەکی گوڵانی شاری هەولێر. دوای گەیشتنی پۆلیس دەرکەوت کەوا کەسێک بەناوی (بارش باران)، لەدایکبووی (1976)، کە کوردی باکوورە و بە تەنیا لە نێو خانوێک دەژی، بە پەت خۆی خنکاندووە.

بەکارهێنەر کەمی کردووە

# بازرگانانی مادەی هۆشبەر روو لە زیادبوونن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئاماری سزادراوان لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی بە مادەی هۆشبەر لە شاری سلێمانی روو لە کەمبوونە، بەڵام ئامارەکە دەریدەخات کە بازرگانانی مادەی هۆشبەر ژمارەیان روو لە هەڵکشانە و بەکارهێنەرانیش ژمارەیان کەمی کردووە.

ساڵی رابردوو لە سنووری شاری سلێمانی 175 کەس بەتۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون وزیاتر لە دوو کیلۆ ماددەی هۆشبەریش گیراوە، هەروەها 176 کەس بەتاوانی بازرگانی وبەکارهێنانی ئەو ماددانە سزادراون.

### دەستگیرکردنی 175 کەس

بەپێی ئاماری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی کە دراوەتە (رووداو)، بە درێژایی ساڵی رابردوو 175 کەس بەتۆمەتی بازرگانی وبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون کە هەندێکیان لەلایەن دادگاوە سزا دراون وهەندێکی دیکەشیان هیچیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە وئازادکراون، بەڵام هەندێکی دیکەیان هێشتا چاوەڕێی بڕیاری دادگان. تەمەنی ئەو کەسانەشی دەستگیرکراون لەنێوان 15 تاوەکو پەنجا ساڵە کە کورد، عەرەب وفارسیان تێدایە.

هەر بەپێی ئامارەکە ساڵی رابردوو دەست بەسەر زیاتر لەدوو کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گیراوە لەوانەش (تریاک و حەشیش وشیشە).



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### بێکاری هۆکاری سەرەکییە

عەمید جەلال ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی "بێکار"ی بەهۆکاری سەرەکی زیادبوونی بازرگانی وبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ناوبرد، جگە لەوەش کردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان وعێراق بەڕووی وڵاتانی دەرەوە و تێکەڵاوبوونی خەڵکانی بیانی بەهۆکار زانی.

جەلال ئەمین بەگ ئاشکرای کرد کە لەڕێگەی وڵاتانی دراوسێوە ماددەی هۆشبەر دێنە کوردستان، بەڵام سەبارەت بەوەی کە زۆرجار کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمەتبار دەکرێت بەسەرچاوەی سەرەکی بۆ هاتنە ناوەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ کوردستان، عەمید جەلال گوتی "نەخێر تەنیا ئێران نییە، بەڵکو لە وڵاتانی دراوسێ، تەنانەت لە بەغداوە ویستوویانە ماددەی هۆشبەر بهێننە هەرێمی کوردستان".

بەپێی راپۆرتی ساڵی 1990ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، عێراق پاکترین وڵات بووە کە کەمترین رێژەی ماددەی هۆشبەر تێدا بەکارهێنراوە، بەڵام دوای 25 ساڵ لەو مێژووەوە، بەرپرسەکەی ماددەی هۆشبەر هۆشداری دەداتە حکومەت وپەرلەمان لەزیادبوونی بازرگانی وبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

عەمید جەلال گوتی "ساڵا بەساڵا رێژەی بازرگانی وبەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر زیاد دەکات، بۆیە پێویستە هەوڵی زۆر بدرێت بۆ رێگریکردن وبنەبڕکردنی ئەو ماددەیە، چونکە لە تیرۆر مەترسیدارترە".

ناوبراو پێشنیاز دەکات بۆ بنەبڕکردنی ماددەی هۆشبەر بودجە و هێزێکی تایبەت تەرخان بکرێت، چونکە وەک ئەو ئاماژەی پێکرد "تائێستاش ئەو کەسانەی بازرگانی وبەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن نەبوونەتە مافیا وکەسی بەهێز لەپشتیانەوە نییە، بۆیە کۆنترۆڵکردنیشیان ئاسانە".

### داوای هەموارکردنەوەی یاساکەی دەکرێت

ئێستا بەرپرسانی ئاسایش لەهەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە 68ی ساڵی 1965 مامەڵە لەگەڵا کەسانی بازرگان یاخود بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر دەکەن، هەرچەندە سێ ساڵ لەمەوبەریش لەلایەن بەرپرسانی ئاسایشەوە پرۆژە یاسایەک دراوەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە، بەڵام تاکو ئێستا پەسەند نەکراوە.

عەمید جەلال خۆی یەکێک بووە لە داڕێژەرانی ئەو پرۆژە یاسایە وگرنگی ئەو پرۆژەیەیان لەوەدا دەبینێتەوە کە هەندێک ماددەی هۆشبەر پەیدا بوون لەیاساکەدا نین، بۆیە ئەگەر یاساکە هەموار بکرێتەوە ئەوان باشتر دەتوانن ماددەی هۆشبەر بنبڕ بکەن.

### بازرگان زیادبوون و بەکارهێنەر کەمبوون

فەرهاد قادر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ساڵی رابردوو 176 کەس بەتاوانی بازرگانی وبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزادراون کە 158 کەسیان بازرگان و18شیان بەکارهێنەربوون.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ساڵی 2014 بەراورد بە 2013 رێژەی سزادراون کەمتر بووەتەوە بەشێوەیەک ساڵی 2013 (212) کەس بەو دوو تۆمەتە سزادراون کە 180یان سزادراوی کێشان بوون و 32شیان سزادراوی بازرگانی بەو ماددانەوە بوون.



رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر *

## مەشروب خێزانێک وێران دەکات

ئافرەتێک کە 10 ساڵە شووی کردووە و خاوەنی دوو منداڵە، شەکوای حاڵی خۆی کرد و گوتی لەگەڵ مێردەکەی هیچ کێشەیان نەبوو، یەکدییان زۆر خۆشدەویست و هەر بە خۆشەویستیش یەکدییان ناسیبوو، بەڵام کاتێک دەچنە نێو ژیانی خێزانی، وردە وردە کێشەیان بۆ دروست دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن خەسووەکەیەوە، تاوەکو رۆژێک خەسووەکەی هەر بە ئاشکرا پێیدەڵێ "تۆ قابیلی کوڕەکەم نەبووی، بەڵام چی بکەم دەسەڵاتم نەبوو".

ئیدی پاش ئەو قسەیە ژنە دەتۆرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی، مێردەکەی چەند جارێک خەڵک دەنێرێ بە دوایدا، بەڵام دەڵێت بەو مەرجە دەگەڕێتەوە ماڵی جیای بۆ دابنرێت، مێردەکەشی بەو داوایە رازی دەبێت.

ژنەکە بەو خەیاڵە دەگەڕێتەوە کە لاپەڕەیەکی سپی لەگەڵ مێردەکەی هەڵبدەنەوە، بەڵام تووشی سەرسوڕمان دەبێت کاتێک مێردەکەی پێیدەڵێت من مەشروب دەخۆمەوە. بەڵام هەوڵدەدەم وازی لێبێنم.

ئەو ژنە دەڵێت دوای ئەوەی ماڵی بۆ دانراوە ژیانی نەک خۆش نەبوو، بەڵکو بوو بە "دۆزەخ"، چونکە وەک خۆی دەڵێت هەر رۆژێک مێردەکەی سەردانی ماڵی باوکی کردبا، تاوەکو نیوە شەو نەدەهاتەوە، کە دەگەڕایەوە سەرخۆش بوو، ئەویش جورئەتی نەکردووە بڵێت بۆنت لێدێت یەکسەر بەردەبووە گیانی.

ژنەکە لەسەر ئەو بابەتە چەند جارێک دەتۆرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی، بەڵام حەز ناکات لە مێردەکەی جیاببێتەوە، چونکە وا هەستی کردووە کەسێک هانی مێردەکەی دەدات. دواجار ژنەکە بۆ ماوەی 7 مانگ دەچێتەوە ماڵی باوکی و بەڵێن دەدات تاوەکو مێردەکەی دەستبەرداری خواردنەوە نەبێت، نەگەڕێتەوە لای.

کاتێک ئەو ژنە لە ماڵی باوکیەتی، هەواڵی بۆ دێنن کە مێردەکەی ناو ماڵەکەی فرۆشتووە و بە نیازە بچێتە دەرەوەی وڵات، ئەویش بە هەندی وەرناگرێت و تەنانەت خۆشحاڵیش دەبێت و دەڵێت بەڵکو ئەو سەفەرە ببێتە هۆی بەخۆداچوونەوەی، بەڵام مانگێکی پێنەچووە گەڕاوەتەوە، ئەو ماوەیەش هیچ خەرجییەکی نەکردوون. تەنانەت ژنەکە بیستبووی کە مێردەکەی ژنێکی دیکەی هێناوە.

ئەگەر ئەو ژنە بەڵگەی هەبووایە کە مێردەکەی ژنی دووەمی هێناوە، مێردەکەی بەپێی یاسای باری کەسی شەش مانگ بەند دەکرا و 10 ملیۆن دیناریش غەرامە دەکرا، هەر بە یاساش دەیتوانی داوای جیابوونەوە بکات و مافەکانی خۆشی لە مێردەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەو ژنە دەیگوت من نامەوێ لە پیاوەکەم جیاببمەوە، چونکە خۆشم دەوێت، با تەنیا خەرجیمان بکێشێت و خانوویەکمان بۆ بەکرێ بگرێت.

کاتێک بانگی پیاوەکەی کرا و قسەی لەگەڵ کرا، خێزانەکەی لێی پرسی بۆچی ژنت بەسەر هێنام، ئەو بە پێکەنینەوە گوتی "ژنهێنانی چی!". ژنەکە قەناعەتی هات کە پیاوەکەی ژنی نەهێناوە، هەر ئەو کەسانەی کە ناهێڵن پێکەوە بژین، ئەم جۆرە پروپاگەندانە لەدوای مێردەکەی دەکەن.

پیاوەکە گوتی ماوەی دوو مانگە وازم لە خواردنەوە هێناوە زۆر بەکەمی دەخۆمەوە، هەروەها گوتی راستە خێزانەکەم لەسەر حەقە. ئێستاش بەڵێن دەدەم یەکجاری دیکە لە ژنەکەم نەدەم و هەر ئەمڕۆ دەچم خانوویەک بە کرێ دەگرم و ماڵێکی نوێ دادەنێم. ئەو پروپاگەندەی ژنهێنانەش تەنیا بۆ ئەوە بووە ژنەکەم داوای تەڵاق بکات. ئێمە یەکدیمان زۆر خۆشدەوێت و جیانابینەوە.

بۆ وازهێنانیش لە خواردنەوە، رێنمایی پیاوەکە کرا کە سەردانی رێکخراوی رۆشنبیری و هۆشیاری دژی ماددە هۆشبەرەکان بکات، تاوەکو لەوێ چارەسەری ئاڵوودەبوونەکەی بکەن.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

ساڵی رابردوو

# 1280 کەس لە سلێمانی بوونەتە قوربانیی رووداوی جۆراوجۆر

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە سلێمانی، ساڵی رابردوو لەو پارێزگایەدا 1280 کەس بە رووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەستداوە. زۆرترین قوربانییەکانیش بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە بوون، دوای ئەویش کوشتن بە فیشەک و مردن بەهۆی تەقینەوە.

### ئاماری هاتوچۆ و دادپزیشکی جیاوازن

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە سلێمانی، ساڵی رابردوو لە سنووری ئەو پارێزگایە 296 کەس (186 کەس لە سلێمانی، 72 لە کەلار 21 لە رانیە و 17 کەس لە شارەزوور) بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە. بەڵام بەپێی ئاماری پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی کە هەفتەی رابردوو راگەیەنراوە، 140 کەس بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە.

بەهمەن عەبدوڵڵا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی لەبارەی ئەو جیاوازیانەوە بە (رووداو)ی گوت "زۆر لەو قوربانیانەی تۆمارکراون، خەڵکی دەرەوەی پارێزگای سلێمانین، بەڵام لەکاتی رووداوی هاتوچۆکە یاخود دوای رووداوەکە هێنراون بۆ شاری سلێمانی بە مەبەستی چارەسەرکردن و لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی مردوون".

### 230 کەس بە فیشەک کوژراون

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لە پارێزگای سلێمانی کە بریتین لە ئامارەکانی پەیمانگای پزیشکی دادی سەنتەری شاری سلێمانی، رانیە، کەلار و شارەزوور. ساڵی رابردوو لە سلێمانی و قەزا و ناحیەکانی 230 کەس بە گوللە کوژراون (200 پیاو و 30 ژن).

بەپێی ئامارێکی چاکسازی گەورانی سلێمانی کە پێشتر (رووداو) بڵاوی کردووەتەوە، ساڵی رابردوو 287 کەس بە تاوانی کوشتن سزا دراون.

هەر بەپێی ئەو ئامارە ساڵی رابردوو 139 کەس بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێنراو گیانیان لەدەستداوە کە 9 لە قوربانییەکان ژنن.

### ئاگر 99 ژنی سووتاندووە

لە زۆربەی رووداوەکاندا پشکی شێری قوربانییەکان بەر پیاو کەوتووە، تەنیا لە رووداوی سووتان نەبێت کە ژمارەی قوربانیانی ژن زیاترن لە پیاوان، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی بە سووتان گیانیان لەدەستداوە خۆیان سووتاندووە.

بەپێی ئامارەکانی دادپزیشکیی ساڵی رابردوو لە سلێمانی، کەلار، رانیە و شارەزوور، ساڵی رابردوو 133 کەس بەهۆی ئاگرەوە گیانیان لەدەستداوە (99 ژن و 34 پیاو). زۆرترین ئەو ژنانەشی بەهۆی ئاگرەوە گیانیان لە دەستداوە، لە سەنتەری شاری سلێمانی بووە کە 95 ژن بووە، ژنێکیش لە کەلار و 3 ژنیش لە رانیە بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە.

### 114 کەس خنکاون یان خۆیان خنکاندووە

بەپێی ئامارەکە، ساڵی رابردوو لە سلێمانی و کەلار و رانیە و شارەزوور 114 کەس بەهۆکاری جیا جیا خنکاون، یان خۆیان خنکاندووە، یانیش خنکێنراون.

لەوانەش 58 کەس لە ئاودا خنکاون (47 نێر و 11 مێ)، 23 کەس بە پەت خنکاون (14 نێر و 9 مێ)، 21 کەسیش بە هەڵواسین خنکاون (13 نێر و 9 مێ). هەروەها 10 کەس (9 نێر و یەک مێ) گازی دوانۆکسیدی کاربۆن خنکاندوونی.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، ساڵی رابردوو 10 کەس لە سلێمانی بەهۆی بڕین بە شتی تیژ گیانیان لە دەستداوە. هەروەها دوو ژنیش بەهۆی دەرمانی مۆرفینەوە گیانیان لە دەستداوە. هەورە بروسکەش کەسێکی کوشتووە.

هەر لە ساڵی رابردوودا بەهۆی "زەبری دەرەکی" 34 کەس (27 نێر و 5 مێ) گیانیان لە دەستداوە. زۆربەی قوربانییەکانیش لە سەنتەری شاری سلێمانی بوون کە ژمارەیان 20 کەس بووە (17 نێر و 3 مێ).

### 51 کەس لە بەرزایی بەربوونەتەوە

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی ساڵی رابردوو بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیان لە شاری سلێمانی، کەوتنە خوارەوە بووە لە شوێنی بەرز، بەپێی ئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، ساڵی رابردوو 51 کەس بەهۆی کەوتنە خوارەوەیان لە شوێنی بەرزەوە گیانیان لەدەستداوە کە 41 لەوانە لە رەگەزی نێر بوون و 10شیان لە رەگەزی مێ بوون.

هەر بەپێی ئەو ئامارە ساڵی رابردوو لە سلێمانی 34 کەس (22 نێر و 12 مێ) بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانیان لەدەستداوە.



**ئاماری پەیمانگای پزیشکی دادوەری (سلێمانی - کەلار - رانیە - شارەزوور)**

| هۆیەکانی مردن | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سووتان | 34 | 99 | 133 |
| رووداوی هاتوچۆ | 236 | 60 | 296 |
| خنکان لە ئاودا | 47 | 11 | 58 |
| خنکان | 2 | 0 | 2 |
| خنکان بە پەت | 14 | 9 | 23 |
| خنکان بە هەڵواسین | 13 | 8 | 21 |
| خنکان بە Co | 9 | 1 | 10 |
| کارەبا گرتن | 22 | 12 | 34 |
| کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی | 41 | 10 | 51 |
| زەبری دەرەکی | 27 | 6 | 33 |
| نەخۆشییەکان | 177 | 46 | 223 |
| بڕی بەهۆی شتی تیژ | 7 | 3 | 10 |
| فیشەک | 200 | 30 | 230 |
| تەقینەوە و مین | 129 | 10 | 139 |
| هەورە بروسکە | 0 | 1 | 1 |
| ژەهراوی بوون بە مۆرفین | 0 | 2 | 2 |
| هۆیەکانی دیکە | 8 | 5 | 13 |
| کۆی گشتی | 966 | 313 | 1279 |

# شەقامێک لە هەولێر هیچ یاسایەکی تێدا جێبەجێ ناکرێ

## قایمقامی هەولێر:
### ئێوە شتێکی لەسەر بنووسن بەڵکو چارەسەر بکرێ

## پۆلیسی هاتوچۆ:
### ناتوانین ڕەقەمی نێرگەلە کێشەکان بگرین



(فەرزین حەسەن)

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجە نێرگەلە کێشەکان کورسیەکانیان نەک هەر لەسەر شۆستەکان، بەڵکو هەتا ناوەڕاستی شەقامەکەش هێناوە، شەوان ئۆتۆمبێلەکان بە زەحمەت دەتوانن بە شەقامەکەدا تێپەڕن. پۆلیس دەڵێت گەنجەکان ئۆتۆمبێل نین تاوەکو ژمارەکانیان بنووسن و سزایان بدەن. شارەوانیش ئەم هەفتەیە چارەنووسی ئەو شەقامە یەکلایی دەکاتەوە. شەقامی بازاڕی ئیسکانی شاری هەولێر 24 کاژێر ئاوەدانە، زۆربەی ئەوانەشی ڕوو لە بازاڕەکە دەکەن گەنجانن. شەوانە پڕ دەبێت لە پۆلیسی هاتوچۆ و پۆلیسی فریاکەوتن، بە تایبەتی ئەو شەوانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید یارییان هەیە ژمارەی پۆلیس زۆرتر دەبێت، ئەوەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شەڕ و ئاژاوانەی لە نێوان هاندەرانی ئەو دوو یانەیە لەوانەیە ڕووبدەن.

بەتەنیا گرتنی شەقامەکە نیشانەی ئەوە نییە کە یاسا لەو شەقامە جێبەجێ ناکرێ، خواردنە جۆراوجۆرەکانی سەرشەقامەکە کە هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە، پڕ مەترسین بۆ ژیانی ئەوانەی دەیخۆن. چاودێری تەندروستی دەڵێ "ئەرکی شارەوانییە ئەو مەترسییە لەسەر تەندروستی خەڵکی نەهێڵێ". پۆلیسی شارەوانیش دەڵێ "هەتا داوامان لێ نەکرێ، ناتوانین هیچ بکەین". قایمقامی هەولێریش بە (ڕووداو)ی گوت "ئێوە شتێکی لەسەر بنووسن بەڵکو چارەسەر بکرێ".

### پۆلیسی هاتوچۆ: ناتوانین ڕەقەمی نەفەر بگرین

ڕائید فازڵ حاجی، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر دەڵێت ئەرکی ئەوان نییە ئەو شەقامە چۆڵ بکەن، بەڵکو ئەرکی ئەوان تەنیا ڕێکخستنی هاتوچۆیە، ئەوە ئەرکی پۆلیسی شارەوانییە کورسیەکانی سەر شەقامەکە لابدەن.

فازڵ حاجی گوتی "ئێمە کارمان لەگەڵ ئۆتۆمبێلە و سەرپێچییەکانی ئۆتۆمبێل تۆمار دەکەین، خۆ ناتوانین ڕەقەمی نەفەر بگرین کە هاتووەتە سەر شەقام دانیشتووە و نێرگەلە دەکێشێ".

ڕائید فازڵ ئاماژەی بەوەدا کە زۆرجار داوایان لە لایەنی پەیوەندیدار و تەنانەت پارێزگاش کردووە چارەسەرێکی ئەو دیاردەیە بکەن، بەڵام بە بیانووی ئەوەی شەقامەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە.

### پۆلیسی شارەوانی: ئەرکی ئێمە هەڵگرتنی سەرپێچی نییە!

پۆلیسی شارەوانیش کێشەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە و دەڵێت ئەوە ئەرکی ئەوان نییە سەرپێچی لابدەن، بەڵکو ئەوان هاوکاری شارەوانی دەکەن بۆ لابردنی سەرپێچی.

ڕائید فەخرەدین نوری بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر گوتی "ئەگەر خەڵکی لە خانوو دروستکردنیشدا زێدەڕۆیی بکات، ئێمە بێ بڕیاری شارەوانی بۆمان نییە دەستکاری ئەو خانووە بکەین، هەر کاتێک تەگەرەیەک بکەوێتە بەر لادانی سەرپێچیەکانی سەر شارەوانی، ئێمە هاوکارییان دەکەین".

### قایمقام دەڵێت با دابخرێ!

قایمقامی هەولێر دەڵێ زۆرجار نووسراوم کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە، دەڵێن خەڵک هەژارە و وازیان لێ بهێنن.

نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ئەو شەقامە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، با شەقامەکە هەر بە تەواوی دابخرێت و نەهێڵن ئۆتۆمبێل پێیدا تێپەڕێت، ئەگەریش ئەوە ناکرێ، با ڕێکبخرێ، پێمان باش بوو ئەو شەقامە ڕێکبخەین و سەرپێچیەکانی لابدەین، کەچی هەندێک گوتیان خەڵک هەژارە و کاسبی دەکەن لەو شەقامە، دوایی دەبێتە فەوزا".

نیهاد لەتیف قۆجە گوتیشی "پێویستە شارەوانی و تەندروستی بڕیارێک دەربکەن بۆ لابردنی ئەو سەرپێچیانەی لەو شەقامە هەن، ئێوە بەدواداچوونێکی بۆ بکەن و شتێکی لەسەر بنووسن بەڵکو دەبێتە مەوزوع و چارەسەر دەکرێت".

### چاودێریی تەندروستی لە خەنجەر دەترسێ

دەیان خواردنی جۆراوجۆری سەر شەقامەکە کە مەرجی تەندروستییان تێدا نییە لایەنێکی دیکەیە کە کەس خۆی لێ ناکاتە خاوەن و بە بەرپرسیارێتی خۆیانی نازانن ئەگەر تەندروستی هاووڵاتیان بکەوێتە مەترسییەوە.

د.قادر عەبدولڕەحمان، لێپرسراوی بەشی چاودێریی تەندروستی هەولێر لە بارەی خواردنی سەرشەقامەکان دەڵێ "ئێمە لە خواردنی سەر شەقامەکان بەرپرس نین، تەنیا ئەو شوێنانە نەبێت کە مۆڵەتی تەندروستییان هەیە، ئەرکی شارەوانییە خواردنی سەر شەقامەکان هەڵگرێ، ئێمە دەرەقەتی ئەوان نایەین، ڕەنگە بچین لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین، خەنجەرێکیشمان لێبدەن".

د.قادر گوتیشی "ئەو خواردنانە هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو شەقامەکە ئاوەڕۆشی خراپە و ئاوی پیس لە ژێر شۆستەکە دەردەچێ کە لایەنێکی دیکەیە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی".

### شارەوانی لە شەقامەکە ڕازییە

هەمووان شارەوانی بە بەرپرسی یەکەم دەزانن لە سەرپێچیەکانی شەقامی ئیسکان. بەڕێوەبەری شارەوانی یەکیش بیانووی بۆ قەرەباڵغی و نا یاسایی شەقامەکە هێنایەوە کە لەپێناوی نیشاندانی ئارامی و ئاسایشی هەولێرە.

بەشدار ڕەزا سەید گوڵ بەڕێوەبەری شارەوانی یەک دەڵێ "خاوەنی گازینۆکان لە شەقامی ئیسکان چەند جارێک بەڵێنیان داوە کورسیەکانیان لا بدەن لەسەر شەقامەکە، ماوەیەک بەڵێنەکانیان جێبەجێ کرد، دواتر سەرپێچییان کردەوە و کورسیەکانیان هێنایەوە سەر شەقامەکە، ئێمەش لەبەر ئاسایشی شاری هەولێر پێمان خۆشە ئەو قەرەباڵغیە هەبێت نەوەک چۆڵ بێت، لەبەر ئەوەی شەوانە خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی هەولێریش دێنە هەولێر و دێنە ئەو شەقامە، قەرەباڵغییەکی زۆر دروست دەبێ و لەنێو دوکان و گازینۆکان جێگەیان نابێتەوە، بۆیە دێنە سەر شەقامەکە دادەنیشن".

بەڕێوەبەری شارەوانی یەک گوتیشی "نووسراومان کردووە بۆ قایمقامیەت تا چارەسەرێکی ئەو دیاردەیە بکەین، لەو هەفتەیەش لەسەر ئەو سەرپێچیانەی شەقامی ئیسکان لەگەڵ پۆلیسی شارەوانی و پۆلیسی هاتوچۆ و قایمقامیەت و پارێزگا کۆدەبینەوەو بڕیارێکی لەبارەوە دەدەین".

### لەسەر شەقامەکە دەژین

بۆ عەرەبانە و فرۆشیارەکانی خواردنی سەر شەقام، بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان لەهەموو یاسایەک لە پێشترە، وەک یەکێک لەو فرۆشیاری خواردنانەی شەقامی ئیسکانی هەولێر گوتی "ئەگەر سەد جار لامبدەن و دەرمبکەن، ناچارم بۆ بژێوی ژیانی خۆم و منداڵەکانم بۆ ڕۆژی پاشتر بگەڕێمەوە، ئەم شەقامە بووەتە سەرچاوەی داهاتی ژیانی خۆم و منداڵەکانم، ئەگەر ئەم شەقامە نەبێ، ژیانی ئێمەش بەردەوام نابێ".

## سالّی ڕابردوو

# لە ئیدارەی ڕاپەڕین ڕۆژانە زیاتر لە دزییەک کراوە



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی ڕاپەڕین ساڵی ڕابردوو لەو دەڤەرە ڕۆژانە زۆرتر لە دزییەک کراوە و لە ماوەی ئەو ساڵەدا 397 حاڵەتی دزی لەلای پۆلسی ناوچەکە تۆمار کراوە. دزییەکانیش زۆربەیان لە ماڵ و دووکانەکان بووە. پۆلیسیش دەڵێت زۆربەی دزەکانیان دەستگیرکردووە.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا 124 دزیی بچووک و 273 دزیی گەورە کراون. گوتەبێژەکەی پۆلیسی ڕاپەڕین گووتیشی "زۆربەی ئەو دزیانە لە ماڵان کراون، بەڵام زۆربەی ئەنجامدەرانیان دەستگیرکراون".

ناوبراو ژمارە و ناسنامەی ئەوانەشی ئاشکرا کرد کە لەسەر تاوانی دزی دەستگیرکراون و گوتی "هەندێک لە تۆمەتبارەکان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن. لە ماوەی ساڵی ڕابردووشدا 73 کەس بە تۆمەتی دزیی بچووک و 186 کەسیش بە تۆمەتی دزیی گەورە دەستگیرکراون". ناوبراو گوتیشی "هەندێک لە تۆمەتبارەکان منداڵ و هەرزەکارن و 18 ساڵیان تەواو نەکردووە".

### دزی زیادی کردووە

گوتەبێژی پۆلیسی ڕانیە ئاماژەی بەوەدا کە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕێژی دزیکردن زیادی کردووە. ناوبراو گوتی "لە ساڵی 2013 دا 299 حاڵەتی دزیی گەورە و بچووک تۆمار کراون، بەڵام لەساڵی 2014دا 397 حاڵەتی دزی تۆمارکراوە، واتە 98 حاڵەت زیادی کردووە".

ناوبراو هۆکاری هەڵکشانی ئەو ئامارەی بۆ نائارامی و شەڕ و ئاژاوە لە کوردستان گێڕایەوە. هەروەها بێکاری و هاتنی ئاوارە بۆ سنوورەکە بە هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی ئامارەکە دەزانێت.

مامۆستایەکی دەروونی دەڵێت دزیکردن لەلایەن کەسانی لاواز و دەروون نەخۆشەوە دەکرێت.

یوسف عومەر گوتیشی "ئەوانەی دزی دەکەن پەروەردەیەکی باش نەکراون و لەلایەن خێزانەکانیشیانەوە هیچ سۆزێکیان پێنەدراوە، هەندێکیش سەرەڕای باشیی باری ئابوورییان بەڵام دزیکردنیان کردووە بە خوویەک و ناتوانن دەستبەرداری ببن".

سەبارەت بە وازهێنان لەو خووە، مامۆستا یوسف دەڵێت "چارەسەر لەلای توێژەرانی دەروونییە". هەروەها دەڵێت "پێویستە حکومەت هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێنێ کە هانا بۆ دزیکردن دەبەن، تاک دەبێت هەست بە لێپرسراوێتی بکات و پەروەردەی خێزانیش گرنگی تەواوی پێبدرێت و بە باشی چاودێریی منداڵ بکرێت و گشت پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت".

## بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە

# "ڕێژەی مردنی کرێکاران لە شوێنی کاردا 40% کەمی کردووە"

**پشتیوان جەماڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ماوەی نزیکەی ساڵێکە کوردستانی گرتووەتەوە، ڕێژەی مردنی کرێکاران لە کاتی کارکردندا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتر 40% کەمی کردووە.

سەندیکای کرێکارانی بیناسازی تاکە سەندیکایە لە باشووری کوردستان کە ئاماری گیان لەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران لە شوێنی کارەکانیان کۆدەکاتەوە.

بەپێی ئامارێکی ئەو سەندیکایە کە دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی 2013 لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا 90 کرێکار بەهۆی کارەکانیانەوە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام ساڵی 2014 لەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی 43 کرێکار، گیانیان لەدەستداوە.

عوسمان حەمە سەعید، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لەبارەی ئەو دوو ئامارەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و نەبوونی ئاماری ئەمساڵی پارێزگای دهۆک دەڵێ ئاماری شاری دهۆک ڕانەگەیەنراوە، بەڵام بەبۆچوونی ئەو، ژمارەی قوربانیانی پارێزگای دهۆک ناگاتە ژمارەی قوربانیان لە هەولێر و سلێمانی، بۆیە دەڵێت "ئەگەر ئاماری دهۆکیشی لەسەر بێت، ئەوا ڕێژەی گیان لەدەستدان ئەگەر 50% کەمی نەکردبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە 40% کەمی کردووە".

بەڵام ئەو هیچ ئامارێکی برینداربوونی کرێکارانی لەلا نییە، لەبەرئەوەی ئەو ئامارانە نە لە سەندیکا و نە لەلای هیچ ناوەندێکی حکومی تۆمار ناکرێن.

ساڵی ڕابردوو، بۆ هەرێمی کوردستان ساڵێکی قەیراناوی بوو. زۆربەی کارگەکان لە کارکەوتن و کەرتی وەبەرهێنان بەتەواوی سست بوو. ئەوەش پێش هەموو شتێک بۆ کرێکاران و ئەوانەی بەردەوام پێویستیان بە هەلی کار هەیە، دژوار کەوتەوە.

عوسمان حەمەسەعید، کەمبوونەوەی کار بەهۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی حاڵەتەکانی مردنی کرێکاران دەزانێت، بەڵام پێیوایە ئەوە تەنیا هۆکار نییە "ئەو هەڵمەتەشی لە میدیاکانەوە دەستمانپێکرد بۆ خۆپاراستنی کرێکاران و هۆشیارکردنەوەیان، کاریگەری هەبوو".

### 350 هەزار کارمەند و کرێکار دەرکراون

هەر بەهۆی قەیرانی داراییەوە، یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستانیش ئامارێکی مەترسیدارتر لەبارەی دەرکردنی کرێکاران لە شوێنەکانیان ئاشکرا دەکات.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ساڵی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیکەی 350 هەزار کارمەند لەکەرتی تایبەت ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە و لەو ڕێژەیەش نزیکەی 40%یان کرێکارانی بیناسازین، چونکە زۆربەیان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کاریان دەکرد".


بەبڕوای گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان "کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتیش، قوربانیی ئەو قەیرانە ئابوورییە بوون و خاوەن کار و پرۆژەکانیش بەهەمانشێوە".

لە پەرلەمانی کوردستان وەکو دەسەڵاتی چاودێریکردن، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان تایبەتە بە بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ژیانی کرێکاران و لەحکومەتیش وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لێیان بەرپرسە. سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی داوا دەکات بۆ کەمکردنەوەی زیاتری ڕووداوەکانی گیان لەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران، ئەو دوو لایەنە سەردانەکانیان بۆ چاودێریکردنی شوێنکارەکانی کرێکاران و ڕەوشی ژیانیان زیاتر بکەن.

محەممەد عومەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی گوتی ئەوان لیژنەیەکی تایبەتیان هەیە و هەر کرێکارێک سکاڵای هەبێت لەسەر خاوەنکارەکەی بەدواداچوونی بۆ دەکەن و دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگا دەکەن. ئاشکراشی کرد کە بەم نزیکانە ڕێنمایی نوێ دەردەکەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ کرێکارانی نێوخۆیی و گەڕانەوەی ماف بۆیان.

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە هەتا ئێستا وەکو پێویست نەیانتوانیوە سەردانی شوێنکارەکان بکەن. ئاواز تاڵەبانی ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت ساڵی ڕابردوو بەهۆی شەڕی داعش و کێشەی ژنان و منداڵانی ئاوارە کە بەشێکن لە کاری لیژنەکەیان نەیانتوانی سەردانی شوێنی کاری کرێکاران بکەن، بەڵام وا بڕیارە لەمانگی داهاتووەوە چەند سەردانێکی مەیدانی بۆ ئەو شوێنانە بکەن بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیانی کرێکاران.

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26



## کەمال محەممەد و میران دوێت دەکەن

**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

کەمال محەممەد و میران عەلی تێکستێکی شاعیری کۆچکردووی کورد شێرکۆ بێکەس دەکەنە گۆرانییەکی دوێت. کەمال محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "نوێترین بەرهەمم کە ئەمڕۆ بڕیارم لەسەردا، گۆرانییەکە لەگەڵ هونەرمەندی لاو میران عەلی.

کەمال محەممەد گوتیشی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بەکارەکە دەکەن و کلیپێکی بۆ دەکەن. سالار سەلمان ئاوازی بۆ ئەو بەرهەمە داناوە و لە ستۆدیۆ میترۆنیۆم تۆمار دەکرێت. کەمال محەممەد ناوی بەرهەمەکەی ئاشکرا نەکرد و تەنیا گوتی "ئەم بەرهەمە جیاواز دەبێت".

## کەریم کابان چۆڵی ناکات



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی مەزنی کورد کەریم کابان باری تەندروستی ناجێگیرە و تووشی لە بیرچوونەوە بووە.

شوان کەریم کابان بە (ڕووداو)ی گوت "باوکم بە هۆی ئەوەی تەمەنی زۆرە، ئێستا هەموو کەسێک ناناسێتەوە و چاوەکانیشی زۆر کزبوون". گوتیشی ئەوان هیچ داواکارییەکیان لە حکومەت نییە "چونکە نوێنەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و حیزبەکانی دیکە لە نزیکەوە ئاگاداری باری تەندروستی باوکمن".

کەریم کابان پێشتر گوتبووی حەز دەکات بەر لەوەی بمرێت ببێتە خاوەنی خانووی خۆی. شوان دەڵێ "ڕاستە باوکم ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام ئەو خانووەی تێیدا دەژی موڵکی شارەوانییە و کرێیەکەشی کەمە، ئەگەر نا حکومەت پارچە زەوییەکیشی پێدا، بەڵام باوکم ئامادە نەبوو ئەو خانووە جێبهێڵێ، چونکە هەموو یادگارییەکانی لەوماڵەدایە".

سەبارەت بە دوا بەرهەمیشی، شوان گوتی "4 ساڵە بەرهەمێکی باوکم ئامادەیە، بەڵام نەخۆشی ناهێڵێت تەواوی بکات".

## یەکبوون دەگەڕێتەوە ئامەد



**ڕووداو – ئەڵمانیا**

هونەرمەندی باکووری کوردستان یەکبوون ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان بێت و دەڵێت "من تەنیا کوردم".

یەکبوون بە (ڕووداو)ی گوت "ماوەیەکە لێرە و لەوێ دەنگۆیەک بڵاودەبێتەوە کە من سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانم، بەڵام ئەو قسانە دوورن لە ڕاستی و من تەنیا کوردم".

یەکبوون کە لە تاراوگە دەژی، دەڵێت حەزی دەکرد بگەڕێتەوە کوردستان و کۆنسێرتێک بۆ ئاوارەکانی کۆبانێ و شنگال بکات، بەڵام نەیتوانی ئەو کارە بکات. گوتیشی "لە زۆربەی کەمپینەکانی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکان بەشداریم کردووە".

سەبارەت بە دوایین کاری هونەریشی، گوتی "ئێستا کارەکانم بەهۆی ئەم جەنگەوە وەستاندووە، بڕیاریشم داوە لە هاوینی ئەمساڵ بە یەکجاری بگەڕێمەوە شاری ئامەدی باکووری کوردستان".

## خالقی لە یاسا تووڕەیە



**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی کورد مەزهەری خالقی لەکاتی سەردانی د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئینستتیوتی کەلەپوری کوردی لە هەفتەی ڕابردوودا، گلەیی لەو یاسایانە کرد کە لەسەردەمی حیزبی بەعس دەرچوون و تائێستاش لە کوردستان کاریان پێدەکرێ.

خالقی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم گوت کە ئەو یاسایانەی لە کوردستان هەن بۆ هونەر، لەسەردەمی بەعس دەرچوون و بە کەڵکی ئێستا نایەن".

سەبارەت بە وەڵامی سەرۆکی پەرلەمانیش، گوتی "سەرۆکی پەرلەمان زۆر بە پەرۆشەوە گوێی لێگرتین و داوای لێکردین کە پرۆژە یاسایەکی بۆ ئامادە بکەین و بینێرین بۆ پەرلەمان". خالقی گوتیشی "بەداخەوە لە کوردستان دەزگایەک نییە بۆ پاراستنی کەلەپور و گۆرانیی کوردی و مافی هونەرمەندان".

## چیرۆکی ئێزدیەک دەکرێتە شانۆگەری



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

کارۆخ ئیبراهیم نوێترین پرۆژەی هونەری خۆی ئاشکرا کرد کە نووسینی شانۆگەرییەکە لەسەر کچێکی ئێزدی و دەڵێت چاوەڕێ دەکات کارەکەی سپۆنسەر بکرێت، بۆ ئەوەی لە دەرەوە نمایشی بکات.

کارۆخ ئیبراهیمی شانۆکار زانیاری زیاتری دایە (ڕووداو) و گوتی "ئەمە نوێترین پڕۆژەی شانۆییمە کە باس لە کچە ئێزدییەکی ڕفێنراو لەلایەن داعشەوە دەکات، هەروەها باس لە ئازایەتی ژنێک لە کارەساتەکەی شنگالدا دەکات".

سەبارەت بە کاتی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە، کارۆخ گوتی "سەرەتا بەرهەمەکە لە دەرەوە نمایش دەکەم، پاشان لە کوردستان، چونکە دەمەوێت یەکەمجار ئەوروپییەکان ئازایەتی و مەردایەتی ژنانی کورد ببینن. چونکە شانۆش دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێ لە بەدۆکیومێنتکردنی ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات".

## دالیا چوارەم بوو



**ڕووداو- هەولێر**

دالیا ڕێبوار، شاجوانی ئینتەرنێتی 2013ی کوردستان کە بەشداری لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی Miss Grand International کرد لە تایلەند، ئەنجامەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد.

دالیا کە لە سوێد دەژی، گوتی "من بەناوی کوردستانەوە بەشداریم کرد، بەڵام نەمتوانی هیچ پلەیەک یاخود ناسناوێک بەدەست بهێنم و دادوەرەکان دەنگی پێویستیان بەمن نەدا".

گوتیشی "ڕێوڕەسمەکە چەندین بەشی هەبوو، من پلەی چوارەمم لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی بەدەستهێنا کە خەڵک لە سەرانسەری جیهانەوە دەنگیان دابوو بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی گراندی جیهانی".

بەشداریکردنی دالیا وەک یەکەمین کچی کورد لە ڕێوڕەسمێکی جیهانیدا کە بەجلی ژێرەوە دەرکەوت، لە کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، هەندێکیان ڕەخنەیان لێگرت و هەندێکیش دەستخۆشییان لێکرد. دالیا دەڵێت "مەرج بوو بەجلی ژێرەوە دەربکەوم".



## بەتەمای شاجوان مەبن

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

نادی ڕەشید، شاجوانی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2013 ، نارەزایی لەو هەموو پەیج و ئەکاونتە دەردەبڕێ کە لە فەیسبووک بەناوی ئەوەوە کراونەتەوە.

نادی کە تاوەکو ئێستا ئەو نازناوەی هەر ماوە بەهۆی بەرپێوەنەچوونی ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی 2014، بە (ڕووداو)ی گوت "لە فەیسبووک دەیان لاپەڕە بەناوی منەوە کراونەتەوە و دەیان هەزار لایکیان هەیە، بەناوی منەوە قسە لەگەڵ خەڵکی دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ ئاگادار بم، لێرەوە دەمەوێ بەخەڵکی بڵێم کە ئەو لاپەڕانە هیچ پەیوەندییەکیان بەمنەوە نییە".

نادی کە بەهۆی ڕوخسارییەوە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، لە بارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری دەڵێت "داواکاری زۆرم هەیە، وەک هەموو کچێکی دیکە، بەڵام ئێستا خەریکی خوێندنم و بیر لە هاوسەرگیری ناکەمەوە".

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
هەوڵ بدە نهێنییەکانت بپارێزی. ناتوانی بەهەمان خێرایی جاران کارەکانت تەواو بکەی و خۆیشت هەست بە خاوبوونەوە دەکەی. واباشە سەرەتا بەرنامەی کارەکانت بە باشی دابنێی ئینجا دەست بە تەواوکردنیان بکەی.

**گا**
چاوەڕوانییەکەت زۆری خایاند، بەڵام ئەوە کارێکی باشە و توانای خۆڕاگرتنی خۆت بۆ تاقی دەبێتەوە، هەوڵ بدە بەهەمان هەناسە بۆ داهاتووش بەردەوام بیت. دەستکەوت و دەرامەتت بەرزتر دەبێتەوە، دەتوانن دەست بەکاری نوێ بکەن یان کارەکەتان بگۆڕن.

**جمک**
هەموو کات ئەنجامەکان بەئاسانی دەستەبەر نابن، بەڵکو دەبێت هەوڵیان لەگەڵ بدەی ماندوو ببی، توانای تۆش لەو جۆرەیە کە هانت دەدات بۆئەوەی زۆرتر باوەڕت بەخۆت بێت. بیر لە پرۆژەی نوێ بکەنەوە سەرکەوتوو دەبن.

**قرژاڵ**
پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیت هەیە و دەتوانی کاریگەریت هەبێت. کاتێک خۆت بۆ پرۆژەیەک ئامادە دەکەی خۆت دڵتەنگ مەکە ئەگەر بە خاوی چووە پێشەوە. گۆڕانکاری لە بیرۆکەکانت دەکەیت و پاشان هەنگاو دەنێی بەرەو جێبەجێکردنیان.

**شێر**
پێشنیازی خەڵکی دەوروبەرت بە گرنگ وەربگرە، چاوەڕوان بن بۆ بیستنی هەواڵێکی خۆش. کارەکانتان ڕێکدەخەنەوە و بیرۆکەی نوێ دەخەنە بواری جێبەجێکردن. کاتێکی باشە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هاوڕێ و هاوکارەکانی خۆت.

**گوڵەگەنم**
هەرگیز بەڵێنەکانت لەیاد مەکە یان لێیان پاشگەز مەبەوە. هەوڵ بدە گفتوگۆی زیاتر دروست بکەیت و زیاتر گوێ لە راوبۆچوونی خەڵکانی دیکە بگری. سەرکەوتوو دەبیت بەو مەرجەی لە هەموو هەنگاوەکانت هێمن بیت، لەتووڕەیی خۆت بپارێزە.

**تەرازوو**
هونەرێکی باشت هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەمان هونەری پەیوەندی بۆ کارەکانت بەکاربهێنە پاشان دەبینی کارەکانت بەرفراوانتر دەبن. فرسەتی سۆزداری بەهێزتان بۆ دێتە پێشەوە، یان هەنگاوێکی گرنگ دەنێن لەو ڕووەوە.

**دووپشک**
کاتەکانی ئێستا بەهایەکی گرنگتریان هەیە لەجاران، بە بڕیارێک خۆت ڕزگاربکە لەو دڵتەنگی و خەمەی بەرۆکی گرتووی، ژیان پڕە لە ئاسوودەیی بۆ ئەو کەسانەی قایلن بە ژیانێکی ئاسایی. پلەو پایەت لەناو کۆمەڵ بەرز دەبێتەوە و بەچاوی ڕێزەوە تەماشات دەکەن.

**کەوان**
هەموو ئەو کاتانەی وەکو ئێستا بێزاربوویت خۆشییەکی گەورەی بەدوادا هاتووە، ئەم دۆخە چەند جارێک لە ژیانتدا دووبارە بووەتەوە. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی زۆر گەورە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا قورسە، بەڵام ئەگەر کاری جدی بۆبکەی ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت.

**کارژۆڵە**
داهاتی دارایی زیاد دەکات یان پارەیەکی ڕۆیشتوو وەردەگرنەوە. بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیەکان لە ڕەشبینی ڕزگارتان دەبێ. سوود لەم کاتە زێڕینە وەربگرە کە ژیانت بەرەو گەشانەوە دەبات.

**سەتڵ**
بەهۆی بوونی تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت پڕدەبیت لە هێز و توانا و چالاکی. بەرنامەیەکی باش بۆ کار و هەنگاوەکانت دیاری بکە و پابەند بە بەو بەرنامەیەی بۆخۆت داناوە. کۆنترۆڵی خەیاڵە قووڵەکانت بکە، بۆ لایەنی سۆزداری کاتێکی زێڕینە.

**نەهەنگ**
پەیوەندییەکانت لەگەڵ چواردەورەکەت باشتر بکە، فرسەتەکانی ئەم ماوەیە باش و گونجاون، بەڵام دڵنیابە لە هەنگاوەکانت. دەتوانی بەدەستی خۆت گۆڕانکاری دروست بکەیت و پرۆژەکانت ئەنجام بدەی. کاتێکی باش نییە بۆ سۆزداری.

ڕووداو
ژمارە (344) دووشەممە 2015/1/26

# هێرشبەرەکانی سەر چارلی هیبدۆ قوتابی عەولەقی بوون

**کاوە ئەمین**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**






کۆنە جیهادییەکی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە کە دواتر دەرکەوت سیخوڕی ئەمریکا بووە لە ریزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا، دەڵێت ئەو دوو برایەی کە ڕۆژی 2015/1/7 هێرشیان کردە سەر گۆڤاری چارلی هیبدۆ لە ناوەڕاستی پاریس، پێشتر لە یەمەن بوون و پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئەنوەر عەولەقی سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لە یەمەن هەبووە کە ساڵی 2011 لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکیدا کوژرا.

مۆرتن ستۆرم، زۆرجار لەو ڤیدیۆیانەی ئیسلامییە توندڕەوەکان بڵاویاندەکردەوە، بە خۆی ریشێکی ڕەنگ خەنەییەوە دەردەکەوت. ستۆرم هاوڕێی نزیکی یەکێک لە پیاوە هەرە مەترسیدارەکانی قاعیدە بوو، واتە ئەنوەر عەولەقی، هاووڵاتی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک یەمەنی. ئەوان ئەوەندە لەیەکەوە نزیک بوون و بڕوایان بەیەکتری هەبوو کە ئامادە بوون بۆ یەکتری بمرن. بەڵام چوار ساڵ پێش ئێستا، مۆرتن ستۆرم، خیانەتی لە عەولەقی کرد و بەوجۆرەش لەیەکێک لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکادا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کوژرا.

مۆرتن ستۆرم، دوو ژیانی نهێنی و ئاشکرا ژیاوە. لەوەتای چیرۆکەکەی ئاشکرا بووە، میدیا سوێدییەکان بەدوایەوەن بۆئەوەی قسەیان بۆ بکات و هەندێک لە نهێنییە نەگوتراوەکان ئاشکرا بکات. مۆرتن دەڵێت "لەماوەی ئەو ساڵانەدا، ئەنوەر عەولەقی هێزی بزوێنەری ئەوە بووە".

مۆرتن هاووڵاتیەکی تەمەن 39 ساڵەی دانیمارکییە و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، لە یەمەن ژیاوە لەگەڵ ئەو گرووپە تیرۆریستیەی کە هێرشیان کردە سەر ڕۆژنامەی چارلی هیبدۆ و لەئەنجامدا 17 کەس کوژران.

ئەوەی لە هێرشەکەی ئەمریکا لە ساڵی 2011 بۆ سەر کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی ئەنوەر عەولەقی بەجێما تەنیا پارچە پێستێکی نێوچاوانی بوو. ئێستا دەردەکەوێت کە ئەو زانیاریانەی ستۆرم بە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی (CIA)ی داوە، هۆکاری سەرەکی کوشتنی عەولەقی بووە. مۆرتن دواتر ئاشکرای کرد کە ماوەی چەندین ساڵ سیخوڕێکی دووسەرەی دانیمارکی، ئەمریکی و بەریتانی بووە و زانیارییەکانی بوونەتە هۆی کوشتنی زیاتر لە 30 تیرۆریست. کاتێک ڕۆژنامەنووسی کەناڵی فۆکس، مۆرتن ماککالوم لە بەرنامەیەکی خۆیدا وەکو "تیرۆریستی پێشوو" مۆرتن دەناسێنێ، دەستبەجێ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت "من هیچ کارێکی تیرۆریستیم نەکردووە".

مۆرتنی چەپلەر لە شوێنێکدا دەڵێت "دەزانن خەریک بوو بیرم دەچووەوە بە دەستی چەپ نان بخۆم، چونکە بە گوێرەی لێکدانەوە توندەکانی قورئان، نانخواردن بەدەستی چەپ حەرامە. ئەوان بۆ هەموو شتێک یاسای خۆیان هەیە، چۆن دەچیت بۆ سەرئاو (قاچی ڕاستت لە پێشەوە دەبەیتە ژوورەوە)، چۆن نان دەخۆیت، دەبێت کام سوورەت بخوێنی پێش ئەوەی لەگەڵ ژنەکەتدا دەخەویت. ئیدی من وەکو ڕۆبۆتێکم لێهاتبوو".

کاتێک لەساڵی 1997 لە ڕەوشێکی زۆر دژوار و ناخۆشدا دەبێت، مۆرتن بە ڕێکەوت کتێبێک لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام دەخوێنێتەوە. ئەو کتێبە کاریگەری زۆری لەسەر دادەنێت کە چۆن منداڵێکی بێ دایک و باوک دەتوانێت هەموو ژیانی خۆی و خەڵکانی دیکەش بگۆڕێت، بۆیە بڕیار دەدات ببێتە موسڵمان و کوڕەکانی ناودەنێت موراد و ئوسامە.

بەقسەی مۆرتن، کاتێک کارە تیرۆریستیەکان دەبینێت، پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کە بووە بە موسڵمان "ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤەکان یەکتری بەوجۆرە بکوژن؟".

ساڵی 2007 پەیوەندی دەکات بە کارمەندێکی دەزگای سیخوڕیی دانیمارکیەوە و داوای دانیشتنێکی لەگەڵ دەکات. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بەڕاستی وازی لە ئیسلام هێناوە، لە دانیشتنەکەیاندا گۆشتی بەراز دەخوات. بەقسەی مۆرتن ساڵی 2011، ئەنوەر عەولەقی کە لەلایەن ئەمریکاوە وەکو یەکێک لە مەترسیدارترین پیاوەکانی جیهان دەناسێنرا، یەکێک لەو دوو برایەی بینیوە کە هێرشیان کردە سەر چارلی هێبدۆ. مارتن پێیوایە کە هەر عەولەقی خۆی عەقڵی ڕووداوەکەی پاریس بووە.

ئێستا مۆرتن لە جێگایەکی نهێنی دەژی و جاربەجارێک کوڕەکانی دەبینێت. ئەو دەڵێت "ملیۆنان موسڵمانی باش هەن، بەڵام من دەمەوێت لە دژی جیهادیستەکان تێبکۆشم".

# کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەت



کورد زیاتر لە هەر کاتێک نزیکترن لەوەی ببنە خاوەنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان و ئەگەر ئەوەش ڕووبدات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز وەک خۆی لێنایەتەوە .

کاتێک بە نێو شەقامەکانی شاری هەولێردا دەسوڕێیتەوە، هەرگیز بیرت بۆ ئەوە ناچێت کە تۆ لە پایتەختی هەرێمێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدای. پۆلیس و سەرباز بەشاردا بڵاوبوونەتەوە و خەڵکیش ئاڵای کوردستانیان لە یەخەی خۆیان داوە و زۆر جاریش ئاڵای کوردستان لەسەر باڵەخانەکان دەبینرێت. هەر لەناو شاردا گوێت لە سروودی نیشتمانی دەبێت. جگە لەوەش هەولێر نووسینگەی سەرۆک وەزیران و کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتانیشی لێیە کە ڤیزا بۆ خەڵک دابین دەکەن .

بەڵام ڕوخسار هەڵخەڵەتێنەرە، ئێرە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و تۆ لە عێراقی، کاتێکیش ئەوەت بیردێتەوە کە شتێک دەکڕی و دەبێت لە گیرفانت پارەی عێراقی دەربهێنی. لە کوردستان جگە لە پارەی عێراقی مامەڵەی زۆر بە دۆلاریش دەکرێت.

هیچیەک لەو وڵاتانەی کە نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، دانیان بە سەربەخۆیی کوردستاندا نەناوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو پرسەی لەگەڵیان باس نەکردووە و تا ئێستاش لەژێر فەرمانی بەغدادایە.

ویست و ئارەزووی سەربەخۆیی لە کوردستان مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوو بەتەواوی دەرکەوت کاتێک مەسعود بارزانی داوای لە پەرلەمان کرد کە ئامادەکاری بکەن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردان لە سەربەخۆیی. لەڕاستیدا ئەو بڕیارە وەڵامێکی دراماتیکی بوو بۆ دەسەڵاتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق. مالیکی ساڵێک لەمەوبەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و هۆکارەکەشی کێشەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکان بوو .

هەمان سیاسەتی مالیکیش بەرامبەر سوننە بووە هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێکخراوی داعش کە بە کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو جیهانی تووشی شۆک کرد. چەکدارانی داعش بەوەندە نەوەستان و بەرەو ناوچە کوردییەکان پێشڕەوییان کرد تا وای لێهات تەنیا 25 میل لە سەنتەری شاری هەولێر دووربن. دوای ئەوە بە هاوکاریی فڕۆکەکان، پێشمەرگە دوای خۆڕێکخستنەوە، توانییان زۆربەی ناوچەکان لەژێر دەستی داعش دەربهێننەوە. پێشمەرگە هەر بەوەشەوە نەوەستان و هەموو ئەو ناوچانەشیان گرتەوە کە بەهۆی هەڵاتنی سوپای عێراق بۆشایی ئەمنییان تێدا دروستببوو. دواتر سەرکردایەتی کورد ئەوەندەیان زانی کە جگە لە سنووری خاکی خۆیان، 40%ی خاکی دیکەشیان کۆنترۆڵ کردووە بەراورد بە پێش شەڕی داعش.

فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی کورد خەڵاتێکیشی لەگەڵدا بوو، کەرکووک ئەو شارەی کە کورد بە قودسی خۆیانی دەزانن، کەوتە دەستیان. کورد ئەمە بە خاڵێکی گرنگی سەربەخۆیی خۆیان لە داهاتوودا دادەنێن.

کەرکووک بۆ کورد زۆر گرنگە، چونکە خاوەنی سەرچاوەی سروشتیی یەکجار زۆرە و بەهۆیەوە لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سوودی زۆری لێ دەبینن.

پێشتر کورد و عەرەب و تورکمان لە ساڵانی هەشتاکانەوە بەهۆی کەرکووک کێشەی زۆر کەوتووەتە نێوانیان. هەر لەو ساڵانەدا ڕژێمی پێشووی عێراق سیاسەتی تەعریبی بۆ کەمکردنەوەی نفوسی کورد لە شارەکە پەیڕەو کرد .

مانگی حوزەیرانی ڕابردوو حکومەتی عێراق تەنیا دەیتوانی سەیری هێزەکانی کورد بکات لە ناوچەکە و تەماشا بکات کە پێشمەرگە چۆن شوێنەکانی ئەوان پڕدەکەنەوە.

30 ملیۆن کورد کە تەنیا لە چوارچێوەی عێراق ناژین، بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بوون. ئێستا کورد لە هەموو بەشەکان هەست دەکەن گۆڕانکارییەکی گەورە بەڕێوەیە .

ئێران کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری کوردە، پەیوەندی چاکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و لەشەڕی داعشیشدا هاوپەیمانی کوردە .

لە سووریاش کورد خۆبەڕێوەبەرییەکی فراوانی لە ناوچەکانی ژێردەستی خۆی دامەزراندووە و بەهۆیەوە تاڕادەیەک سنووری نێوان کوردی عێراق و سووریا نەماوە و کاڵ بووەتەوە .

لە تورکیاش کە زۆرترین ژمارەی کوردی تێدایە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا زۆر یاسای هەڵوەشاندووەتەوە کە لە ڕابردوودا هێڵی سوور بوون. هەروەها پرۆسەی چارەسەریش لە تورکیا لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا بەردەوامە و ئێستا وەک جاران شەڕی خوێناوی لە نێوان هەردوولادا ڕوونادات.

هەموو ئەمانە بەو مانایە دێت کە ئێستا کورد لە ڕەوشێکی تایبەتدان و وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت نزیکن لەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن، نزیکبوونەوەی کورد لە سەربەخۆیی دوای 100 ساڵ لە دابەشکردنیان دێت لەسەر دەستی وڵاتانی زلهێزی ئەوکات. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان ڕووی خۆیان بەرەو یەکێتی سۆڤیەت وەربگێڕن.

یەکێتی سۆڤیەت هاوکاریی کوردی کرد بۆ دروستکردنی یەکەم کۆمار لە کوردستانی ئێران لەساڵی 1946، بەڵام زۆر بەخێرایی کۆمارەکە ڕووخا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت پشتی کردە کۆمارەکە.

دانیشتوویەکی شاری هەولێر لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان دەڵێت "سەربەخۆیی خەونی هەموو کوردێکە." ئەو کە خانەنشینە و تەمەنی 65 ساڵە، دەڵێت هەموو تەمەنی لە چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەو خەونەدا بەسەربردووە.

ئەگەر ئەو خەونەی کورد بەدیهات، تەنیا وڵاتێک هەیە کە دەبێت کورد سوپاسی بکات. ئەو وڵاتەش ئەمریکایە، هەرچەندە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد لەلایەن واشنتنەوە پەیوەست کراوە بە وڵاتانی ناوچەکە و گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. بەڵام ئەو ڕەوشەی ئێستا بۆ کورد ڕەخساوە بەرئەنجامی دوو هەنگاوی گرنگ بوو: یەکەمیان دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لەساڵی 1991 و دواتر ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی 2003 . کورد سنووری دەسەڵاتەکانی فراوان کرد و سەرئەنجام کورد بووە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا، ئەو هاوپەیمانییە گەیشتووەتە ئاستێک کە بۆ خەڵکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگای شڵەژان و ترسە .

هێشتا ئۆباما و ئیدارەکەی بە چاوی تێبینییەوە سەیری دروستبوونی دەوڵەتی کورد دەکەن و بە گومانن لەوەی مافی سەربەخۆیی بدرێتە کورد. ئەوان بە هۆکاری ناڕوون دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا نانێن و لەوە دەترسێن ئەو کارە ناوچەکە تووشی ناسەقامگیری بکات، بەڵام لەڕاستیدا سەربەخۆیی کوردستان تەنیا یەک مەترسی هەیە، ئەویش داوای پێکهاتەکانی دیکەی عێراقە بۆ جیابوونەوە و لە دواییشدا دابەشبوونی یەکجاریی عێراق بۆ سێ هەرێمی جیاواز.

ئەو نادڵنیاییە وا دەکات پرسیاری ئەوە بێتە ئاراوە کە ئاخۆ کەی دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ؟

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە دەڵێت "ڕێگای سەربەخۆیی پڕە لە ئاستەنگ".

فوئاد حوسێن هەروەها باس لەوە دەکات کە هێشتا ڕێگایەکی درێژ لەبەردەم کوردستانە بۆ سەربەخۆیی "ڕاستە نەوتی کەرکووک ئاسۆیەکی گەشتری دایە کەرتی نەوتی کوردستان، بەڵام هەرێمی کوردستان دەریای نییە تا ڕاستەوخۆ نەوتەکە هەناردەی دەرەوە بکات و دەبێت هەر لەگەڵ بەغدا هاوئاهەنگ بێت بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە".

فوئاد حوسێن هەروەها دەڵێت "لەماوەی 100 ساڵی ڕابردوودا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەمینەی کوردیان هەیە، هەوڵی بێوچانیان داوە بۆ سەرکوتکردنی هەوڵەکانی کورد بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی، کوردیش ئەمە لەبیرناکات. ڕوونتر بڵێین کورد ئێستا لەلایەن داعشەوە هەڕەشەی لێدەکرێت و 600 میلیش هاوسنوورە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە، ئەمە جگە لەوەی دابەزینی نرخی نەوت هاوکاریی ڕەوشەکە ناکات."

لەگەڵ ئەوپەڕی سووربوونی مەسعود بارزانی بۆ سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام زۆرێک لە بەرپرسانی کورد سەربەخۆیی کوردستان بە هەند وەرناگرن و بابەتەکە بچووک دەکەنەوە.

قوباد تاڵەبانی، کوڕی جەلال تاڵەبانی و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "ڕۆژێک هەر دێت کە کوردستان دەگاتە سەربەخۆیی ."

کوڕەکەی تاڵەبانی دەڵێت "ئێستا کاتەکە گونجاوە یان نا؟، ئەوەیان ڕوون نییە."

بەڵام فوئاد حوسێن بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت "هەرێمی کوردستان چانسێکی دیکەی داوەتە بەغدا، بەتایبەتی کاتێک نوری مالیکی سەر بەکێشە لە پۆستەکەی نەما و کەسێکی تارادەیەک کراوەتر کە حەیدەر عەبادییە شوێنی گرتەوە، هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە گوتوویەتی ریفراندۆم دەکەین، بەشێکی بۆ ئەوەی بووە کە گوشار بخاتە سەر بەغدا بۆئەوەی جددی بێت لە گفتوگۆکان بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ کورد."

کورد ئێستا خۆی ئامادە کردووە بۆ سەربەخۆیی، بەڵام دەیەوێت پێش ئەوکارە قسەو بۆچوونی وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکاش بەتەواوی بزانێ. کورد نایەوێ وەک هۆکاری هەڵوەشانەوەی عێراق و دابەشبوونی بناسرێ، دەیەوێت دڵنیا بێت لەوەی کە عێراق دەبێتە دراوسێیەکی باش بۆی، لەویش گرنگتر ئەمریکایە کە زۆر بە جددیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەنگاوە دەکات .

فوئاد حوسێن سەربەخۆیی کوردستان بە لەدایکبوونی منداڵێک دەچوێنێ و دەڵێت "نامانەوێ منداڵێکمان هەبێت نەخۆشی زۆری هەبێت و دوای چەند مانگێک بمرێت ، بەڵکو دەبێت منداڵێکمان هەبێت تەندروستی باش بێت و خێزانێکی باشیش هەبێت ئاگاداری بێت، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان لەدایک بێت، دەبێت ببێتە بەشێک لە سەرچاوەی ئارامی بۆ ناوچەکە، بێگومان زۆر جار منداڵی تەندروستیش دەبێتە هۆی نیگەرانیی دراوسێکان، کورد دەیەوێت ئەوەش نەهێڵێت، بەڵام کاتێکی دیاریکراو بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیار نییە ."

***سەرچاوە: گۆڤاری فۆرین پۆلیسی**

# سوێد ژنانی خەتەنەکراو چاک دەکاتەوە


دکتۆر هانس سیگوریونسۆن، یەکەم نەشتەرگەری بۆ ژنانی خەتەنەکراو لە سوێد کردووە

**رووداو- رادیۆی سوێد**

نەخۆشخانەیەک لە سوێد دەستیکردووە بە چارەسەرکردنی ئەو ژن و کچانەی بە دەست ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانی خەتەنەوە دەناڵێنن و یەکەمین نەشتەرگەریشی بۆ ژنێکی خەتەنەکراو کرد.

پەیمانگەی کارولینسکا لە ستۆکهۆڵم ژنانی خەتەنەکراو بەتەواوی چاک دەکاتەوە. دکتۆر هانس سیگوریونسۆن لەو پەیمانگەیە کە یەکەم نەشتەرگەری لەم شێوەی لە سوید کردووە، دەڵێت ئێستا سێ ژنی دیکە نۆرەیان گرتووە بۆ نەشتەرگەری.

سیگوریونسۆن دەڵێ لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن لە رێگای ئەم نەشتەرگەرییەوە ژنانی خەتەنەکراو هاوشێوەی ژنانی خەتەنەنەکراو چێژ لە سێکسکردن وەردەگرن.

ئەم نەشتەرگەرییە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە فەرەنسا کراوە، تاوەکو ئێستاش 5 هەزار ژن لە فەرەنسا ئەو نەشتەرگەرییەیان کردووە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، 98%ی ئەو ژنانەی لە فەرەنسا نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کراوە دەڵێن ئەو ئازارەی بەهۆی خەتەنەوە تووشی بووبوون، نەماوە. هەروەها لە جاران باشتر چێژ لە سێکسکردن وەردەگرن.

سیگوریونسۆن دەڵێت هیچ کات ناتوانرێت قیتکە بە تەواوی لاببردرێت، بۆیە لەرێگای ئەم نەشتەرگەرییەوە دەتوانرێت سەرلەنوێ وەکو خۆی لێبکرێتەوە.

خەتەنەکردنی ژنان ساڵی 1982 لە سوید قەدەغە کرا و لە دەرەوەی وڵاتیش منداڵ خەتەنە بکرێت وەکو تاوان ئەژمار دەکرێت. تاوەکو ئێستا کەیسی خەتەنەکردن لە سوید ئاشکرا نییە. بەڵام لە دوو کەیسدا کە لەدەرەوەی سوید کراون، سزایان بەدواوە بووە. بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە خەتەنەکراون، لە کاتی پێش کۆچکردنیان بۆ سوید خەتەنەکراون.

بەپێی ئامارێکی ئەنجومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی سوێد، 38 هەزار کچ و ژنی خەتەنەکراو لەو وڵاتەدا هەن. لەوانەش 7 هەزاریان کچن و تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە.

هەروەها بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەرانسەری جیهاندا 140 ملیۆن کچ و ژن خەتەنە کراون. خەتەنەکردن لە وڵاتانی ئەفریقا بەربڵاوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کەم نییە.

خادرا سێرار کچە ئەفریقییەکی دانیشتووی سوێدە و بۆ خۆی خەتەنەکراوە، ئەو چەند ئاشنایەکی هەیە کە دەیانەوێ ئەم نەشتەرگەریە بکەن.

سێرار دەڵێ "کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم باسی ئەمە دەکەین، هەموویان بەرامبەر بەمە خۆشبینن، زۆر کەس دەناسم ئامادەن ئەو دکتۆرە ببینن و پشکنین بکەن، تاوەکو بزانن چانسیان چەندە کە دوای ئەم نەشتەرگەرییە باشتر بن".

# نرخی پشکنینێک لە سەنتەرێکی حکومی 500 هەزار دینارە

**سەروەر سالار و لیزان ئەمین**
**رووداو- سلێمانی**

سەنتەری کوردستان بۆ نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر لە سلێمانی لە سەنتەرە پزیشکییە پێشکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیشە، بەڵام بۆ هەندێک هاووڵاتی گرانیی نرخەکانی بووەتە لەمپەر لەبەردەم ئەنجامدانی پشکنین و چارەسەری.

نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر گرفتێکی گەورەی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی و قورساییەکی گەورەی ئابووریشن بۆ هەریەکە لە خەڵک و سیستمە تەندروستییەکان. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ساڵانە 70 ملیۆن کەس تووشی نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر دەبن و زیاد لە چارەگە ملیۆنێک کەسیش بەو نەخۆشییانە دەمرن.

لەشاری سلێمانی لەساڵی 2007ەوە سەنتەری هەرس و جگەر دامەزراوە کە یەکێکە لەو 22 سەنتەرە پزیشکییە پسپۆڕییە حکومییەی لە سنووری بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانیدا هەن. سەنتەرەکە یەکەمینە لەسەر ئاستی هەرێم و دووەمینە لەسەر ئاستی عێراق، ئێستا زۆرینەی پشکنینەکانی هەرس و جگەری تێدا دەکرێت، بەڵام بەشێکی هاووڵاتیان نرخەکانی بە گران دەزانن.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پشکنینی هەناوبینی زراو لە سەنتەرەکەدا بە200- 350 هەزار دینارە (بەپێی جۆرەکەی)، نازوری کەپسولی (کەپسول سکۆپ) 500 هەزار دینارە، هەرچی هەناوبینی گەدە یان کۆڵۆنە بە 40 هەزار دینار دەکرێت.

ئەکرەم ساڵح، هاوەڵی نەخۆشێکە کە هەناوبینی گەدەی بۆ کراوە و وەک ئەو دەڵێت بە نرخێکی گونجاو بۆی کراوە. بەڵام سەبارەت بە نرخی هەندێک پشکنینی دیکە کە نەخۆشی دیکە پێویستیان پێیە، دەڵێت "400-500 هەزار زۆرە، بە هەموو نەخۆشێک نادرێت".

ئەوە هەر ئەکرەم نییە کە نرخی بەشێک لە پشکنینەکانی سەنتەرەکە بە گران دەزانێت، بەڵکو لەنێو 50 پزیشک کە بۆچوونمان لەو بارەیەوە وەرگرتوون، 32 یان نرخی پشکنینەکانی ئەو سەنتەرە (بەتایبەت هەناوبینی زراو و کەپسول سکۆپ) بەگران دەزانن.

پزیشکێک داوادەکات لە دیاریکردنی نرخی پشکنین و چارەسەرە پزیشکییەکاندا، رەچاوی چینی هەژار و کەم دەرامەت بکرێت.

د.سەروەر عارف کە خاوەنی نووسین و بەدواداچوونی جۆراوجۆرە لەسەر کەرتی تەندروستی، دەڵێت هیچ وڵاتێک نییە هاووڵاتییەکانی خۆی بخاتە بەردەم ئەگەری دەستنەکەوتنی پشکنین و چارەسەری پێویست "لە سیستمە تەندروستییە پێشکەوتووەکاندا لایەنی سێیەم هەیە لەنێوان نەخۆش و لایەنی دابینکاری خزمەتە تەندروستییەکەدا و ئەرکی قورسی دارایی سەرشانی نەخۆش لا دەبات".




ئەو پزیشکە دەڵێت رەنگە بۆ بەشێک لە خەڵکی 200 هەزار دینار پارەیەکی زۆر نەبێت، بەڵام بۆ زۆری دیکە پارەیەکی ئێجگار زۆرە "بە کورتی نابێت حکومەت خەڵکەکەی بخاتە حاڵەتێکەوە کە ناچار بن بۆ دابینکردنی کرێی پشکنین و چارەسەرەکەیان، بکەونە ژێر فشارێکی توندی ئابووری، ماڵ بفرۆشن یان سواڵ بکەن".

د.سەروەر عارف دەڵێت کاتێک نرخ بۆ پشکنین و چارەسەر دیاری دەکرێت، دەبێت رەچاوی خەڵکی کەمدەرامەت و پیر و منداڵ و پەککەوتە بکرێت و رێگاچارەیەک ببینرێتەوە کە دڵنیایی بدرێتە ئەو چینانە لەوەی لە خزمەتگوزاری تەندروستی بێبەش نابن "تەنانەت لە وڵاتێکی سەرمایەداری وەک ئەمریکادا و بەر لە چاکسازییەکانی بواری دڵنیایی تەندروستی، رێکخراوی تایبەتمەند هەبوون کە ئەرکی دابینکردنی پشکنین و چارەسەری کەسانی بەتەمەنیان لە ئەستۆ دەگرت".

کارگێڕیی سەنتەرەکە رەتیدەکاتەوە نرخی پشکنینەکانیان گران بێت، بەتایبەت ئەگەر بەراورد بکرێن بە سەنتەر و کلینیکە تایبەتەکان.

مستەفا عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەرەکە بە (رووداو)ی گوت "نرخەکانمان لەلایەن لیژنەیەک لە پزیشکان و ژمێریارانەوە دیاری کراون و بەگشتی لە دەوروبەری 15%ی ئەو نرخانەن کە لە سەنتەرە پزیشکییە ئەهلییەکان دەکرێت".

وەک مستەفا باسی دەکات، هەناوبینی زراو (ERCP) کە لە سەنتەرەکە بە 200 هەزار دینار دەکرێت، لە سەنتەرە تایبەتەکان بە 3-4 ملیۆن دینار دەکرێت، کەپسول سکۆپ لە سەنتەرەکە بە 500 هەزار دینارە و لە دەرەوە بە 2 ملیۆن دینار دەکرێت.

پزیشکێکی کورد کە پسپۆڕی هەرس و جگەرە و لە بەریتانیا دەژی، دەڵێت لەو وڵاتە لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا لە بەرامبەر ئەنجامدانی هەریەک لەو پشکنینانە هیچ بڕە پارەیەک وەرناگیرێت.

بەپێی لێدوانی یەکەی کارگێڕیی سەنتەرەکە، ساڵی رابردوو نزیکەی 20 هەزار نەخۆش سەردانی "سەنتەری کوردستان بۆ نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر" یان کردووە و هەناوبینی جۆراوجۆر بۆ 11 هەزاریان کراوە.

پزیشکەکان ئاماژە بە رۆڵی ئەو سەنتەرە دەکەن بۆ پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیش.

د.ئاراز لەتیف، پزیشکی پسپۆڕی هەرس و جگەر دەڵێت "ئەم سەنتەرە هەم دەستنیشانی نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر دەکات و هەم چارەسەری بەشێک لە نەخۆشییەکانیش دەکات، جگە لەوە نێوەندی پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕی هەرس و جگەرە، چونکە لە ساڵی رابردووەوە کراوەتە نێوەندی مەشق و راهێنانی ئەو پزیشکانەی خەریکی خوێندنی بڕوانامەی بۆردن لە نەخۆشییەکانی هەرس و جگەردا".

# خۆپاراستن لە قەڵەوی

**د.سۆران محەممەد غەریب**

ئێستا قەڵەوی یەکێکە لەو کێشانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەدەستییەوە دەناڵێنن. لە ئەمریکا ملیۆنان کەس بەدەست قەڵەوییەوە دەناڵێنن و نزیکەی 22 ملیۆن منداڵی خوار 5 ساڵانیش کێشیان زیادە. ئێمە لێرەدا هۆکارەکانی قەڵەوی و زیانەکانی و چارەسەرەکانی دەخەینەڕوو.

## هۆکارەکانی قەڵەوبوون:

1- **بۆ ماوەیی:** ئەگەر لە هەر خێزانێکدا دایک یان باوک کێشی زیادیان هەبێت، ئەوا ئەگەری تووشبوونی منداڵەکان بە قەڵەوی سێ ئەوەندەی منداڵی خێزانەکانی دیکەیە.

2- **کێشەی دەروونی:** بێهیوابوون، خەمخواردنی زۆر، بێزاربوون. ئەم هۆکارە دەروونییانەش دەبنە هۆی ئەوەی کەسی تووشبوو بەدەست ئەم گرفتانەوە زیاتر بخوات لە کەسانی ئاسایی.

3- **دەوروبەرەکەت:** ئەمەش هۆکارێکی گرنگە، چونکە شێوازی هەڵسوکەوتکردنی رۆژانەت و شێوازی نانخواردنت هەروەها چالاکی و ناچالاکیش کە دووبارە ئەمەش لە دەوروبەرەوە فێردەبین.

4 - **رەگەز:** ئەگەری قەڵەوبوونی ژنان لە پیاوان زیاترە.

5 - **تەمەن:** بەپێی سەنتەری ئەمریکی بۆ چارەسەرکردنی قەڵەوی، چوونە تەمەنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماسوولکەکان وردە وردە لاواز ببن و بە پێچەوانەوە چەوری لە لەشدا زیاد بکات.



## زیانەکانی قەڵەوی:

1- زەحمەتکردنی هەناسەدان.

2- کەمبوونەوەی توانای رۆیشتن و راکردن.

3-هەستکردن بە ئازار لە ئەژنۆ و پشتدا.

4- زیادبوونی پەستانی خوێن و کۆلیسترۆل کە ئەمانەش ئەگەرەکانی زیادبوونی تووشبوون بە جەڵتەی مێشک و وەستانی دڵ زیاد دەکەن.

5- دەبێتە هۆی تووشبوون بە هەندێک لە جۆرەکانی شێرپەنجە.

## رزگاربوون لە قەڵەوی

1- باشترین رێگە بۆ رزگاربوون لە قەڵەوی ئەوەیە کە سەردانی پزیشکێک بکەیت و رێنماییەکی تەواوت بۆ دابنێت.

2- هەوڵبدە ئەو خۆراکانە کەم بکەیتەوە کە بڕێکی زۆر شەکر و چەورییان تێدایە، روو بکەرە ئەو خۆراکانەی لەڕووی رەگەزی خۆراکییەوە دەوڵەمەندن و وزەیەکی کەم دەدەن.

3- دەتوانیت سوود لە پرۆگرامەکانی یاری لەشجوانی وەربگریت، چونکە ئەم پرۆگرامانە دەبنە هۆی سووتاندنی بڕێکی باش لە کالۆری. ئەگەر بۆت نەکرا دەتوانیت هەموو رۆژێک 30 خولەک رابکەی، ئێستا زۆر لە وڵاتان هەوڵ دەدەن بەرنامەی 30 خولەک راکردن لە نێو کۆمەڵگەکانیان بکەنە نەریت.

4- لەسەرخۆ نان بخۆ و بە هێواشی پاروو بجوو.

5- با خواردنەوەی سەرەکیت ئاو بێت، خۆت بەدوور بگرە لە خواردنەوە گازییەکان و زۆر خواردنەوەی خواردنەوە کحولییەکان، چونکە ئەوانە وزەیەکی زۆر دەدەن کە دەبێتە هۆی قەڵەوی.

6 - هەوڵبدە شیرەمەنییە کەم چەورییەکان زیاتر بخۆیت، چونکە بەپێی راپۆرتێکی ئۆبێسیتی ریسێرچ خواردنەوەی ئەو جۆرە شیرانە/ پرۆسەی سووتانی چەوری بە رێژەی 70% زیاد دەکات.

# چەوتیی ستایلی ژیان ساڵانە 16 ملیۆن کەس دەکوژێت

**سەروەر سالار**
**رووداو- فرانس پرێس**

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی هۆشداری دەدات کە ستایلی چەوتی ژیانی ئەم سەردەمە لە نموونەی جگەرەکێشان، خواردنەوەی کحول، زۆر خواردنی چەوری و شەکر و خوێ، شەپۆلێکی مردنیان بۆ مرۆڤی هاوچەرخ هێناوە.

شانتی مێندیس یەک لە ئامادەکارانی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی تایبەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەڵێت "ئەو دەردەی لە ئەنجامی چەوتیی ستایلی ژیانەوە رووی لە مرۆڤی ئێستا کردووە، گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ".

ناساغییە نامیکرۆبییەکانی وەک نەخۆشییەکانی دڵ و بۆری خوێن، شەکرە، نەخۆشیی درێژخایەنی سییەکان و چەندین جۆری شێرپەنجە لە ساڵی 2012دا 38 ملیۆن کەسیان کوشتووە کە 16 ملیۆنیان تەمەنیان لە خوار 70 ساڵ بووە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2000دا ژمارەی مردووەکان بەو نەخۆشییانە 14.8 ملیۆن بووە.

مێندیس دەڵێت "نەک هەزاران، بەڵکو ملیۆنان کەس ساڵانە لە 30 و 40 و 50 و 60کانی تەمەنیاندا دەمرن".

راپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت زۆربەی قوربانیانی ستایلی چەوتی ژیان لە وڵاتانی هەژار و مامناوەندن، ئەگەر کەمێک وەبەرهێنان لە تەندروستییاندا بکرێت، گۆڕانکاری بەرچاو روودەدات.

مارگرێت چان بەرپرس لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە راگەیەنراوێکدا دەڵێت "کۆمەڵگەی جیهانی هەلی لەبەردەمە بۆ ئەوەی رێڕەوی ترسناکی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە ستایلی چەوتی ژیان بگۆڕێت".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەگەر ساڵانە 12 ملیار دۆلار لەسەر ئاستی جیهان (1-3 دۆلار بۆ هەر مرۆڤێک) خەرج بکرێت لە رێگای چەسپاندنی خووی تەندروستانەوە، ئەوا ژیانی ملیۆنان کەس دەپارێزرێت.

لە درێژەی راپۆرتەکەدا هاتووە کە ئێستا ساڵانە 6 ملیۆن کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن. 3.3 ملیۆن کەس بەهۆی خواردنەوە کحولییەکان، 3.2 ملیۆن کەسی دیکە کە بەهۆی تەمبەڵی و نەجووڵانەوە، هەروەها 1.7 ملیۆن کەسی دیکەش بەهۆی زۆر بەکارهێنانی خوێ دەمرن.

مێندیس دۆخی نەوەی ئێستا بە مەترسیدار دەزانێت لەڕووی چەوتیی ستایلی ژیانەوە، چونکە ئێستا 42 ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی 5 ساڵان قەڵەون و 84%ی هەرزەکاران وەرزش و چالاکیی جەستەیی پێویست ناکەن.

وەک هەستکردن بە مەترسیی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە چەوتیی ستایلی ژیان، رێکخراوی تەندروستی جیهان پلانێکی 9 خاڵی داناوە کە تا ساڵی 2025 گۆڕانکاری لە ستایلە چەوتەکانی ژیانی مرۆڤی ئێستادا بەدی دێت، بەوەش رادەی جوانەمەرگبوونی خەڵکی کەم دەکاتەوە.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت هەنگاوگەلی سادەی وەک (قەدەغەکردنی ریکلام بۆ جگەرە و خواردنەوە کحولییەکان، باج خستنە سەر ئەو خۆراکانەی بڕێکی زۆری خوێ و کافاینیان تێدایە) لە چەند وڵاتێکدا، ئەنجامی دڵخۆشکەریان لە تەندروستی دانیشتووانی چەند وڵاتێکدا بەدیهێناوە.

لە راپۆرتەکەی رێکخراوی تەندروستیدا هاتووە کە لە وڵاتێکی وەک تورکیا، لەساڵی 2008 ەوە باج لەسەر جگەرە زیادکراوە، ئەمەش وایکرد رێژەی جگەرەکێشان لە تورکیا 13.4% کەم بکات.

بەپێی هەمان راپۆرت لە هەنگاریا باجێکی زۆر خرایە سەر خواردن و خواردنەوە ناتەندروستەکان کە وزەی زۆر دەدەن لەوانەش چیپس و هەندێک خواردنی لەقوتونراو، بەوەش رێژەی بەکارهێنانیان 27% کەمی کردووە.

بەپێی خەمڵاندنە جیهانییەکان ئەگەر رێگە نەگیرێت لە جوانەمەرگبوون بەهۆی ستایلی چەوتی ژیانەوە، ئەوا ساڵانە 7 ترلیۆن دۆلار زیان لە ئابووریی جیهان دەکەوێت.

لە کوردستان..

# دابەزینی نرخی نەوت کۆمپانیاکان ڕاناگرێ



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان بەبێ وچان و تەنانەت بەبێ گوێدانە دابەزینی نرخی نەوت، سوورن لەسەر زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت.

گەنەڵ ئێنێرجی کە لەلایەن تۆنی هایوارد، بەڕێوەبەری پێشووی کۆمپانیای BP ی بەریتانی بەڕێوەدەبرێت، سوورە لەسەر ئەو پلانەی کە دایڕشتووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێژەی 74% لە دوو کێڵگەی تەقتەق و تاوکێ کە کۆمپانیاکە بەهاوبەشی کۆمپانیای DNO ی نۆروێژی کاری تێدا دەکات. بەجێبەجێکردنی ئەو پلانە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل.

جۆلیان مێتریل، بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی لەوبارەیەوە ڕایگەیاند "کاروباری کۆمپانیاکە وەک ڕابردوو پڕجموجۆڵ و بەهێزە و بەنیازی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەرهەمهێنانین."

مێتریل هەروەها دەڵێت، تەنانەت ئەگەر نرخی نەوت هەر لە نزیکەی 50 دۆلار بمێنێتەوە، ئێمە چاومان لە دەستەبەرکردنی داهاتی 350 تا 400 ملیۆن دۆلارە.

کۆمپانیای گۆلف کیستۆن، کۆمپانیایەکی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان کە لە کێڵگەی شێخان کاردەکات، مانگی ڕابردوو ئاستی بەرهەمهێنانی بەڕێژەی 60% بەرزکردەوە بۆ ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل. ئەو کۆمپانیایە چاوی لەوەیە بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵی 2017 بەرزبکاتەوە بۆ ڕۆژانە 70 هەزار بەرمیل.

نرخی نەوت لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو لە 115 دۆلارەوە دابەزی بۆ نزیکەی 50 دۆلار، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین نەوتی بەرهەمهێناوە کە لە 30 ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. هەروەها ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، سوورە لەسەر ئەوەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕێکخراوەکە دانەبەزێنێت. پێشبینیکراوە، هەر یەک لە وڵاتانی ئیمارات و قەتەر ڕۆژانە 2 ملیۆن نەوتی زیادەیان لەبەردەست بێ کە ناچارن عەمباری بکەن و نەیخەنە بازاڕەکانەوە.

هەروەها عێراقیش ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لەڕووی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتەوە سەرەڕای زۆریی بڕی نەوت لە بازاڕەکاندا، درێژە دەدات بە بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت. عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق لە گوتارێکیدا، هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ئەو وڵاتە پاش ئەو هەموو ساڵە لە شەڕ و نەهامەتی و گەمارۆی ئابووری، بەنیازە پیشەسازی نەوت نۆژەنبکاتەوە.

جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس ڕایگەیاند، لەبەرئەوەی تەحەددای زۆر لەبەردەم عێراقە، بەتایبەتی دابەزینی نرخی نەوت، وڵاتەکەی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەرزبکاتەوە.

حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی 12ی ڕابردوو گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر بودجەی 2015 و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان. ئەو ڕێککەوتنەش لانیکەم لەم کاتەدا یارمەتی عێراق دەدات بۆ ئەوەی فۆکۆس بخاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکانی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی، بەشی کۆمپانیاکە لە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی 58% بەرزبووەتەوە بۆ ڕۆژانە 69 هەزار بەرمیل لە 2014 دا و بڕیاریشە ئەمساڵ بەرزبکرێتەوە بۆ ڕۆژانە 90 تا 100 هەزار بەرمیل.

تۆماس ئەدۆڵف، شرۆڤەکاری گرووپی کرێدێت سویس دەڵێت: "کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی بە کەمترین تێچوو نەوت لە هەرێمی کوردستان دەردەهێنێت و هەروەها سەرچاوەی زۆری داراییشی لەبەردەستە بۆ ئەوەی پەرە بە کێڵگەکانی بدات، بەهۆی ئەوەش زۆر لە کۆمپانیا نەوتییەکان بەخیلی پێدەبەن."

ئەدۆڵف هەروەها پێیوایە کە لە هەرێمی کوردستاندا کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی باشترین کێڵگەکانی لەبەردەستدایە و باشترین چالاکیشی لەسەر زەوی و لە ڕووی سیاسییەوە هەیە.

مێتریل، سەبارەت بە ڕەوشی دارایی کۆمپانیاکەی دەڵێت، تێچووی ئۆپەرەیشنی دەرهێنانی نەوتی کۆمپانیاکە 2 تا 3 دۆلارە لە دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوتدا و ئەگەر نرخی نەوت داشبەزێت تەنانەت بۆ 30 تا 35 دۆلار، هێشتا کۆمپانیاکە زەرەر ناکات.

بەپێی "هاری چیلینگیوریان"، سەرۆکی ستراتیژی بازاڕی کاڵاکان لە بانکی BNP پاریباس ، ئەگەری زۆرە کە نرخی نەوت هێشتا زیاتر دابەزێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک وەک عێراق بەردەوامن لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت و هەروەها لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکاش درێژەی هەیە.

سەرەڕای ئەوەش هێشتا نرخی نەوت نەگەیشتووەتە ئاستی دابەزینەکەی ساڵی 2008، کە لەبەر قەیرانی دارایی جیهان، دابەزی بۆ بەرمیلێک 36 دۆلار و 20 سەنت.

سەرەڕای ئەگەری دابەزینی زیاتری نرخی نەوت، تۆنی هایواردی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند، ڕەوشی کۆمپانیاکە بەباشی جێگیرکراوە و دەتوانێت بەردەوام بێت لە گەشەکردن، تەنانەت ئەگەر نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژیش لە ئاستێکی نزمدا بمێنێتەوە.

**سەرچاوە: ئاژانسی ئەسۆشییێتد پرێس**



**عومەر ئەحمەد**

# کەمکردنەوەی نرخی بەنزین لەم کاتەدا ڕەوایە؟

وەک چۆن هەمیشە شتەکان لای خۆمان پێچەوانەیە، ئەمجارەش گوایە لەبەر دابەزینی نرخی جیهانیی نەوت، پارلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بیر لەوە دەکەنەوە کە گوشار بهێنن بۆ حکومەت بۆئەوەی نرخی بەنزین دابەزێنێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت، بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی داهاتیان بەزۆری لەسەر فرۆشتنی نەوتە، کەوتوونەتە ژێر گوشارێکی بێوێنە و ناتوانن بە تەواوەتی مووچە و بودجەی ئەمساڵیان ڕێکبخەن.

بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر گوشارە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، بیهێنە بەرچاو، تەنیا 7 مانگ لەمەوبەر بەرمیلێک نەوتی هەرێمی کوردستان و عێراق، لانیکەم 100 دۆلاری دەکرد، ئێستا 40 دۆلار دەکات، ئەمەش ڕوونترین کاریگەری دابەزینی نرخی نەوتە لەسەر ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان. داهاتەکانی عێراق لە فرۆشتنی نەوت بەهەمان ڕێژەی 60% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوەو سامانی وڵاتەکە چیدی نابێتە هۆکاری بەدەستهێنانی ئەو داهاتە زەبەلاحەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆی دەکردەوە.

دابەزینی 60%ی نرخی نەوت، دابەزینی 60%ی داهاتی نەوتی عێراق و بەشە بودجەی 17%ی هەرێمی کوردستانی بەدوادا دێت. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لەو بەشە بودجەیەی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوتی عێراق هەر 12.5%ی بۆ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە و ئەوەش 75%ی تەرخان دەکرێت بۆ دەستەبەرکردنی مووچەی فەرمانبەران، دەردەکەوێت فشارە داراییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چ ڕادەیەک بەرپرسانی شپرزە کردووە.

مانگانە زیاتر لە 700 ملیۆن دۆلار بۆ دەستەبەرکردنی بڕە مووچەی کارمەندانی هەرێمی کوردستان پێویستە، ئەو بڕە پارەیە بە نەوتی 100 دۆلاری دەکرا بە فرۆشتنی ڕۆژانە 233 هەزار بەرمیل نەوت دابین بکرایە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی نرخی نەوتی عێراق و کوردستان نزیکەی 40 دۆلارە، تەنیا بۆ دابینکردنی مووچەی کارمەندانی هەرێمی کوردستان دەبێت نزیکەی 590 هەزار بەمیل نەوت بفرۆشرێت.

خۆ ئەگەر مانگانە بودجەی هەرێمی کوردستان بە بودجەی بەکارخستنیشەوە کە یەک ملیار دۆلارە لەبەرچاو بگرین، پێویستی بە فرۆشتنی ڕۆژانە نزیکەی 850 هەزار بەرمیلە بۆئەوەی بودجەی کوردستان دابین بکرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان ئێستا نزیکەی 450 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات. لەبەرئەوەش دەبێت هەوڵی هەناردەکردنی زیاتری نەوتی کەرکووک و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ بەغدا بدات بۆئەوەی تۆزێک لە گوشارە داراییەکان کەمبکاتەوە.

ئەگەر نرخی نەوت هەر لەم ئاستەی ئێستا بمێنێتەوە، مەترسی جددی بۆ ڕێککەوتننامەی نێوان هەولێر و بەغدا دروستدەبێت، چونکە هێشتا کاتی دەوێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بگاتە ڕۆژانە ئەو یەک ملیۆن بەرمیلەی کە کراوەتە ئامانج. ئەگەر هەموو شتێک بە باشی بڕوات، ڕەنگە بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی 2016 بگاتە ئەو ڕێژەیە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەکرێت عێراق مانگانە یەک ملیار دۆلار وەک بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بەنەوتی کەرکووکیشەوە تەنیا ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات؟ (300 هەزار بەرمیلی کەرکووک و 250 هەزار بەرمیلی خۆی). داهاتی ئەو 550 هەزار بەرمیل نەوتە ئەگەر بە نرخی 40 دۆلار ئەژمار بکرێت، مانگانە تەنیا 660 ملیۆن دۆلار دەکات، ئەوە تەنانەت بەشی مووچەی کارمەندانیش ناکات، خۆ مانگانە 350 ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ دابینکردنی لانیکەمی بودجەی هەرێم پێویستە، ئەمەش جگە لەوەی کە دەبێت دەستحەقی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی لێبدات. کەواتە ئەگەر لە داهاتوودا عێراق پابەندی ڕێککەوتننامەکە نەبێت، هەرێمی کوردستان مانگانە ئەو 350 ملیۆن دۆلارە لە کوێوە دەستبخات؟ ئایا دەکرێت داهاتی ناوخۆ، یان سەپاندنی باج بەتایبەتی لەسەر بەرهەمە نەوتییەکان و هاوردەکاری بەفریای بکەوێت؟

لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە لەم کاتەدا وروورژاندنی مەسەلەی دابەزاندنی نرخی بەنزین ناڕەوایە، یەکەم لەبەر ئەوەی باسوخواسی دابەزاندنی نرخی بەنزین لە جیهاندا ئێستا لەو وڵاتانە دەکرێت کە کڕیار و بەکارهێنەری نەوتن، نەک ئەو وڵاتانەی وەک کوردستان فرۆشیار و بەرهەمهێنەری نەوتن کە داهاتەکانیان بەندە بە نرخی نەوتەوە. بۆ وێنە لە ئەمریکا ئێستا نرخی بەنزین لە چەند مانگی ڕابردووەوە تا ئێستا لە گاڵۆنێک/ پێنج دۆلارەوە دابەزیوە بۆ نیوەی خۆی، ئەوەش لەبەرئەوەی پاڵاوگەکان لە بازاڕدا نەوتی هەرزان دەکڕن، خۆ پاڵاوگەکان لە هەرێمی کوردستان بەم شێوازە کار ناکەن و هەرچەندە بە کەرتی تایبەت ئەژمار دەکرێن، بەڵام نەوتی خاو لە حکومەت وەردەگرن و لەبری پاڵاوتنی هەر بەرمیلێک تەنیا دەستحەقی پاڵاوتنەکە وەردەگرن. خۆ پاڵاوگەکان نەوتی 50 دۆلاری ناکڕن تاوەکو بڵێین مادام نرخی نەوتی خاو دابەزیوە، دەبێت نرخی بەنزینیش دابەزێنن. سەرەڕای ئەوەش دابەزینی نرخی بەنزین لە ئەمریکا قسەوباسی زۆری لێکەوتووەتەوە و هەندێ گەشبینن و دەڵێن هەر هاووڵاتییەکی ئەمریکی ساڵانە لە دابەزینی نرخی بەنزین 500 دۆلار پاشکەوت دەکات و دڵیان بەوە خۆشە کە ئەو پاشکەوتە چونکە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە بازاڕدا خەرجدەکرێتەوە، بازاڕی ئەو وڵاتە دەبووژێنێتەوە. خۆ هەندێکی دیکەش گەشبین نین، وەک سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای شێڵ کە پێیوایە دابەزینی نرخی نەوت و بەنزین تەنیا کاتییە و ساڵێکیش ناخایەنێت، لەبەر ئەوە هاووڵاتیانی ئەمریکی نابێت دڵی پێخۆش بکەن.

هەموو هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان بە پارلەمانتارانیشەوە چاک دەزانن کە نرخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان وەک وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت سابسیدی لەسەرە، واتا تێچووی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی لەدەرەوە زیاترە لەو نرخەی کە پێشکەش دەکرێت. لەبەر ئەوەیە هەر بە نرخەکانی ئێستای سووتەمەنیش گوشارێکی دارایی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستانە کە بە نزیکەی ساڵانە 3 ملیار دۆلار خەمڵێنراوە. لەبەرئەوەیە کە دابەزینی نرخی نەوتی خاو و بەدوای ئەودا نرخی بەنزین، تەنیا گوشارە داراییەکانی حکومەت لە پێدانی سابسید بۆ بەنزینی هاوردەکراو کەم دەکاتەوە، ئەوەش ڕووداوێکی ئەرێنییە، هیچ نەبێ با حکومەت هەناسەیەکی ئاسان هەڵکێشێت بۆ ئەوەی بیر لە دابینکردنی مووچەی چەند مانگ دواکەوتووی کارمەندانی بکاتەوە.



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# کوردی "زاڵە"

مەبەست لە (کوردی زاڵە) ئەو کوردانەی مێژووە کە دەیانتوانی دونیا بخەنە زاڵە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر نەیانکرد.

کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە شەرەفخانەوە ئەفسانەیەک دەگێڕێتەوە کە چۆن کۆمەڵێک کورد دەچنە لای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئیسلامبوون، ئەوەندە قەڵافەت و سەروسیپاڵیان بەسام دەبێت، پێغەمبەر دوعایان لێدەکات ئەمانە قەت یەک نەگرن، چونکە ئەگەر یەکگرن دونیا دەخەنە زاڵە.

هەر لەو کتێبەدا هاتووە کە شەرەفخان لەبارەی کوردەوە دەڵێت "کورد زاووزێ زۆر دەکەن و منداڵیان زۆر لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر یەکتریان نەکوشتایە ئەوەندە زۆر دەبوون کە قات و قڕیان نەک دەخستە مەملەکەتی ئێران، بەڵکو هەموو دنیاوە.

کەواتە کورد لەڕووی هەیکەل و جەستەوە هێند بەهێزبوون و لەڕووی ژمارەشەوە هێندە زۆر و زەوەند بوون و لەڕووی زاوزێشەوە هێند منداڵیان خستووەتەوە کە توانای ئەوەیان هەبووە هەموو دنیا بخەنە کێشەو گیروگرفتەوە، بەڵام تاکە مەرج بۆ ئەوەی کورد بتوانن ئەمە بکەن، ئەوە بووە کە کوشتوکوشتاری یەک نەکەن و لەناوخۆیاندا تەباو ڕێک بن.

ئەگەر بە چاویلکەی مێژوو تەماشای بکەین، مەرجی یەکبوون بۆ کورد مەرجێکی سادە نییە، بەڵکو وەک مەرجێکی ئەستەم وەهایە کە دەتوانین بڵێین کورد بە درێژایی مێژوو نەیانتوانیوە یەکبن و ناکۆک و ناتەبا نەبن.

کورد لەمێژوودا ئەوەندە ناتەباو ناکۆک بوون لەنێوان خۆیاندا، نەوشیروان مستەفا لەکتێبەکەیدا (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- کتێبی سێیەم، بەرگی یەکەم) لەلاپەڕەی 20 بە "دەرد" ناوی دەبات.

باس لەوەش دەکات کە چۆن مێژوونووسی بلیمەتی کورد شەرەفخان بە داخێکی قووڵەوە باس لەم "دەردە"ی کورد دەکات و زاراوەی "خۆخۆری" بۆ بەکاردەهێنێت.

لەو لاپەڕەیەدا نووسەر دەردی ناکۆکیی کورد و خۆخۆرییان لەناو یەکدا وەک دیاردەیەکی چەسپاوی مێژوویی بەردەوام باس دەکات کە پێویستی بە تەفسیرکردنە.

پێشیوایە شەرەفخان نەیتوانیوە شیکردنەوەیەکی ژیرانە بۆ ئەم دەردی ناکۆکیە بدۆزێتەوە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر ئەفسانە، ئەو ئەفسانەیەی کە لە مێژوونووسی کورد خواجە سەعدەدین وەریگرتووە، گوایە پێغەمبەر کاتێک کوردی بەو بەهێزی و قەڵافەتەوە بینیوە، گوتوویەتی دوعا دەکەم قەت یەک نەگرن، چونکە ئەگەر ئەمانە یەک بگرن دونیا دەخنە زاڵە. دیارە هێندە خەڵکانی بەهێزو بەسام بوون.

بە ئەفسانەکردنی دیاردەیەک و هەوڵدان بۆ تەفسیرکردنی لەڕێگەی ئەفسانەوە، نیشانەی بوونی ڕەگوڕیشەی قووڵی ئەو دیاردەیە لەمێژوودا. گێڕانەوەکەی خواجە سەعدەدینیش دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە.

دیارە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان کورد ئەوەندە زۆر و زەق و بەردەوام بووە، وەک خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی ئەو میللەتە، وابووە. ئەمەش وای لەمێژوونووسان کردووە بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێن.

ناکۆکی و خۆخۆری وەک خەسڵەتی زەق و پەیوەست بە پێکهاتەی کورد، وای لە خواجە سەعدەدینی مێژوونووسی تورک کردووە ئەفسانەیەکی ئایینی لەسەر دروستبکات و بەدوعا لێکران لێکیبداتەوە.

هەر وەک لای خۆمان کە ئەگەر کەسێک کێشەیەکی بەردەوامی بێچارەی هەبێت دەڵێن "دیارە دوعای لێکراوە".

بێگومان مەرج نییە ئەو بەسەرهاتە دەقاودەق ڕوویدابێت کە کورد چووبنە لای پێغەمبەر. نەوشیروان مستەفاش لەکتێبەکەیدا ئەمە وەک ئەفسانەی مێژوویی باس دەکات.

**ناکۆکی و خۆخۆری وەک خەسڵەتی زەق و پەیوەست بە پێکهاتەی کورد، وای لە خواجە سەعدەدینی مێژوونووسی تورک کردووە ئەفسانەیەکی ئایینی لەسەر دروستبکات و بەدوعا لێکران لێکیبداتەوە**

بەڵام بوونی ئەفسانەیەکی لەمشێوەیە لە مێژوودا قەبارەی ئەو ناکۆکی و ناتەباییەمان نیشاندەدات کە بەدرێژایی مێژوو کورد وەک خەسڵەتێک و ئەخلاقێک هەڵگری بووە، بەجۆرێک وای لە مێژوونووسان کردووە بۆ تەفسیرکردنی پەنا ببەنە بەر ئەفسانە و لێکدانەوەی ئایینی، نەک زانستی، کە بێگومان تەفسیری ئایینی، میتۆدێکی باوی شیکردنەوەی دیاردەکان بووە لەو سەردەمانەدا.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بابوباپیرانمان چ خەسڵەتێکی خراپ و کوشندەیان بە میرات بۆ بەجێهێشتووین.

خۆ ئەگەر ئەم خەسڵەتە نەبووایە، ئەوا هەر ئەو مێژووە پێماندەڵێت کە کورد دەیتوانی پێگەیەکی گەورە و بەنرخ لە دنیادا بۆخۆی بچەسپێنێ و لەباتی ئەوەی هەمیشە مەزڵوم بێت، بەپێچەوانەوە ئەم دنیای دەخستە زاڵە.

بێگومان ئەگەر لەکۆندا دەرفەتی ئەوە نەبووبێت دیاردەیەکی وەک "ناکۆکیی کوردان" بەشێوەیەکی زانستی تەفسیر بکرێت و چارەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئێستا بەهۆی دەوڵەمەندیی ئەزموون و زانستی مرۆڤەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی زانستی هۆکارەکانی بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی و دەسەڵات و دەوڵەتداری.

ئێستا لەدوای مێژوویەکی درێژ و لەدوای دروستبوونەوەی دەرفەت بۆ کورد، دەبێت هەموو لەوە تێگەیشتبین کە چیدی نابێت ئەو ئەخلاقەی باپیرانمان دووبارە بکەینەوە.

ئێستا دەبێت شۆڕشێکی مەعریفی و ئەخلاقی بەسەر ئەو نەریتە خراپەی پێشینانی خۆماندا بەرپابکەین ، مەشخەڵانی یەکەمی ئەم شۆڕشەش یەکەمجار دەبێت لەناو ئەخلاق و سروشتی سەرکردەکانمانەوە بڵێسە بکات. ئەوان دەبێت لەوە تێبگەن کە نابێت خۆخۆر و ناکۆک بن.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کورد وەک میللەتێکی بەهێز لەسەر ئاستی دنیا دەربکەوێ، دوای ئەوەی دەبینین پێشمەرگە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە پاڵپشتی دەکرێت و پڕچەک دەکرێت.

کاتی گەڕاندنەوەی شکۆمەندی و سام و هەیبەتی کوردە لەسەر ئاستی دنیا و لە ناوچەکەدا، تێکشکاندنی داعشیش دەرفەتی گەڕاندنەوەی ئەو هەیبەت و سامەیە بۆ کەسایەتی کورد لە ئاستی جیهان و لە ناوچەکەدا. بۆیە بە شکستێکی گەورەی دەبینم ئەگەر کورد لەپاش تێکشکاندنی داعش نەبێتە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی خۆی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان.

**دەبێت کورد بۆ لەمەودوا وەک میللەتێکی بەهێز و تۆقێنەر دەربکەوێت بەتایبەت لای دراوسێکانی، نەک وەک میللەتێکی ستەمدیدەی مافخوراوی لاواز**

دەبێت کورد بۆ لەمەودوا وەک میللەتێکی بەهێز و تۆقێنەر دەربکەوێت بەتایبەت لای دراوسێکانی، نەک وەک میللەتێکی ستەمدیدەی مافخوراوی لاواز.

بەهێزبوونەوەی کوردیش لەدوای ئەم دەرفەتانەی کە ئێستە لەبەردەستدان، تەنها بە یەکگرتن و یەکدەستی دەبێت. بەناکۆکی و خۆخۆریش وەک زۆربەی دەرفەتەکانی مێژوو ئەم دەرفەتەش لەناودەچێت.

کاتی ئەوە هاتووە کورد دنیا بخاتە "زاڵە" و بە بەهێزی و گەورەیی، خۆی نیشانی جیهان بدات.



کامەران محەممەد عەزیز

# چی لە توندڕۆیی ئیسلامی بکرێت؟

بەگوێرەی ئاماری ڕێبەری تیرۆری جیهانی کە لەلایەن پەیمانگەی ئابووری و ئاشتی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە، ڕێژەی مردن بەهۆی تیرۆرەوە لە وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، سووریا و نایجیریا 82% بووە. 66%ی کردەوە تیرۆریستییەکانیش لەلایەن چوار گرووپی تیرۆریست و توندڕەوی ئیسلامی: داعش، بۆکۆحەرام، تاڵیبان و قاعیدەوە ئەنجامدراون.

بە پشتبەستن بەو ئامارانە یان بەهەر قەناعەتێکی کەسی، یەکێک زۆر بەئاسانی دەتوانێ لە نێوان ئاین و ئەم گرووپە تیرۆریستیانە پەیوەندی ببینێتەوە یان دروست بکات. لەدوای ڕووداوە تیرۆریستییەکانی پاریسیش، پرسی تیرۆر و ئیسلام بووەتە ڕۆژەڤی جیهان. بەڵام کێشەکە لە پرسیاری ئەوەدایە کە دەبێت چی بکرێت؟ چۆن ڕووبەڕووی ئەم گرووپە تیرۆریستییانە ببینەوە؟ ئایا دەکرێت لەنێو ئیسلامدا شۆڕشێکی چاکسازی بکرێت کە بۆ بەشێک سەرچاوەی کێشەکەیە؟ دەکرێت ئاینی ئیسلام هەروەک ئەوەی کۆمەڵگا مەسیحییەکان توانیان بیکەن، لە دەوڵەت و سیاسەت جیابکرێتەوە؟

لەڕاستیدا، نووسەر و شرۆڤەکارێکی زۆر لەگەڵ ئەوەن کە ئیسلام پێویستی بە چاکسازییەکی ریشەییە، پێویستی بە "مارتن لۆسەرێکی موسڵمانە" بۆ ئەوەی ئیسلام بهێنێتە نێو دونیای مۆدێرن. لە 2/1/2015 بابەتێکی گرنگ لەلایەن توێژەرێکەوە بەناوی (نیک دانفۆرس) لە گۆڤاری Foreign Affairs بڵاوبووەوە کە تێیدا باکگراوندی مێژووی جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت لە ڕۆژئاوا بە پوختی دەخاتەڕوو. ئەو دەڵێت هەرشتێک بووبێتە هۆکاری جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا، ئەوا پەیوەندی بە ململانێی هێزەوە هەبووە لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا. هێزی دونیایی کڵێسا بەردەوام پاپای دەخستە ململانێوە لەگەڵ پادشاکانی ئەوروپا. کاتێ ئەو فەرمانڕەوایانە هەوڵی سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی کڵێسایان دەدا، ململانێی هێز دروست دەبوو. ئەمەش فەرمانڕەوا هەرە بەهێزەکانی ئەوروپای خزاندە نێو ململانێیەکەوە لەگەڵ پاپا کە ئاخۆ پادشاکان پیاوانی کڵێسا هەڵبژێرن، یان ئەوان پادشاکان هەڵبژێرن.

هیچ یەکیان بۆ چەندین سەدە نەیانتوانی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی یەکتر بکەن، بەڵام دواجار دەسەڵاتی دونیایی پادشاکان بەسەر دەسەڵاتی کڵێسادا زاڵ بوو، ئەوەش ڕێگەی بۆ سیکولاریزم و دیموکراسی و لیبراڵیزم خۆشکرد، چونکە ئەم فەرمانڕەوایانە بەتەنگ هێزی دونیایی خۆیانەوە بوون نەوەک ئاین و خوداوەند. کاریان لەسەر بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی وڵاتەکانیان دەکرد، لە پێناوی ئەمەشدا بەردەوام ڕێسا ئاینییەکانیان دەکردە قوربانیی ئامانجە دونیاییەکان. ئەم دەرئەنجامە کە ئێستا زۆرکەس دەستی بۆ درێژ دەکەن، پەیوەندی بە ڕەگوڕیشەی ئاینی مەسیحییەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بەو هەلومەرجە سیاسییەوە هەبوو کە خۆی لە ململانێی چەندین سەدەی نێوان ئاین و کڵێسادا دەبینییەوە. هەر کە دەوڵەتەکان دەوڵەمەندتر، سەقامگیرتر و بەهێزتر دەبوون، سیستەمی حوکمڕانییان زیاتر بەرەو لیبراڵی و دیموکراسی دەچوو. بیرۆکەی ئەوەی ڕەهەندێکی سیکولاری و دیموکراسی و ئاشتیخوازانە لە مەسیحیەتدا هەیە و لە ئاینی ئیسلامدا نییە، زۆر بەزەحمەت یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە مێژووی هەزار ساڵی مەسیحیەت نەیتوانی ئاین و دەوڵەت لەیەکدی جیابکاتەوە. بەهەمان شێوەش بیرۆکەی ئەوەی لەنێو ئاینی ئیسلامدا مەیلێکی ئەبەدی بۆ خوێنڕشتن و توندوتیژی هەیە، بە زەحمەت یەکدەگرێتەوە لەگەڵ چەندین سەدە لە ئاشتەوایی کە وڵاتانی ناوچەکە بەخۆیانەوە بینیوە.

لەڕاستیدا، هیچ تاکە ڕێگایەک نییە بۆ چارەسەرکردنی توندڕەویی ئاینی بەهەمان شێوەی ئەو چارەسەرییەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی پێیگەیشت. مامەڵەی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی فەڕەنسی لەگەڵ ئاین وەکو نموونەیەکی باو کاریگەری زۆری لەسەر یەکێک لە بەناوبانگترین سیکولارخوازەکانی نێو جیهانی ئیسلامی: مستەفا کەمال ئەتاتورک هەبوو. ئەتاتورک ئاینی ئیسلامی وەکو مەترسی وێناکرد، هەروەکو شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان کە سەیری کڵێسایان دەکرد. ئەتاتورک دەستی بەسەر موڵکەکانی دامەزراوە ئاینییەکاندا گرت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی قەدەغە کرد. بەڵام بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە خەونی دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا و ڕەنگە زۆرینەی خەڵکی تورکیاش گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی پێش ئەتاتورک. ئەگەر ئەتاتورک نەیتوانی چاکسازیی ئاینی بکات، نەیتوانی دوای چەندین دەیە ئاین لە دەسەڵات لە وڵاتێکی وەکو تورکیادا جیابکاتەوە، ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە هەیە؟

هیچ دوو ئاینێک بە هەمان ڕێگای مێژوویدا ناڕۆن. بۆ باش و بۆ خراپ، بەردەوام وەڵام و چارەسەرییەکان دەبێت لۆکاڵی بن، دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت کە ئەو گرووپە توندڕەوانەی تێدا دروست دەبن. کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەبێت بە خۆیان چارەسەرییەک بۆ کێشەی توندڕەویی ئیسلامی بدۆزنەوە، هەر هەوڵێکی دەرەکی، هەر چاکسازییەکی دەرەکی سەرچاوەی لە ئەزموونی وڵاتەکانی خۆیانەوە گرتبێ، تەنها دەبێتە مایەی بێهیواکردنی خەڵکانێکی زۆر. دیموکراسی لە شوێنی خۆیدا ڕەنگە باشترین فۆرمی حوکمڕانی بێت کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆیەوەی بینیوە، بەڵام بۆ چارەسەری توندڕەویی ئیسلامی ڕەنگە ناواقیعیترین بژارە بێت. ڕەنگە پێویست بێت بەبیر هەموو لایەک بهێنرێتەوە کە چیتر هەڵسەنگاندنی باشە و خراپە نابێت دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی گەردوونی بێت، دەبێت ڕێگە بدرێت کۆمەڵگاکان لە مێژوو و کەلتوری خۆیانەوە بەدوای چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆی خۆیاندا بگەڕێن.



داروان ئەمین

# ئێوە لێزبیانن؟

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی موزیکنووسی شارەزا و بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و داگیرکارییەی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە، نەتوانراوە شاکاری موزیک و سیمفۆنی و موزیکی بێ تێکست (موزیکی بێ گۆرانی) بەرهەم بێت و هەمیشە موزیک گرێدراوی گۆرانی بووە، موزیک هەمیشە لە خزمەتی دەنگدا بەکارهاتووە.

ئەگەر بمانەوێ بزانین موزیک و گۆرانیی کوردی لە چ ئاستێکدایە، یان ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی بێگانە چ جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێ، ئەوا پێویستە لێکدانەوەیەکی ورد بۆ گۆرانی کوردی بکەین.

سەرنجدانێکی خێرا لە هونەری گۆرانیی کوردی، وا دەردەخات کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، بەشی هەرە زۆری ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە چوارچێوەی گۆرانیی دڵداریدا دەسوڕێتەوە. ئەگەر لێکدانەوەیەکی ئێتنوموزیکۆلۆجیانەش بۆ هۆکاری ئەم دیاردەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە پشت دروستبوونیەوەن. کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی پاتریارکییە. کەلتوری باوکسالاری و مێینە چەوساندنەوە باڵان. ژنان شەرەفی پیاوانن و بەهای کۆمەڵایەتی پیاو بە دامێنیانەوە گرێدراوە و مامۆستا هێمن گوتەنی پیاو ئەسیری بسکی کچە کوردێکی دیلە. دیلیی ڕەگەزی بەرامبەر لەم کەلتورەدا وای کردووە نێرینە تووشی چەپاندنی سێکسی ببێ و ئەمەش لە شیعر و گۆرانیی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بە شێوەیەک کە بەشێکی گەورەی پانتایی ئەدەب و هونەرەکەی بووەتە مەیدانی دەردان و ساغکردنەوەی پاڵنەرە غەریزییە ئیرۆتیکییەکانی، بەڕادەیەک نێرینە لەگوتاری خۆیدا شانازی بەو چێژەوە بکات کە لە پێدا هەڵگوتنی باڵا و قەدی میان و مەمکی تورت و قژی ئاڵۆزکاودا دەیبینێ، ئەمەش بارە ئاساییەکەیە و هیچ خەوشێکی تێدا نییە چونکە دەبێ وابێ. ئەوەی نائاساییە ئەو گۆرانیانەیە کە کچان دەیڵێن.

**لە کوردستان ئاساییە پیاو لای خێزانی بڵێ ئەم کچە مەمکی فنجانییە و باڵای عەرعەرییە، بەڵام بۆ ژن شوورەییە بڵێ: ئەم پیاوە جەستەی توندە**

ئەو گۆڕانانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا بەسەر کایە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا هاتن، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ هاتنە پێشەوەو بەشداریکردنی ڕەگەزی مێ، لێرەشدا گۆرانی و موزیکی کوردی لەم لوتفەی خانمان بێبەش نەبوو، گۆرانیبێژی کچ بەرە بەرە هاتنە بوارەکەوە و دەستیان بە گوتنەوەی ئەو گۆرانیانە کرد کە پیاو بۆ ژنی گوتوون.

باری ئاسایی و دۆخی تەندروست لە زۆربەی کەلتورەکاندا ئەوەیە کە کوڕ بۆ کچ و کچ بۆ کوڕ گۆرانی بڵێ و بیلاوێنێتەوە. بەڵام لێرە کەرتێکی ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بووەتەوە و کچانیش بۆخۆیان دەچڕن و بەجوانی، ناسکی، نازداری ودواجاریش بێوەفایی خۆیاندا هەڵدەڵێن. دەبێ هیچ هەستێکی ڕاستەقینە لە پشت ئەوەوە هەبێ کە خاتوو نیلۆفەر (خەزاڵێ وەی خەزاڵێ) بڵێ و لەخوا داوا بکا بۆخۆی بچێتە سەر ماڵێ؟ دەکرێ پرسیار بکەین ئاخۆ چی لەو سەیرانەی بن دارانەدا ڕوویدابێ تا خاتوو ڕۆژین بەو هەموو ناسکی و لەتافەتەوە بۆی بریندار بێت؟ یان فاتێ بە چاوی مەستی ست فاتیمەدا هەڵبڵێ؟

من بەنامۆی دەبینم تیپی کیژانی سلێمانی شێت و شەیدای کچانی وڵات بن و بۆ بەژن و باڵا و چاوی بەڵەکیان گۆرانی بڵێن.

باشە با وای دابنێین کوڕ گۆرانی بەسەر کوڕدا بڵێت و لە گۆرانیەکە بڵێت ئەم کوڕە قژ زەردە سپی پێستە نەرم و نۆڵە لێم تۆراوە و شەوان پشتم تێدەکات و کوڕێکی سمت نەرم و جوانە و لار و لەنجەی شێتی کردووم. دەی ئەوەی کچ بۆ کچی دەڵێت هەمان ئەو مانایە دەدا. هەڵبەتە چەند هۆکارێک لە پشت ئەمەوەن: لە مێژووی کورددا ژن لاواندنەوەی هەبووە، لاواندنەوەکانیشی بەسەر پیاودا بوون، بەڵام دوای ئەو گۆڕانەی بەهۆی هاتنە ناوەوەی فۆرمەکانی تەرەب، ئارابێسک و جاز و ... هتد بەسەر گۆرانی و موزیکی کوردیدا هات، کچانیش ناچاربوون خۆیان لەسەر پیاو کۆپی بکەنەوە و بە جیهانبینی و بیری ئەوانەوە بێنە مەیدانەوە. لەبەرئەوەی لە کەلتوری کوردیدا تائێستاش عەیبە کچان بەسەر پیاواندا گۆرانی بڵێن.

لە کوردستان زۆر ئاساییە پیاوەکان لای خێزان و خوشکەکانیان بڵێن ئەم کچە مەمکی فنجانییە و باڵای عەرعەرییە، بەڵام بۆ کچ شوورەییە لای هاوسەرەکەی یان لای باوک و براکانی بڵێ: ئەم پیاوە جەستەی توند، (مەچەک ئەستوور، باڵا کەڵەگەت و دەفەی ناوشانی چاڵە).

ئەم بارودۆخە ناهەموارە کۆمەڵایەتییەی ڕەگەزەکەی دیکە لە وڵاتی ئێمەدا کچانی ناچارکردووە لە گوتنی گۆرانیشدا خاوەن گوتارێکی ژنانە نەبن و لە پەراوێزی گوتاری نێرینەدا خۆیان ببیننەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



گۆران محەممەد

# ئاخ ئەکراد

دەڵێن ماسی، هەر هەشت چرکە یادەوەریی هەیە، ئەوە بۆیە جاری وا هەیە هەمان ماسی، سێ جاران بە یەک قولاپەوە دەبێت. وابزانم نزیکترین بوونەوەر لە ماسی کە هەمان خەسڵەتی هەبێت کوردە حەیاتەکەیە. مێژوو پێماندەڵێ ئەوە تورک و عەرەب و فارس بوون هەمیشە دەستیان لە بینەقاقامان گیرکردووە، کەچی ئێمە تاوێک بۆ قارداش پانتۆلۆژی دەکەین کە دەکاتە هونەری پانکردنەوە، جارێکیش وەک مژمژە گۆڕی خومەینی دەلێسینەوە، بۆ هەمیشەش لەبەر دەرکەی عەرەبدا دەپاڕێینەوە.

ئەرێ بەڕاست، لە کێشەی نەتەوەیی بترازێت، چی دیکەمان هەبووە، ئاخر ئیسلامە و بە زەبری شمشێر بووینە موسڵمان، کە دوای ئەوە هەر بە قەرەجی بێ وەتەن ماینەوە، لەبەر کوردبوون بوو ئەز حەیران، نەک موسڵمان نەبوون.


نۆکەری بۆ عەرەب و بێگانە پەرستی، تەنێ سیفەتی دەسەڵاتداری کورد نەبووە، لە زەینی عەوامیشدا ڕەگوڕیشەی قووڵ قووڵ داکوتیوە، ئەی ئەوە نییە زۆربەی ئەوانەی وێنەی پرۆفایلەکانیان ئاڵای کوردستان یان وێنەی پێشمەرگە بوو، بۆ گۆڵێکی هەڵبژاردەی عێراق بە حەوادا چوون، بۆ دۆڕانیشی خوڕ خوڕ گریان؟ من تێناگەم، ئەگەر بێعەقڵیی نەبێت، کە زڕغام گۆڵ دەکات، کامەران بۆ کەیفخۆش دەبێت؟

لە هەولێر ڕێوڕەسمێکی شاهانە بۆ یادکردنەوەی مردنی سەید موحسینی حەکیم ڕێکدەخرێت، کوردی هەمیشە فرەڕیز، لەوێ قیت و یەکریز وەستابوون، تەنانەت باڵەکانی یەکێتیش، لە ژێر چەتری مەرگی حەکیمدا گیرسابوونەوە، هەموو بە شان و شەوکەتی سەی موحسیندا هەڵیاندەدا، مەلا و سۆشیال دیموکرات، سەرۆکی حکومەتی تەکنۆکرات، سیاسەتکارانی حەفتا و هەشتا هەموویان شینی سەی موحسینیان دەکرد.

هەر لەو گردبوونەوەیەدا، کاکە عەلاوی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕووداو، جرتی بۆ دەوڵەتی کوردی لێدا، چاک دەکا با لێیدا.

ناهەقیان نییە پێمان دەڵێن ئەکراد، ئاخر کە ئێمە خۆمان بچووک ببینین، چۆن داوا لە خەڵک بکەین گەورە لێمان بڕوانن؟ ئێمە کە سووک سەرنجی خۆمان دەدەین، بۆ داوا لەم و لەو بکەین قورس تەماشامان بکەن؟

تا ئێستا چەند جار، لە بەغدا یادی مەلا مستەفا کراوەتەوە، کەی لە نەجەف بیرەوەریی شێخ مەحموود بەرز ڕاگیراوە، هەرگیز لە بەسڕا، شرە پەڕۆیەک بۆ بیرەوەریی قازی دانراوە؟ جا خۆش ئەوەیە هەمان ئەم دەسەڵاتدارانەی خۆمان کە کۆنفرانس بۆ سەید موحسین دەبەستن، دوو سێ ڕۆژ پێشتر گوتیان پارەمان نییە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بکەینەوە! کەواتە دەستی خۆش بێ عەلاوی کە جرتی دوو مەتریمان بۆ دادەدڕێ، ئاخر ئێمە فێرین دەستی شیعە ماچ بکەین کە پارەمان لێدەبڕێ، کۆنفرانسیش بۆ سوننە ساز بکەین کە داعشمان تێدەبڕێ.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی ئاوا وەڵامی کانتۆنی دایەوە

پێشڕەوییەکانی هێزی پێشمەرگە کە بە زۆری بریتین لە هێزی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و کۆنترۆڵکردنی چەند پێگەیەکی ستراتیژی لەو دەڤەرە، ئەگەر لەلایەک ئازادکردنی خاکی کوردستان بێت لە دەستی داعش، ئەوا حیساباتی ستراتیژیی دوای شەڕیش لەخۆدەگرێت. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دروستکردنی کانتۆن لە شەنگال دوورخستنەوەی پارتی بوو لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا (کە لەوەیاندا یەکێتی، پەکەکە، داعش، ئێران و بەغدا هاوڕان) و کاردانەوەیەکی هاوبەشی ئیقلیمی بوو بەرامبەر دەستێوەردانەکانی پارتی لەو ناوچانەی کە ئێستا لەلایەن ڕژێمی ئەسەد و پەکەکەوە لە سووریا بەڕێوە دەچن. حکومەتی بەغدا کە سپۆنسەری دارایی کۆبوونەوەی چیای شەنگال بووە، ئاواتەخوازە کە پێشڕەوییەکانی پارتی لەو ناوچانە زۆر بە سستی هەنگاو بنێن. ئامانجی بەغدا و هەمووان ئەوەیە کە پارتی نەتوانێ بە خێرایی لە ناوچە کوردستانییەکاندا پێشڕەوی بکات، چونکە دەزانن بەیانی دوای بڕانەوەی شەڕی داعش، زەحمەتە بتوانن پارتی لەوێ دەربکەن. ئەمریکاش کە لەوە دەترسێ ئەگەر بایەخ بە بۆچوونەکانی بەغدا نەدات، حکومەتەکەی بەغدا بە تەواوەتی بکەوێتە ناو ئامێزی ئێران، هەوڵ نادات شەڕەکە وا بۆ پارتی ئاسان بکات کە بە زوویی و تاکلایەنانە سەرکەوتن بەدەستبێنێ.

لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەمریکا بۆ دوورخستنەوەی بەغدا لە هەژموونی ئێران، تەنانەت خۆی لە بانگهێشتکردنی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنفرانسی لەندەن پاراست. ئەوەش لەپێناوی ئەوەدا بوو کە بە عەبادی بڵێن: ڕاستە ئێمە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەین و هاوکاریشیان دەکەین، بەڵام ئێمە تەنیا تۆ دەناسین.

بەڵام سەرکەوتنەکانی هەفتەی ڕابردووی پێشمەرگە و بەتایبەتیش پێشڕەوی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی دەوروبەری مووسڵ و، کۆنترۆڵکردنی هەندێک ناوچە کە جیۆستراتیژین و ڕێڕەوی شەڕ دەگۆڕن، وەڵامێکی توندی پارتی بوو بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ هەم لەو شەڕەدا نادیدەی بگرن و، هەمیش دەیانەوێ شەڕی داعش نەبێتە هۆی ئەوەی کە کورد ناوچەی زیاتریان لە ڕووبەری هەرێمی کوردستان دەستبکەوێت.

قورسایی شەڕ لەمەودوا لە ناوچەی مووسڵ دەبێت، ئەو شوێنەی کورد پێیدەڵێ بەرەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی دیجلە. لەوەشیاندا ڕۆڵی بارزانی کە خۆی سەرکردایەتی ئەو بەرانەی شەڕ دەکات، هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدا دەبێت و حیساباتی ناوچەیی گەورەی لەسەر بنیات دەنرێت. ئێستا کە بەغدا و ئێران لە ئامادەکاریدان بۆ گرتنەوەی مووسڵ، گرنگترین بابەت بۆ ناوەندەکانی بڕیار ئەوەیە کە کێ، چۆن و کەی مووسڵ دەگرێتەوە؟ ئەمریکا کە لەوە دەترسێ عەزمەتی هاوپەیمانێتییەکەی بکەوێتە ژێر سێبەری بەشداریی ئێران لە شەڕی دژی داعش و، شیعەکان بیانوویان دەستبکەوێ بۆ پاکتاوی مەزهەبی و تاڵان و بڕۆی خەڵکی ناوچەکە، زۆر بە هێوری و لەسەرخۆیی مامەڵە دەکات. ئیحتیوای کورد و شیعەی کردووە، تا ئەوکاتەی کە بکرێ لەسەر ئەرز بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت. بە واتایەکی دیکە حەز دەکات بابەتی شەڕی داعش بگاتە خاڵێک کە هەموو لایەنەکانی شەڕ ئامادە بن بەیەکەوە بەشداریی ڕزگارکردنی مووسڵ بکەن و، هەر لایە و بەپێی حەجمی بەشداریی خۆی پشکی بەربکەوێت.

سەرباری شکستە سەرەتاییەکان، بەڵام وا وردە وردە پارتی لە ناوچەی نفوزی خۆی سەرکەوتن بەدەستدێنێ و پێگەی خۆی بۆ دوای شەڕی داعش قایمتر دەکات. سەردانی هەردوو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیش بۆ بەرەکانی جەنگ کە بارزانی سەرکردایەتییان دەکات، ئەگەر لە لایەک پەیامێک بێت بۆ سیاسەتی ئێستای حیزبەکەیان، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی ئەوەیە کە پشتیوانی لە هەنگاوەکانی بارزانی دەکەن. دوورخستنەوەی بەرەکانی جەنگ لەو شوێنانەی بواری موزایەدەی سیاسییان تێدا نییە، پڕوپاگەندەی نەیاران و ڕکابەرەکانی پارتیی کەم کردووەتەوە، چونکە ئیتر حیساباتی شەڕی داعش تەواو بووە، ئینجا نۆرەی دوای شەڕە کە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کێ داعشی بەگژ کورددا کرد؟




سەلام سەعدی

# پێشمەرگە لە کۆبانی بکێشنەوە

هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان و شەڕڤانەکانی پەکەکە لە کۆبانی، هەروەها لە چیای شنگال و بەدرێژایی ئەم ماوەیەش کە لەگەڵ داعش لە شەڕداین لەهەندێ بەرەی دیکەی وەک مەخموور و جەلەولا دژ بە هێزەکانی خەلیفەی داعش، سەرەڕای دنیایەک جیاوازی و ناکۆکی و بەدگومانی، چوونە یەک سەنگەرەوە. واتە ئەوەی ئەم دوو هێزەی کۆکردەوە دوژمنێکی هاوبەشە. دیوە سیمبولیکی و عاتیفیەکەی ئەم هاوسەنگەرییە زۆر ڕۆمانسی و هەستبزوێنە لەگەڵ ئەوەی یەکەمجار نییە کوردی دوو پارچە یان زیاتر لە شەڕی دوژمنێکدا دەبنە هاوسەنگەر. ئەگەر تەنیا لەم دیوەوە تەماشای بکەی، شایانی ئەوەیە شیعرێکی زۆری بەبالادا بگوترێ. بەڵام مرۆڤی ژیر تەنیا ئەم دیوە نابینێ و زۆر لەناو ئەم ڕۆمانسیەت و خۆشبینییە ڕۆناچێ. هەموومان سەروسیمای عاقیبەتی ئەم هاوسەنگەرییەمان لە شنگال بینی. وەکو دیارە مەسەلەکە تەنیا لە سنووری هاوکارییەکی سەربازیدا لەدژی دوژمنێکی هاوبەش ناوەستێ و پەکەکە لەپای ئەو بەشدارییەی چاوی بڕیوەتە ناوچەی نفوز. خەڵکی عەوام مافی خۆیەتی بە خەیاڵی شاعیرانەی یەکپارچەیی کوردستان و هاوچارەنووسیی کورد سەرمەست بێ، بەڵام سیاسەت پیاوی واقیعبینی دەوێ. کەسێکی دەوێ هەموو ڕەهەندەکانی وێنەکە ڕوون و بێ ڕتووش ببینێ. مەسەلەکە ئاوا نییە کە هەموومان پێکەوە بەرەوڕووی دوژمنێک دەبینەوە و پاش ئەوەی بەزاندمان ئینجا کۆدەبینەوە و سنوورەکان دەسڕینەوە و دەوڵەتێکی گەورە لە کەنداوی فارسەوە تا سەر دەریای سپی چێدەکەین و بێ قڕەو بڕە سەرۆکێک بۆخۆمان هەڵدەبژێرین. هیچ کەسێک باوەڕی بەم خەیاڵپڵاوییە نییە لە کردەوەدا. من پێشتریش لە وتارێکدا باسی ئەوەم کردبوو کە دەبێ هەر پارچەیەکی کوردستان ڕێگەی چارەسەری کێشەی خۆی بەتەنیا و بێ دەستێوەردانی کوردی پارچەیەکی دیکە، بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی نێوخۆیی و ئیقلیمی تایبەت بەو وڵاتەی خەباتی تێدا دەکات بدۆزێتەوە. ئەم پارچانەی کوردستان تازە بۆ هەتا هەتایە بەتەنیشت یەکەوە دەژین نەک پێکەوە. ئەگەر ئەو هەلومەرجە بڕەخسێ کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتیش، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە خاوەنی چەند دەوڵەتێک. کوردستان هەرگیز بەم نەخشە خەیاڵییەی لە کەنداوی فارسەوە تا دەریای سپی درێژدەبێتەوە دەوڵەت نەبووە تا هەوڵی یەکخستنەوەی بدەین. ئەم مێژووە درێژە لە دابڕانی ئەم پارچانە لەیەکدی، دنیایەک جیاوازیی دروستکردووە کە هیچ هێزێک نییە بیخاتەوە نێو یەک چوارچێوەی سیاسی. ئێمە لەمێژوودا، جگە لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا، کام نموونەی سەرکەوتووی یەکگرتنەوەمان هەیە؟ ئەوەتا سەرئەنجامی یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەن تەماشا بکەن. هەموومان دەزانین یەکگرتنی میسر و سووریا چۆن شکستی خوارد. خۆ ئەگەر یەکگرتن ئاوا ئاسان بایە، ئەوە 22 دەوڵەتی عەرەبی با بەو هەموو خاڵە هاوبەشانەیانەوە یەکبگرنەوە. با هەردوو کۆریا هێڵی ئاگربڕی نێوانیان هەڵگرن کە جەنگی سێ ساڵەی سەرەتای پەنجاکان کێشای. هەموومان ئەم ڕاستیانە دەزانین، بەڵام لە کردەوەدا هەندێ حیزبی سیاسی پێچەوانەی ئەم فاکتانە ڕەفتار دەکەن و نوخبەی کوردیش ناوێرێ ڕاشکاوانە بڵێ کە ئەم ڕەفتارانە دەچنە چوارچێوەی دەستێوەردان لەکاروباری پارچەیەکی دیکە. ئەم نوخبەیە هێشتا مەستی دروشمەکانی یەک نەتەوە و یەک نیشتمانە هاوشێوەی ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەی هێشتا هەر بەو خەیاڵە دەژی سنووری نێوان دەوڵەتەکانی بسڕێتەوە لەکاتێکدا تادێ تۆختر و تۆختر دەبنەوە.

ئێستا ئەحزابی سیاسی لە کوردستان، بەتایبەتی پارتی و پەکەکە هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم نییە جگە لە خۆساغکردنەوە لەسەر ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا. پارتی بە هەڕەشە ناوبەناوەکانی جیابوونەوە لە بەغدا ئەگەر بەتەمایە ئەم چوار پارچەیە یەکبخاتەوە، ئەوا با لەئێستاوە بزانێ دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە. ئەگەر ئەو خەیاڵەشی نییە دەبێ ڕوونیبکاتەوە کە مەبەستی چییە لە پەلهاویشتن بۆ کوردستانی باکوور و ڕۆژاڤا. پەکەکەش کە بۆ کوردی باکوور شتێکی زۆر کەمتر لە ئۆتۆنۆمی دەخوازێ و ناوی لێناوە "خۆسەری دیموکراتیک"، ئەو تەراتێنەی لەچییە لە هەرچوار پارچەکەدا؟ ئەوان کە تەنیا هەندێ دەسەڵاتی فراوانتریان دەوێ بۆ شارەوانییەکانی باکوور، بەگوێرەی کام لۆژیک بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی دیاری دەکەن کە داوای چی بکەن؟ حەقە پرسیاریان لێبکرێ، ئەوان کە دەستبەرداری بەدیهێنانی خەونی دەوڵەتی گەورەی کوردی بوون، بۆچی مۆدێلی چارەسەری کێشەی خۆیان دەسەپێننە سەر کوردی بەشەکانی دیکە لەکاتێکدا مەحاڵە دوو پارچەی کوردستان بتوانن بەهەمان ڕێگادا بڕۆن بۆئەوەی بگەنە جۆرێک لە سەربەخۆیی. ئەم پاوانخوازی و فراوانخوازییە کە بناغەکەی بۆشە، ئێستا بووەتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لەسەر کورد، بەتایبەتی لە ڕۆژاڤا و لە هەرێمی کوردستان. پەکەکە لە کاتێکدا ئەم یارییە دەکات کە هێشتا ناوی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندایە. ئەم یارییە لەگەڵ لایەنێک دەکات کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک کاراترین و کاریگەرترین لایەنی شەڕی دژی تیرۆر تەماشای دەکەن. من لێرەدا بەبیری دێنمەوە کە پارتی و پەکەکە لە دوو پێگەی جیاوازدان. پارتی لایەنە سەرەکییەکەی حوکمڕانییە لە هەرێمی کوردستان کە چوارچێوەیەکی دەستووریی دانپێدانراوی هەیە و ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بیانی و کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ گرێداوە. PDKی باکوور تا 50 ساڵی دیکەش هەر هێندەی ئەو پەچەدەکەیە سەنگ و قورسایی دەبێت کە پەکەکە لە هەرێمی کوردستان چاندوویەتی، بۆیە باشتر وایە چیدی وزەی تێدا بەفیڕۆ نەدا و بەوەش بیانووەکانی دەستێوەردانی پەکەکە لە کاروباری هەرێمی کوردستان هەر هیچ نەبێ، هەندێ کەم بکاتەوە. هەردوولاش لێگەڕێن کوردی ڕۆژاڤا ڕێی چارەسەری تایبەت بەخۆیان ببیننەوە. ئەو هێزی پێشمەرگەیەش کە ڕەوانەی کۆبانی کراوە، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی مەترسی لەسەر شارەکە دەستبەجێ لەوێ بکێشرێنەوە.

کاتی ئەوەیە کوردی هەر چوار پارچە کۆببنەوەو پەیماننامەیەک مۆربکەن لەبارەی تەحریمی دەستێوەردان لەکاروباری یەکتر.



هێمن خۆشناو

# پەکەکە لە باشوور دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن

شەنگال بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) سێ گرنگیی تایبەتی هەیە، یەکەم: هێڵی پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان پتەوتر دەکات. دووەم: هەژموونی پارتی لەسەر ڕۆژئاوا دووردەخاتەوە. سێیەم: پەکەکە هەوڵ دەدات بەو چەوساندنەوەیەی ئێزدیەکان تووشی بوونە کە لە بنەڕەتدا چەوساندنەوەیەکی ئایینییە، ئەوەندەی دیکە خۆی نزیکی جیهانی ڕۆژئاوا بکات و خۆی بکاتە پارێزەری ڕاستەقینەی مافی ئەوان.

بەڵام دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئێزدییەکان لە 14ی ئەم مانگە، ئەو سێ ئامانجەی سەرەوە تێدەپەڕێنێ و ئەمەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا و قەتیسکردنی پارتیەوە هەیە بۆ ئەوەی لە قۆناغی بەرگریکردن لەخۆیدا بمێنێتەوە. هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ پەکەکە بۆئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێ.

لە حوەزیرانی 2015 لە تورکیا هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەدەچێت، پەکەکە و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەخوازن ئامادەییان لەناو پەرلەمانی تورکیا لە ئامادەییەکی لاوازەوە بۆ ئامادەییەکی بەهێز بگۆڕن. بۆ ئەمە بڕیاریان داوە هەدەپە وەکو حیزب بەشداری لە هەڵبژاردن بکات نە وەکو کاندیدی سەربەخۆ. خۆی لەخۆیدا ئەو بڕیارە ریسکێکی گەورەیە، چونکە ئەگەر هەدەپە نەتوانێ 10%ی دەنگەکان بهێنێ، ناتوانێ نوێنەرانی ڕەوانەی پەرلەمان بکات و هەموو دەنگەکانی بۆ پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) دەڕوات و سەنگەرێکی بەهێز لە ململانێی سیاسی لەدەست دەدات و تەنیا جوڵاندنی شەقامی بەدەستەوە دەمێنێ بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر حکومەتی تورکیا.

پەکەکە پێیوایە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا پارتی و بارزانی پاڵپشتی ئەردۆغانیان کردووە و بوونەتە ئامرازی پروپاگەندەکردن لە بەرژەوەندیی ئەردۆغان. بۆیە پێموایە دەنگۆی بەکانتۆنکردنی شەنگال تەنیا کارتێکە و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆ ئەوەی پارتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پشتگیریی ئەردۆغان نەکات، پەکەکە کارتی بەکانتۆنکردنی شەنگال بەڕووی پارتیدا بەرز دەکاتەوە.

پەکەکە پێیوایە پارتی بە نزیکبوونەوەی پەکەکە و یەکێتی هەراسان بووە، بۆیە هەوڵدەدات بە دەنگۆی بەکانتۆنکردنی شەنگال ئەوەندەی دیکە پارتی هەراسان بکات و بیخاتە دۆخی خۆپاراستن و لە ئەردۆغان دووریبخاتەوە (بەتایبەتی دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەردۆغان لەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و چەند ڕێککەوتننامەیەک لە چەند بوارێکی جیاوازدا لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان واژۆ دەکات).

پەکەکە لەدوای شەڕی داعش لاوازییەکانی پارتی بەباشی خوێندووەتەوە، بەتایبەتی دەزانێ بەر لە داعش پارتی متمانەی بە ئەردۆغان هەبوو کە لە تەنگانە بەکەڵکی دێت، بەڵام لەدوای هاتنی داعش تورکیا بەهانای هەرێمی کوردستانەوە نەهات و بەهۆی ئەوەشەوە پارتی و تورکیا لە یەکتر دوورکەوتنەوە. پەکەکە پێیوایە دەتوانێ لە ڕێگەی کارتی بەکانتۆنکردنی شەنگالەوە ڕێگە لە تورکیا بگرێت تاوەکو چیدی پارتی لە ڕۆژئاوا لە دژی پەیەدە بەکارنەهێنێ.

ئەندامێکی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- KNK)ی نزیک لە پەکەکە لەبارەی کۆبوونەوەکەی ئەمدواییەی شەنگال دەڵێت: "ئەوەی ڕۆژی 14/1/2015 لە چیای شەنگال دروستکرا، دامەزراندنی کانتۆن نییە، بەڵکو دامەزراندنی ئەنجوومەنی گەلی ئێزدییە و پردی یەکگرتنی ئێزدییەکانی کوردستان و دەرەوەیە". کەواتە ئەوەی ڕوودەدات لە شەنگال دامەزراندنی کانتۆن نییە، بەڵکو کارتێکی هەڕەشەیە بۆ سەر پارتی!

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە بیرۆکەی دامەزراندنی کانتۆن، مۆدێلی چارەسەری پەکەکەیە بۆ پرسی نەتەوەیی لە کوردستان. پەکەکە پێیوایە مۆدێلی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێلێکی ڕۆژئاوایی ئەورووپیە، ناتوانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان چارەسەر بکات. عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵی چوارچێوەی تیۆری و فیکریی ئەو مۆدێلەی داڕشتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆچی پەکەکە سەرەتا کانتۆن لە قەندیل دروست ناکات؟ بە بەراورد لەگەڵ شەنگال دامەزراندنی کانتۆن لە قەندیل زۆر ئاسانترە. هەڵبەتە شەنگال بۆ پەکەکە گرنگیی زۆر تایبەتی هەیە، بەڵام خوێندنەوەی دەستپێشخەرییەکەی 14ی ئەم مانگە وەکو هەوڵێک بۆ دامەزراندنی کانتۆن تێنەگەیشتنە لە ئامانجەکانی پەکەکە.

هاتنی داعش زۆرترین زیانی بۆ پارتی بەدواوەبوو، بە پێچەوانەشەوە گەورەترین سوودی بە پەکەکە گەیاند و پەکەکەی لە باشوور زیندوو کردەوە. چۆن ڕووداوەکانی سووریا لە 2011 پەکەکەی لەو گۆشەگیرییە ڕزگار کرد کە دوای ساڵی 2003 تێیکەوتبوو، هاتنی داعش بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی داگیرکردنی شەنگالیش هیوای بۆ پەکەکە گەڕاندەوە تا لە باشووریش بەهەمان شێوەی پارچەکانی دیکە کاریگەری سیاسی و سەربازیی خۆی دروست بکات.

تا دەچێت پەکەکە دەبێتە ئەکتەرێکی مەیدانی لە باشووری کوردستان جا بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. پەکەکە هەوڵ دەدات لە هەڵەکانی ڕابردووی لە باشووری کوردستان سوود وەربگرێ. دەزانێ لە هەرێمی کوردستان بۆشایی ئۆپۆزسیۆن هەیە و دەنگی ناڕەزایی لە شەقام دەبیسترێ. ئەوەش بەدەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی مۆرکی ئۆپۆزسیۆنبوون لە باشوور وەربگرێ. هەڵوەشاندنەوەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و دامەزراندنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان ئامادەکاری پێشوەختی پەکەکەیە بۆ ئەو قۆناغە. چونکە تەڤگەر دەتوانێ دەنگە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن کۆبکاتەوە. دەستپێشخەریەکەی چیای شەنگالیش هەوڵێکی لەم جۆرەیە. پەکەکە لە شەنگال بانگی دەنگی ناڕازیی شەقام دەکات و داوای هەماهەنگییان لێدەکات. بەمجۆرە خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی نوێی ئۆپۆزسیۆن ڕادەگەیەنێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کانتۆرەکەی پارتی

ئەم هەفتەیەش گۆشەکەم دەربارەی کانتۆنە. بەڵام ئەمجارە باسی ئەزموونێکی نوێ و دەرهاویشتەی سیاسەتی هەڵەی پارتی لە شنگال و دەوروبەری دەکەم. هەرچەندە پەکەکە مەیلی دامەزراندنی کانتۆنی شنگالی هەیە، بەڵام ئەوە ناکرێت و روونادات. پارتیش لەجیاتی ئەوەی هەڵەکانی راست بکاتەوە، شەڕی راگەیاندن لەدژی کانتۆنێکی رانەگەیەندراو دەکات.

لەماوەی کەمتر لە چل رۆژدا دوو جار چوومەتە سەر چیای شنگال. جاری یەکەم کە چووم هەمووی چەند رۆژێک بوو رێگەی نێوان دهۆک-رەبیعە-چیای شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرابوو. ئەوکات هێشتا دۆشکە و هاوەنی داعش دەیانتوانی ئەو رێگەیە بپێکن کە پێیدا دەچووینە سەر چیای شنگال. خەڵکی ئەو ناوچەیەش تازە لە قۆناغی وەرگرتنی کۆمەکە فریاگوزارییە سەرەتاییەکاندا بوون. ئەوکات ئێزدییەکانی دەڤەری شنگال بیریان لەلای دوو شت بوو: یەکەم، کەی شنگال ئازاد دەکرێت؟ دووەمیش، ئەو ماڵە عەرەبانەی لە ناوچەکانیان ماونەتەوە بۆچی لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێن؟ زۆر لە ئێزدییەکان لەوە دڵنیان کە جارێکی دیکە ناهێڵن ئەو عەرەبانەی کاتی خۆی بۆ تەعریبکردنی کوردستان هێنراونەتە ناوچەکانیان، لەوێ بژین. چونکە، وەک ئەوان دەڵێن، ئەو عەرەبانە دوو گوناهی گەورەیان کردووە. یەکێکیان ئەوەیە کە کوردستانیان تەعریب کردووە، دووەمیش ئەوەیە کە خیانەتیان لە ئێزدییان کرد و دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کرد. بۆیە من بە چاوی خۆم بینیم کە گوندی چۆڵکراوی عەرەبان، دوور لە چاوی پێشمەرگە، ئاگری تێبەردەدرا. هەندێک لەو گوندانەش کە خەڵکیان تێدا مابوو، پێشمەرگە دەیپاراستن و نەیدەهێشت کەس دەستدرێژییان بکاتە سەر.

سەفەری دووەمم بۆ دەڤەری شنگال هەفتەی رابردوو بوو. ئەمجارە هەموو شتێک گۆڕابوو. چل رۆژ بەسەر شکاندنی گەمارۆی سەر چیای شنگالدا تێپەڕیبوو، ئێزدی بیریان لە قۆناغی پاش گەمارۆ دەکردەوە. هەفتەیەکیش بوو ئەوەی پەکەکە پێیدەڵێت "ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن" و پارتی پێیدەڵێ "کانتۆن" راگەیەندرابوو. گەنگەشەی گەرمی شەقامی ئێزدییان لەسەر ئەوە بوو کە بەڕاستی ئەو ناوچانەی ئەوان چیی پێویستە؟ بکرێتە کانتۆن، پارێزگا، هەرێمی سەربەخۆ لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا یان رەوشێکی دیفاکتۆی هەبێت لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا؟ لەو ناوچەیەدا خەڵک لەنێوان ئەو هەموو بژارانەدا دابەش بوون. هەندێکیان بە کانتۆن دەڵێن "فیلم کارتۆن"، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن "پارتی لە ساڵی 2003وە دەرفەتی ئەوەی هەبوو پیشانی بدات چیی بۆ ئێزدییان پێدەکرێت و هیچی پێنەکرا. بۆیە لە کانتۆن کەمترمان ناوێت. هەندێکی دیکەش هەن پێیان گرنگ نییە ئەو ناوچەیە دەبێتە کانتۆن، کارتۆن یان کانتۆر یان هەر شتێکی دیکە، گرنگ ئەوەیە گەرەنتییەک دروست بێت کە جارێکی دیکە ئێزدی فەرمانیان لەدژ نەکرێتەوە و قڕ نەکرێن.

بە بڕوای من بۆچوونی سێیەم راستترینە. بۆ گرووپێک کە بەهۆی نەتەوەکەیەوە نا، بەڵکو بەهۆی ئایینەکەیەوە زیاتر لە حەفتا شاڵاوی قڕکردنی لەدژ کراوە، هیچ گرنگ نییە ناوی ئەو قەوارەیە چی دەبێت کە لە ئایندەدا بۆی دروستدەکرێت. گرنگ ئەوەیە هەرگیز ئەو قڕانە دووبارە نەبێتەوە.

ئەو رەخنەیەی ئێزدییەکان لە پارتیی دەگرن ئەوەیە کە لە ساڵی 2003وە لە ناوچەکانیاندا فەرمانڕەوایە، کەچی قەت هێندە متمانەی بە ئێزدییان نەبووە تا وابکات خۆیان کاربەدەستی خۆیان بن. هەر لە بەرپرسانی باڵای لقی پارتییەوە بگرە تاوەکو نوێنەری سەرۆکی حکومەت، کە پارتییە، کەسی نائێزدین. بۆیە، هەرچەندە ئەوە روونە کە دامەزراندنی کانتۆنی شنگال بیرۆکەیەکی ناواقیعییە، بەڵام پارتی رێگەیەکی سەختی لەپێشە بۆئەوەی سەرلەنوێ متمانەی ئێزدییان بۆ لای خۆی رابکێشێتەوە. هەنگاوی یەکەم لەو رێگەیەشدا ئەوەیە کە وابکات ئێزدی هەست بکەن بڕیاردەرن نەک بڕیاروەرگر.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# کانتۆن کفرە؟

هەنگاوەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ دامەزراندنی کانتۆنێک لە شەنگال کاردانەوەی توندی لە باشووری کوردستان لێکەوتەوە. دنیایەک رەخنە لە PKK گیرا. کاردانەوەکان لە رەخنەوە چوون بەرەو شپرزەیی و پەنیک. میدیا نەیارەکانی PKK گرنگییەکی زیاتر لە خۆیان پێدا و بە جارێ بابەتی رۆژی وڵاتەکە بووە شتێک بە ناوی "کانتۆنی شەنگال". ئەمەش لەڕاستیدا کاریگەری پێچەوانەی دروستکرد و خزمەتی پرۆژەی "کانتۆنی شەنگال"ی کرد.

بە بۆچوونی من ئەو شتەی پێیدەڵێن پرۆژەی "کانتۆنی شەنگال" تەنها گریمانەیەکە، لەبەر ئەوەی هێشتا شەنگال لەژێر دەستی داعشدایە و کێ رزگاری کرد ئەو ئیدارەی دەکات، نەک کێ زووتر ناوێکی لەو ئیدارەیە نا. کەوابوو رێگرتن لە روودانی ئەو گریمانەیەش چی زوو ئازادکردنی ئەو شارۆچکەیەیە لەلایەن پێشمەرگەوە.

راستە ئەم هەنگاوەی PKK تا بڵێی ناوەخت و ناجۆر بوو. سوود وەرگرتن لە دۆخی نائاسایی ناوچەکە بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ هەڵوێستێکی تا بڵێی نامەسئولانەیە، بەڵام ئایا ئەو قۆناغە چی بوو کە ئێمەی گەیاندە ئەمڕۆ؟ هۆکارەکان چی بوون؟ خودی کانتۆن خراپە؟ کفرە؟ ئایا ناتوانرێت وەک شێوازێکی دەسەڵات سوودی لێوەربگیرێت؟

با سەرەتا شیکارییەک بۆ ئەو قۆناغە بکەین کە رێگەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی ئەم بارودۆخە نائاساییە. کاتێک داعش لە عێراقی جیاکردینەوە، هەرێمی کوردستان بڕیاری پاراستنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی دا. ئەمە بڕیارێکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام هەموو پێشهاتەکان ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە هەرێمی کوردستان بەڕاستی ئامادەی ئەوە نەبوو لەپڕ ماددەی 140 جێبەجێ بکات.

دەسەڵاتی کوردی کە لە ئیدارەیەکی 5 ئیرادەیی، 2 سوپا و 3 شار پێکهاتووە، ئامادە نەبوو بۆئەوەی لەپڕ خاکێکی فراوانی هێندەی فراوانیی ئەو 3 شارەی خۆی بکەوێتە بەردەست. لەو بارە نالەبارەدا بیپارێزیت و ژیانی ئاسایی تێیاندا بەردەوام بێت.

ئەوەبوو رووبەڕووی ئەو قەیرانە گەورانە بووەوە کە هێندەی نەمابوو نەک ماددەی 140 لەدەست بدەین بەڵکو هێڵی 36یش بکەوێتە ژێر مەترسییەوە. کوردستان بە هەر 5 پارتەکەیەوە بۆچی ئامادە نەبوو میکانیزمێکی تۆکمەی هەبێت بۆ گەڕاندنەوە و پاراستنی خاکە داگیرکراوەکەی خۆی، لە کاتێکدا کە ئەوە گەورەترین بانگەشەی سیاسی هەر پێنجیان بوو؟ ئەمە پرسیارە گەورەکەیە. هۆکاری سەرەکیش کە رێگەی خۆشکرد بۆ PKK هەوڵی دروستکردنی هەیمەنە بدات لەو ناوچانە، هەر ئەم ئامادەنەبوونەی هەرێمی کوردستان بوو.

ئێستا هاوکێشەی 1 ئیدارە و 2 سوپا و 3 شار، سوپای PKK و چەند شارێکی دیکەی بۆ زیاد بووە، کە من نازانم لە کوێدا و چۆن جێگایان بکەمەوە، نازانم هەموو ئەمانە چۆن کاریگەرییان لەسەر ئیدارە 5 ئیرادەییەکە دروستکردووە؟ پێنج ئێستا بووە بە چەند و کێ هاوپەیانی کێیە و ئێران و تورکیا لە کوێی ئەم یارییەدان؟

هەرچۆنێک بێت، ئەمە باری ئەمڕۆی کوردستانە. تێکەڵەیەک کە هێندە ئاڵۆزە، کەس سەری لێدەرناکات. لە راستیدا ئەم بارە زۆر جیاواز نییە لەوەی کە لە مێژوویشدا هەر پێوەی ناڵاندوومانە. گەر وا بڕوات لە ئایندەش بەرۆکمان بەرنادات.

کەوابوو ژیرانەترین شت ئەوەیە بیر بکەینەوە لەوەی چۆن بەم بارەوە دەتوانین وڵات بەڕێوەبەرین. چ سیستەمێک لە ناوەندی ئەم ئاڵۆزییەدا دەتوانێ دەسەڵاتێکی بەهێز دروست بکات؟ چ شێوازێکی بەڕێوەبردن لە ناوەندی ئەم فرە ئیرادەییەدا دەتوانێ ئیدارەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنێ؟

وابزانم باشترین سیستەمی دەسەڵات بۆ وڵاتی ئێمە سیستەمێکە وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند یەکەیەکی بچووکی ئیداریدا کە خۆیان کاری خۆیان بەڕێوەدەبەن. کۆکردنەوەی ئەو یەکانەش لە 2 ئەنجوومەنی یاسادانانی نیشتیمانی کە یەکیان نوێنەرایەتی یەکسانی یەکەکان دەکات و ئەوی دیکە نوێنەرایەتیان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووان. سەرۆکێکیش کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی راستەوخۆ نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، سەرۆک سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانە و سەرۆکایەتی سوپایەکی نیزامی دەکات.

ئەگەر راستت دەوێت، ئەمە هێندە دوور نییە لەو شتەی PKK پێیدەڵێ کانتۆن، لەو پراکتیزەیش نزیکە کە لای خۆمان پێیدەڵێن "حکومەتی لۆکاڵی" بۆ ئیدارەی پارێزگاکان. بەڵام ئەوەی کە من پێشنیازی دەکەم بەیاساییکردنی ئەم پراکتیزەیە بە کۆمەڵێک گۆڕانکارییەوە کە خزمەتێکی زیاتر بە بارودۆخەکە بکات.

با دابەشکردنی ئیداریی وڵات لەسەر ئاستی قەزاکان بێت، ناوەندی هەر یەک لە پارێزگاکان لەگەڵ سەرجەم قەزاکانی دیکە هەر یەک ببنە یەکەیەکی ئیداریی سەربەخۆ. جا ناوی دەنێن، ویلایەت، کانتۆن، ئیدارە یان هەرشتێک. گرنگ ئەوەیە کە چەند یەکەیەکی سەربەخۆ بن و هەمووش پێکەوە بەشدار بن لە دانانی یاسا بۆ وڵات.

ئەمە لەلایەک رێگەچارەیەک دەبێت بۆ کێشمەکێشە سیاسییەکان، لە لایەکی دیکەش چارەسەرێک دەبێت بۆ رۆتینات و کەموکوڕییە ئیدارییەکان کە ئێخەی ئەم وڵاتە بەرنادەن. بۆ نموونە کەسێک کە لە ئیدارەی سەربەخۆی هەڵەبجە یان زاخۆ یان کۆیە دەژی، پێویستی بەوە نامێنێ بۆ جێبەجێکردنی مامەڵە فەرمییەکانی بگاتە یەکێک لە شارەکانی سلێمانی، دهۆک یان هەولێر.

لەسەر ئاستی نیشتیمانیش دەتوانرێت سەرۆکێک لەگەڵ جێگرەکەی یان دەردی PKK دەڵێن "هاوسەرۆک"ەکەی هەڵبژێردرێت کە لە ناوەندەوە ئیدارەی سیاسەتی گشتی وڵات دەکات. ئەو کات ئەگەر سکرتێر یان وەزیرەکانیشی کەسانی بێلایەنی تەکنۆکرات بن ئەوا هەزار قات خزمەتی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کوردستان دەکات.

کەوابوو خودی کانتۆن کفر نییە، بەڵام هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتی دیفاکتۆ بۆ بێهێزکردنی ئەزموونی کوردستان هەڵەیە. دەستپێکردنی دیبەیتێکی نوێیش لێرەوە بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی سیستەمی ئیداریی کوردستان هەنگاوێکی ژیرانە دەبێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شەڕەنگێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دیل سەردەبڕن و خەڵکی مەدەنی دەکوژن و هەڕەشە دەکەن هەر کەسێک بڕوای بەوە نەبێت کە ئەوان بڕوایان پێیەتی جینۆسایدی دەکەن. جیهادیە فەڕەنسیەکان کاریکاتێریست و پۆلیس و بازاڕکەرانی جوو لەناوجەرگەی پاریسدا دەکوژن. بۆکۆ حەرام کچانی لاو دەفڕێنن و کوشتوبڕ لە ئەفریقادا بڵاودەکەنەوە. تاڵیبان خوێندکارانی هەزرەکاری خوێندنگەکانی پاکستان دەکوژن. حەماس بەڵێن دەدات کە ئاشتی لەگەڵ جوو ناکەن و دەڵێن "تەنیا لە ژێر سێبەری ئیسلامدا دەکرێت شوێنکەوتووانی سێ ئاینە سەرەکیەکە بە ئاشتی بژین."

شێت و شێواوەکانی جیهانیش پێماندەڵێن "ئەمانە هیچیان پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە". ئاشکرایە کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە. من شارەزای بواری ئاین نیم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە هەموو ئاینێک تێکستی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە و شوێنکەوتووانی دەتوانن کام بەشەی خۆیان دەیانەوێت هەڵیبژێرن. هەروەکو شوێنکەوتووانی ئاینی یەهودی و مەسیحی، موسڵمانان دەتوانن ئاماژە بە دەقی وەکو "زۆر لە دیندا نییە" و ئاماژە بەو ئایەتانە بکەن کە باسی لێبوردەیی دەکەن. یان دەتوانن ئاماژە بەو دەقانەی دیکە بکەن کە بانگەشەی شتی دیکە دەکەن، وەکو "ترس دەخەمە دڵی بێ باوەڕانەوە. لە گەردنیان بدەن و سەرپەنجەکانیان بپەڕێنن". ئەم دەقانە دەکرێنە بیانوو بۆ ئەنجامدانی هەرشتێک. کاتێک کە ئاین و سیاسەت لەیەک مارە دەکرێن، سیاسەتمەدارەکان بە ئارەزووی خۆیان ئەم بیانووانە بەکاردەهێنن. تێکهەڵکێشانی ئەم دووانە پرۆسەی سیاسی دەکوژێت. لێبوردن و رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ کەسێکدا کە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی بزانێ و یان وا لە خەڵکی بکات کە بە نوێنەری خوای دابنێن لەسەرزەوی، زۆر ئەستەمترە. بەم شێوەیە باوەڕ بۆ دەستکەوتی سیاسی رۆژگار بەکاردەهێنرێت. لە هەندێک باری دیکەدا ئەوانەی کە بانگەشەی باوەڕ دەکەن، بۆ خۆیان هیچ دەربارەی باوەڕەکەیان نازانن. زۆر لەمەوبەر مارک توەین ئاماژەی بەمە داوە "لە ئاین و سیاسەتدا، باوەڕی کەسەکان باوەڕی دەستە دوون و بەبێ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵە کەسێکی دیکەیان وەرگرتووە. بێ ئەوەی ئەو کەسانەش لێکۆڵینەوەیان لە باوەڕەکانیان کردبێت، ئەوانیش لە کۆمەڵە کەسێکی دیکەیان وەرگرتووە، ئەو کۆمەڵە کەسەش لێکۆڵینەوەیان لە بڕواکانیان نەکردووە و بۆچوونیشیان بەهای تەڕە پیازێکی نییە".

زۆر لە شرۆڤەکارانی سیاسی هاوڕان لەسەرئەوەی کە ئاین لەلایەن ئەکتەرە سیاسیەکانەوە وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنرێت و ئاماژە بە سەرهەڵدانی ئەم دواییانەی ئیسلامی سیاسی دەکەن. زۆر لە مێژ نییە ئافرەتانی پایتەختەکانی وەکو قاهیرە و تاران و پایتەختەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنورەی کورتیان لەبەردەکرد و دوا مۆدێلی قژیان هەڵدەبژارد. لە زانکۆکان دەیانخوێند و شانبەشانی پیاوان کاریان دەکرد. سۆسیالیزمی عەرەبی سێکولار هەموو لایەکی تەنیبوو. لە تورکیاش ناسیۆنالیزمی تورکی مەیلەو رۆژئاوایی کەمال ئەتاتورک وڵاتی داپۆشیبوو، هەروەکو چۆن لە ئێرانیش شا هەوڵی دەدا کۆپیەکی سیستەمی کەمالیزم لە ئێراندا جێگیر بکات.

ئایدیۆلۆژییەکانی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان بەڵێنی ئازادی لە چنگی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیان دەدا و بەڵێنی پاراستنی کەرامەت و ئارامی و ژیانێکی باشتریان بۆ هەموو کەس دەدا. بەڵام خەڵکی رووبەڕووی نیۆ-کۆلۆنیالیزم (کۆلۆنیالیزمی نوێ) بوونەوە و رووبەڕووی شەڕی قورس و ئابڕووچوون بوونەوە لەسەردەستی دیکتاتۆرە ناوخۆییەکان و هەژاری و چەوساندنەوەیان بینی. کاتێک کە سۆشیالیزمی لۆکاڵی و فاشیزم شکستیان هێنا، ئینجا پارتە کۆمۆنیستەکان بەڵێنی ئۆمێدی سیاسییان دەبەخشی، زۆرجار ئەو پارتانە گەورەترین پارتی بەرهەڵستکاری وڵاتانی عەرەبی و ئێران بوون. بە هاوکاریی ئەمریکا نارەزایی کۆمۆنیستەکان لەسەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەوێنرانەوە. کاتێک کە یەکێتی سۆڤیەت رووخا، ئیتر هیوای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کۆتایی هات. هەر لەم سەردەمەدا، خولیای ئیسلامیزم گەورە بوو.

ئێستا ئەو ئەڵتەرناتیڤە ئیسلامیەش وا خەریکە رەونەقی نامێنێ. تەنانەت چەمکی ئیسلامی میانڕەوییش لە پاشەکشەدایە. ئەگەر لە ئێران هەل بۆ خەڵکی بڕەخسێت هەر سبەینێ حکومەتێکی سێکۆلاری مەیلەو رۆژئاوا هەڵدەبژێرن. دەیان هەزار میسری وازۆیان کۆکردەوە تاوەکو محەممەد مورسی لەسەر دەسەڵات لاببەن. لە تورکیا تێکەڵەی "ئیسلامی - لیبراڵی" ئەوەی کە رۆژئاوا زۆر بەشانازییەوە بە باڵایدا هەڵدەگوت، وا لە کاڵبوونەوەدایە و بەرەو تێکەڵەی "ئیسلامی-گەندەڵی- تاکڕەو" دەڕوات. لە تونس لە دوایین هەڵبژاردندا، دەنگدەران حکومەتێکی سێکۆلاریان هەڵبژارد لە کاتێکدا کە لیبیا بە شەڕی ناوخۆی ئیسلامیەکانەوە گیرۆدە بووە.

هەموو ئەمانە رەنگە بۆ کەسێکی ئاسایی کە بەدوای ئایدیۆلۆژیایەکی ئەڵتەرناتیڤدا دەگەڕێت هەواڵی ناخۆشن. ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش رەنگە زۆر پەشیمان بن کە رۆژێک لە رۆژان هاوکاریی دەسەڵاتدارانیان دەکرد تا کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان سەرکوت بکەن. ئەوانەی کە هەرچەندە بێ کێشە و هەڵە نەبوون، بەڵام زۆر لە دەوڵەتی ئیسلامی باشتر بوون.

ئێستا ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر نۆبڵ و بێڕەنگ لە سەرهەڵداندایە. کوردی سووریا و تورکیا، لە ژێر ئەو هەموو دۆخە نالەبارەدا، بزووتنەوەیەکی سیاسیان دەستپێکردووە و لقێکی مۆدێرنی ئیگالەتێری و لۆکاڵ و دیموکراسی راستەوخۆ تاقیدەکەنەوە. لە جیهانێکدا کە هەمووان خەون بە راگرتنی پەتای ئیسلامیزمەوە دەبینن، مرۆڤ پێیوایە کە دەبوو تۆزێک زیاتر بایەخ بە هەوڵێکی سێکولاری لەوشێوەیە بدرابایە، یان هیچ نەبێت تۆزێک زیاتر بە هەوڵێکی لەو شێوەیە دڵخۆش بووینایە. بەڵام وەکو دەبینین گفتوگۆی جددی لەسەر "خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی" بە ئەستەم لە میدیاکاندا دەبیسترێ.

لەبەرئەوە لە کۆڵۆمی داهاتوودا ئەو هەوڵانە باس دەکەم.



ئازاد وەڵەدبەگی*

# ئایندەی فیدراڵیەت لە عێراق

زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە کورد بۆ یەکەمجار لە عێراقدا بیری فیدراڵیەتی هێناوەتەئاراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی خۆی، بەڵام لەڕاستیدا، یەکەمجار لە کۆنگرەی قاهیرە لە 12/3/1921 سێر پرسی کوکس، ئەم بابەتەی خستە بەرباس و پاشان مەلیک فەیسەڵی یەکەم و ئەفسەرەکانی دەوروپشتی، لە هەمان ساڵدا بۆ رازیکردنی بەریتانیا و پەلکێشکردنی کورد بۆ ناو دەوڵەتە تازەکەی خۆیان، بیری فیدراڵیەتیان جووڵاند، بەڵام هەرگیز جێبەجێیان نەکرد. لە راستیدا، ئەوان هەر لە سەرەتاوە بیری فیدراڵیەتیان وەک تاکتیک بەکارهێنا بۆ چەواشەکردنی کورد و بەریتانیا و هەرگیز وەک ستراتیژ باوەڕیان پێی نەبووە، چونکە هەر پاش لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە، ئیدی دروشمەکەی خۆیان لەبیرکرد و لەبیر خەڵکیشیان بردەوە.

پاش 71 ساڵ، ئەمجارەیان کورد لە ساڵی 1992 لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا کە فیدراڵیەت وەک شێوازی چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق دیاری بکات. پاش تێپەڕبوونی 23 ساڵ لەو رۆژگارە، بەکردەیی دەرکەوت کە فیدراڵیەت لەم وڵاتەدا شیاوی پیادەکردن نییە. ئەمەش ئەو قەناعەتەی لای کورد دروست کرد کە دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە. هەربۆیە بەرەبەرە کوردیش قەناعەتی بەو دروشمە لاواز بوو، تا ئەو رادەیەی کە کوردیش ئێستا وەکو ستراتیژ باوەڕی بە فیدراڵیەت نەماوە. بەکردەیی دەرکەوت فیدراڵیەت ناتوانێ خواست و ئارەزووەکانی کورد بەدی بهێنێ و ئەو ئایندەیەی بۆ مسۆگەر بکات کە ئەو بە ئاواتی دەخوازێت. ئەم راستیەش نەک هەر لە شەقامی کوردی بەڕوونی رەنگیداوەتەوە، بەڵکو لە وتە و لێدوانەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی سەرکردەکانیشیدا بەرچاو دەکەوێ. دواجار سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە سمیناری ئەم دواییەی ئینستتیوتی مری لە هەولێر، بە راشکاوی گوتی کە فیدراڵیەت لە عێراقدا شکستی هێناوە. هەربۆیە بەڕوونی دیارە کە کوردیش فیدراڵیەت تەنها وەک تاکتیک بەکاردەهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەی، واتە سەربەخۆیی کوردستان.

عەرەبی شیعەش کە لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن و سەرەتای رووخانی بەعسدا هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان دەسەڵاتی عێراق بکەوێتە دەستیان، هەندێک جار بە نووزەوە باسیان لە فیدراڵیەت دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی دەستیان بەسەر دەسەڵاتی عێراقدا گرت، ئیدی نەک هەر ئەو دروشمەی جارانیان لە بیر خۆیان بردەوە، بەڵکو دژ بەخواستی فیدراڵیەتی سوننە و تەنانەت کوردیش وەستانەوە و تا سووریان دی سەمایان لەبیر چووەوە. ئەمڕۆ شیعەش لە ریزی نەیارانی فیدراڵیەتدان، نە بۆ خۆیان باوەڕیان پێیەتی، نە بۆ کورد و سوننەش و ئامادەش نین دەسەڵات دابەش بکەن. ئێستا ئەوانیش قەوانە کۆنەکەی عێراقی یەکپارچە لێدەدەنەوە. لەڕاستیدا شیعەش فیدراڵیەت وەک تاکتیک بۆ ئەم قۆناغی راگوزەرە بەکاردەهێنن، هەتا پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان بەهێزتر و پتەوتر دەکەن.

عەرەبی سوننەش هەر لە سەرەتاوە بە توندی دژی فیدراڵیەت بوون و سەری زەمان و بنی زەمانیان عێراقی یەکپارچە و مەزن بوو. ئەوانیش پاش ئەوەی دەستیان لە بنی هەنبانەکەوە دەرچوو، بۆیان دەرکەوت ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە ئەوان شینی بۆ دەگێڕن. هەربۆیە بۆ کەمکردنەوەی گوشاری شیعە لەسەر خۆیان و فەرمانڕەوایی ناوچەکانی خۆیان، وایان بە باشی زانی لەم قۆناغەدا فیدراڵیەت لەو ناوچانەدا پیادە بکەن، وەک دەڵێن زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوانیش فیدراڵیەت تەنها وەکو تاکتیک بۆ ئەم قۆناغە بەکاردەهێنن و ئەگەر دەستیان بڕوات، بۆ چرکەیەکیش باوەڕیان پێی نییە.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە فیدراڵیەت هەر لە سەرەتاوە پرۆژەیەکی نەزۆک و شکستخواردوو بووە و هەرگیز لە توانایدا نەبووە چارەسەری کێشە نەتەوەیی و تایفییەکانی ئەم وڵاتە بکات کە ناوی عێراقی لێنراوە. بەڵگەشمان بۆ ئەم راستییە، ئەزموونی بە کردەیی شکستخواردووی فیدراڵیەتە، چ لە ساڵی 1921 کە لە لایەن عەرەبەوە پێشنیاز کرا، چ ئەوەی دووەمیان کە هەر لە ساڵی 1992وە کورد هەوڵی بۆ دەدات و دواجار لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی 2005ی عێراقدا جێی بۆ کراوەتەوە. ئەوەی بە کردەیی بینرا ئەوە بوو کە فیدراڵیەت لەم وڵاتەدا بووەتە مەرەکەبی سەر کاغەز و هیچکام لە لایەنە سەرەکییەکانی عێراق، وەک ستراتیژ باوەڕیان پێی نییە، بەڵکو هەموو لایەنەکان تەنیا وەک تاکتیکێک لەم قۆناغی راگوزەرەدا بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورمەوداکانی خۆیان.

لە راستیدا، ئامانجە دوورمەوداکان بۆ کورد سەربەخۆیی کوردستان و بۆ عەرەبی شیعە عێراقی یەکپارچە بە هەژموونی شیعە و بۆ سوننەش عێراقی یەکپارچە بە هەژموونی سوننەیە. ئەم ئامانجانەش، سێ ئامانجی ناکۆک و دژ بەیەکن کە ناتوانن پێکەوە بگونجێن و هیچ دەرفەتێک بۆ یەکخستنی گوتار و کردار لە نێوان ئەم سێ پێکهاتەیەدا ناهێڵێتەوە. دەرئەنجامی ئەم پێکەوە هەڵنەکردنەش ئەوەیە کە بیری فیدراڵیەت لە عێراقدا، شیاوی پیادەکردن نییە و ئایندەیەکی روون بۆ فیدراڵیەت لەم وڵاتەدا بەدی ناکرێ.

* ماستەر لە یاسای گشتی

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئینسا کچە گۆرانیبێژی ئەلبانی بۆ (رووداو):

# کوڕی کورد زۆر قۆزن

« 12

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




| پاکێجەکان | ماوەی خزمەتگوزاری | نرخ | قەبارە |
|---|---|---|---|
| ئێکسترا پڵەس | 30 ڕۆژ | 90,000 د.ع | 40 گێگابایت |
| ئێکسترا VIP | 30 ڕۆژ | 60,000 د.ع | 20 گێگابایت |
| ئێکسترا | 30 ڕۆژ | 40,000 د.ع | 10 گێگابایت |
| لاو | 30 ڕۆژ | 30,000 د.ع | 1 گێگابایت + شەوان بەخۆرایی (11ی شەو - 6ی بەیانی) |
| مانگانە | 30 ڕۆژ | 20,000 د.ع | 2 گێگابایت |
| هەفتانە - 1000 | 7 ڕۆژ | 10,000 د.ع | 1,000 میگابایت |
| هەفتانە - 500 | 7 ڕۆژ | 5,000 د.ع | 500 میگابایت |
| بەکیلوبایت | 30 ڕۆژ | 0.60 د.ع/ کیلۆبایت - لەکاتی تلەبو<br>0.24 د.ع/ کیلۆبایت - بەدەر لەکاتی تلەبو | |

